


بەرهەم ٦

گۆڤاری فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی
ساڵی ٤ ژمارە ٦ پایز و زستانی ٩٢ی هەتاوی

نالی و نەندیشە و بیری مرۆڤایەتی
حەریق مانگەشەوی شەوانە شێعر و شەیدایی
مایاکۆڤسکی، هونەرمەندی خەباتگێڕ
ڕوانگە، شێوازی گێڕانەوە
وتوێژ لەگەڵ سەید عەلی ساڵەحی - چنار نامق و محەممەدرەزا





بەرهەم ٦

گۆڤاری فەرهەنگی و هـــونەری ئەدەبی
ساڵی ٤ ژمارە ٦ پایز و زستانی ١٣٩٢ی هەتاوی

دەستەی نووسەران:

مریەم قـازی ـ هەرمـان وەتـمانی ـ شەویار گولابی ئازەر

سەروتار.....٢
نالی و ئەندێشە و بیری مرۆڤایەتی ـ عەلی حسەینی.....٣
حـەریق مانگەشەوی شەوانە شێعر و شەیدایی ـ مێهرداد پامیدی‌نیا.....٨
لێکدانەوەی شێعری شاڵ ـ پەسوڵ ئامادەپوور.....١٣
مایاکۆڤسکی، هونەرمەندی خەباتگێڕ ـ بابەک سەحرانەوەرد.....١٨
بە تراژیدیابوونی بوونگەرا ـ ڕزگار عەلی.....٢٠
فەزیلە خان ـ سامان خزری.....٢٦
ڕوانگە، شێوازی گێڕانەوە ـ شەریف فەلاح.....٢٨
ڕیچارد براتیگان ـ خالید چەڵەبی.....٣٢
کورتەیەک لە ژیانی "والّت ویتمەن" ـ ئەرسەلان چەڵەبی.....٣٥
وەرگێڕانی شێعری چینۆ ئاچێبێ ـ غەفوور پیرزادە.....٣٧
وەرگێڕانی دوو کورتە چیرۆکی هێرتا مولێر ـ هەرمان وەتمانی.....٣٩
هێونی شەوانە ـ هاجەر پەرویزنیا.....٤١
چیرۆکی: زێنەب بابایی، وەنەوشە چەوگانی، چرۆ، گەلاوێژ بەیگنیا، جەلیل ڕەحیمی و.....٤٢
شێعری: هێمن سۆهرابی، عەزیز فازلی، سەیید نەجمەدین ئەنیسی، شەویار گولابی‌ئازەر و.....٥٧
دیمانەیەکی تایبەتی بەرهەم لەگەڵ شاعیر و ڕەخنەگر " ئەحمەد ڕەزا" ـ ئا: هەوار خزرزادە.....٧٢
دیمانەیەک لەگەڵ چنار نامق ـ ئا: عەبدوستار جەباری.....٧٦
پێشەکییەک بۆ وتووێژ لەگەڵ سەید عەلی سالّەحی ـ عادڵ قادری.....٨٠
وتووێژ لەگەڵ سەید عەلی سالّەحی ـ ئا: عادڵ قادری.....٨٨
ڕێورەسمی کرانەوەی بنکە و چەند ڕێپۆرتاژی تر.....٩٦


بەرهەم گۆڤاری ناوخۆیی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد ئامادەی وەرگرتنی ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئێوەیە، هەروەها دەتوانن بۆ ناردنی بابەت پێوەندیمان پێوە بکەن.

Edebi.meh@gmail.com
Edebi-meh.blogfa.com

هەرچـــی ئەم گۆڤـــارە چاپـــــــی دەکا حوکم نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ بابەتەکان دێنە سەر ڕێنووسی گۆڤاری بەرهەم

نیلسۆن ماندێلا بۆ هەمیشە مایەوە!

من ئەقیانووس و دەریا نیم،
لە قوولایی مژێکەوە هاتبێمەوە...
میترا بە هەزار چاو و گوێ
ڕێنوێنی ڕێگاکەم ناکات
پەنجەکانم بە کۆڵەکەی ئاسمانەوە، "دادار" نەبووە
خوا چاوەدێری من ناکات...
مرۆڤێکم! هەوایەکی پاکم دەوێ بۆ هەڵمژین
دڵێک ئەویندارییم بکات؛
دوگمەی حەزم بترازێنێ،
پەنجەکان و لێوەکانم ئەرزانی بێ...
ئەم ڕێگایە ڕێ بە هەنگاوت ون ناکا
ئەم دەریایە لێوەکانت وشک ناکا
خۆشەویستی، ولاتی "عەشق" بزر ناکا...



بە درێژایی مێژوو بەشەر لە حەولی چاکەسازیدا بووە. چاکەسازی بۆ دابینبوونی ژیانێکی شیاو و گونجاو لە جێگە و پێگەی مرۆڤایەتی، بۆ سڕینەوەی ئاسەواری نەخۆشی و نەزانی و ناکارامەیی و قەرەبووکردنەوەی هەڵە کارەساتئامێزەکان، بۆ دەستەمۆکردنی سەرهەڵگرتنە چەوتەکان لە لایەن تاقمێکەوە کە دەیانەوێ جوانی و لەباری جیاوازییەکان بشارنەوە و بسڕنەوە، تاکدەنگی و تاکڕەنگی بەسەر چەند دەنگی و چەند ڕەنگیدا زاڵ بکەن. ئەو تاقمەی کۆک نابنەوە بە سەر ئەوەدا کە هەموو ڕەگەز و چینوتوێژێک، مافی ژیانیان هەیە بێئەوەی کەس هەبێ دەسڕێژی بکاتە سەریان یاخود بۆ خۆیان ببنە مەترسی و هەڕەشە بۆ تاقمێکی تر.

ئەم هەمووە ئاڵۆزییە و گرفت و خوێن و هەنگامەیە، ئاکامی تێکهەڵچوونی گەمژانەی ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانەیە. ئەم هەڵوێستە نەگونجاوانە، ڕێگای ئەم بیرە دڵتەزێنەمان پێدەدات کە سەردەمی ئێستا لە ناوچەدا بە سەردەمی "کوێرەڕەنگی" ناوزەد دەکەین. "نیلسۆن ماندێلا" هەموو حەولی خۆی دا، خۆشەویستی جێگری ڕەگەزپەرەستی، زوڵم، ڕق و هەڕەشە بکات و سرنجی مرۆڤ بەرەو جیهانی ئەو دیوی خەونەخوازراوەکان ڕابکێشێ. هەر چەند ماندلا تاک کەسێک بوو وەک هەزاران مرۆڤی ئاشتیخوازی چاکەساز، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر کام بە تەنیا جیهانێکن، ناقوسێکن، شۆڕشێکن، قەڵەمبازێکن بۆ تێژتێپەڕکردنی هەنگاوەکانی کۆمەڵگا بۆ بەجێهێشتنی ئەم قۆناغە خوێناوییە. ڕێگایان بەردەوام و ڕێبوار بێت.

مریەم قازی

بەرهەم ۶

نالی و ئەندێشە و بیری مرۆڤایەتی

عەلی حسەینی




گەرچی زۆر تایبەتمەندی هەن کە مرۆڤ لە زیندەوەرانی تر جیا ئەکەنەوە بەڵام بە ڕای من ئەندێشە پێناسەی سەرەکیی مرۆڤە لە نێوان هەموو جوواڵەرانا. تەنانەت ئەو دەمەش کە مرۆڤ ئەشکەوتنشین بوو، بە شێوەیەک هەڵگری وزەی بیر و زەین بوو. ئەوەی مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لەم وزە بەشکۆیە لە هەموو بواریکا هیناویەتە گۆڕەپانی بوون، ئاوی زۆری دەوێ بەڵام من لێرەدا ئەمەوێ دەق کە یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەندێشەی مرۆڤە، بخەمە بەر لێکۆڵینەوە. دەق ئەتوانێ تەنیا لاپەڕە ڕەش کاتەوە و ئەشتوانێ هەڵگری ئەندێشەی قووڵ و بێبڕانەوە بێت. ئەگەر بە ڕابردوودا پیاسە بکەین، بۆمان دەرئەکەوێ هەموو چەشنە دەقێک سەریان هەڵداوە بەڵام ئەوەی زۆرتر لە وزەی بیر و زەین بەهرەمەند بووبێت ڕەنگە چاکتر دەفی خۆی دەنگ دابێت. لەم باسە کورتەدا ئەمەوێ دەقی ئەدەبی و نالی وەکوو سەرچاوەی ئەو بواڕە لە زاراوەی کوردی سۆرانیدا بخەمە بەر تیرێژی سرنج. نالی یەکێک لەو دەنگانەیە کە بە ڕای من هەر چەندە کەم بەڵام خۆشبەختانە ناوبەناو بە پشتبەستن بە ئەندێشە دێتە زمان؛ ئەگەرچی حەزم دەکرد نالی وەکوو پیری شیراز زۆر بەکەمی لەو بواڕە جیا بوایەتەوە و سەری گوریسەکەی تووندوتۆڵ تا کۆتایی بگرتایە. بیری مرۆڤایەتیش یەکێک لەو بوارانەیە کە من ئەمەوێ لێی بدوێم؛ تا بڵێی لای نالی زۆرە. بە هەر حاڵ، بۆ ئەوەی زۆر درێژدادڕی نەکەم ڕاستەوخۆ ئەچمە سەر شێعری نالی.

خوانی زی شانی جیهان هەنگی خۆشاهەنگە وەلێ منیش دەم نۆشم و دوم نێشم و عەکسی عەسەلم

نالی بەم شیرینییە پێمان دەڵێ هەنگێکم وەکوو ئەو هەنگەی ئەیبینی بەڵام هەر کەس ئازارم بدات ناچارم بۆ پارێزگاری لە خۆم عەکسی عەسەل واتە لەسەع یان تاڵ بم. لە وێدا دەمنۆشیش واتە خوێنمژ کە نالی بە خۆی ئەڵێ؛ ڕەنگە ویستبێتی بڵێ هەر کەس مرۆڤئازار و خراپ بێت پێویستە جارجار تەرزەکوتێکی بکەیت تا بە خۆیدا بێتەوە ئەگینا زۆر دووڕە بتوانین بڵێین نالی حەزی لە خوێنمژیی ڕاستەقینە بووبێت. ئەگەرچی ئەکرێ بوترێ لە وێدا دەمنۆش مانای تریشی هەیە بەڵام مانا سەرەکییەکەی ئەوەیە. لێرەدا لایەنی کینایی و خوازەیی زمان بە پشتبەستن بە ئەندێشەی قووڵ کارێک ئەکات کە بەردەنگ ئەخاتە پەلەپڕووسکێ و ناهێڵێ دڵی خۆی ڕاست کاتەوە. کەوابوو ناچارە بۆچوون و ڕاڤەی جۆراوجۆر بێنێتەوە .

سابوونی کەفی پێیە کەفی زاری چاپلووس خاسییەتی ڕەقی هەیە نەرمی زوبانی لووس
ئەی دڵ! خەراجی حاسڵی زوڵماتی بەحر و بەڕ میراتی ئیعتیبارە لە فەرزەندی فەیلەقووس
بونیانی کیبر و سەرکەشییە تاقی کیسڕەوی دانانی زوڵم و ڕووڕەشییە تەختی ئابنووس
گەر فەڕ و تاج و زینەت و شەوکەت وەفای دەبوو بێ دەردی سەر دەمانەوە بۆ تاوس و خوروووس
گەر ئاب و تابی جەننەتی یو دۆزەخیت دەوێ بنواڕە نێوچەوانی بەشووش و بڕۆی عەبووس
بۆ مەشقی عیشقی زوڵفی نیگار و نیگارشی نالی لە خامەدا بووەتە شاهی توڕڕەنووس

هەوالنامەی کتێب



لەم غەزەلەشدا زۆر ئاشکرایە نالی بیری خۆی ئەخاتە کار و زۆر حەقیقەتی عالەمی ژیانمان بۆ دەردەخات و بە پارێز لە هەر چەشنە دروشمێک بە سەرکۆنەکردنی تاقمی پەست و بێئابڕووی ناو کۆمەڵگا، واتە زمانچەوران و خوێرپیانەوە، دەس پێدەکا و پاشان پێمان ڕادەگەیەنێت کە دنیای زۆرداری و نابەرابەری جەستەی خەستە کردووە و بڕستی لێبڕیوە. دەیەوێ بە ملهوڕان و زۆردارانی دەوروبەری بڵێ: کورسی و تاج و تەخت تا سەر بۆ کەس نامێننەوە و واچاکە مرۆڤ لایەنی مرۆڤبوونی چڕ کاتەوە و واز لە دەغەڵی و دزێوی بێنی. نالی ئەیەوێ ئەوەشمان پێبڵێ مرۆڤ ئەتوانێ بە کردەوەی جوان و ناشیرین ببێتە مایەی خۆشحاڵی یان تووڕەیی خۆی و پاداشی خۆی هەر لەم جیهانە کۆنکرێت و بەرهەستەدا وەرگرێت. لە دواین بەیتی ئەم غەزەلەدا، نالی کەڵەشێری خۆی بە لەپەوە لێدەنێ و ئینگلیزی وتەنی پێمان دەڵی come what may. :من لەم عالەمە جوانەی خۆما با بژیم و لەزەت بەرم و دەوڵەمەندانیش با لە دنیای پچووک و سەپۆلانەی خۆیانا بمێننەوە. بەگشتی لەم شێعرەدا، نالی ویستوویەتی ئەوە بدا بە گوێمانا کە ئەو کەسانە وا نغرۆی دنیای سەرمایە بوون هیچ بۆیەکیان بە جوانی و هونەرەوە نییە و چێژی ڕاستەقینە لە ژیان نابەن و شعوور و تێگەیشتنیشیان لە هەموو شت لە ئاستێکی نزم دایە. کەسێک کە پێوەندیی ڕاستەقینەی دەگەڵ دنیای هونەر ببێت ئەزانێ تامی ژیان چییە.

(فاتێحە!) تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم
مووددەتێکی زۆرە پاتەختە لە بۆ خاقانی غەم

حوکمی قانوونی سەفا ڕۆیی لە ڕەومی ڕوومەدا
تا هوەیدا بوو لە ڕۆما گەردی ئاشووبی عەجەم

لەزەتی دنیا کە هیچ و پووچە لای ئەهلی ئەدەب
ئەووەڵ و ئاغازی جەور و دەردە، ئەنجامی ستەم

تۆزی ئایینەی سکەندەر وابەدەم باوە، وەلێ
گەردی دامانی غەریبانە بلووری جامی جەم

بۆ دەکەی تەکلیفی ڕەسمی ئولفەت و یاری لە من؟
کەی بە سوحبەت ئاشنایە سالیکی ڕێگەی عەدەم!

من مەتاعم جاوە، چاوم! با خەبەر بێ موشتەری
تا غەزەل سەودا نەکا لای تاجری چیتی بەقەم

کەی دەکا شەرح و بەیاناتی ڕومووزی دەردی دڵ
ڕووڕەشی هەر وەک دەوات و دوو زوبانێ وەک قەڵەم!

نالیا بی هیممەتی تا کەی بەدەس مێحنەتتەوە
فاتیحی یو ڕۆستەماسا، ساحیبی تیغ و عەلەم

نالی لە هێنانەوەی تەلمیحدا کە ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ بەپێزبوونی بواری فکر و خوێندنەوەی ڕابردوو، لێوەشاوەیی زۆر لە خۆی نیشان ئەدات. لێرەشدا بە کەڵکوەرگرتن لەو ڕازە وێژەییەیە، باری نۆستالۆژیکی ئەم غەزەلە دەباتە سەرەوە و خۆشیی دەورانی ڕابردوو بیری خوێنەر ئەخاتەوە و هەروەها جەور و ستەمی داموودەزگای سەفەویش کە عێراقی پێش نالی لێی بێبەش نەبووە، دێنێتەوە بیرمان. لە بەیتی سێهەمی ئەم غەزەلەدا نالی دیسان ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە هونەرمەندی ڕاستەقینە بەس لە هونەر لەزەت ئەبات و پووڵ و پارە تەنیا بۆ هۆزی دەوڵەمەند و تاقمی سەپۆل باشە. لە بەیتی چوارەمدا، دیسان بە دوو تەلمیحی جوان وەک ئاییەنەی سکەندەر و بلووری جامی جەم پێمان دەڵێ نابێ هێندە بایەخ بدەینە دنیا و شتە باشەکانمان لە بیر بچێتەوە. نالی هێندە حەزی لە ئەندێشەپەروەری و بیری مرۆڤایەتییە کە لە کۆتایی ئەم غەزەلەدا سەرکۆنەی دەوات و قەڵەم ئەکات کە ناتوانن هەموو ئەو شتانەی وا لە زەینی مرۆڤ دان، بیهێننە سەر کاغەز. کاریگەریی نالی لە باری ئەندێشە و زمانەوە لە سەر پاش خۆی وابزانم کۆتایی نییە؛ من وا هەست ئەکەم گۆران لە ژێر کاریگەریی ئەم غەزەلەی نالی)هەڵبەستی دەروونی (هۆنیبێتەوە. گۆران بێ لاسایی‌کردنەوە ناڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەم غەزەلە لەسەر خۆی نیشان ئەدات:

هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم، بۆم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم!
لێکدانەوەی دەروون ، قسەی زمانم: بۆچی وەها دوورن لە یەک؟ نازانم
ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار! دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار،
دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین... پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین!
دەرکەوتایە: مانای مەنگی دەریایی، کە نەرمەبا لە ڕووی ئەدا ئەسپایی
دەرکەوتایە ئەو دنیایە کە شێعری بێ فرمێسکە و زۆرتر لە فرمێسک ئەگری
زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دم و چاو تێژگێک ئەدا ڕوونتر لە هەتاو...!
بەڵام ئەفسووس! کە ئەو شێعرە جوانانە بااڵدارێکن جێ ناهێڵن هێلانە،
لە ناوەوە ئەجرێوێنن، ئەخوێنن هەرگیز قەڵەم بە کاغەزا ناهێنن...!

با بێینەوە سەر نالی:

بێزارە لە تۆ ئێستە هەماغووشی عەدووتە دنیا کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بوو

لێرەدا ئەڵێی چەشنە ئاکارێکی بووە و ئێستا بیری لێدەکاتەوە، ئازار دەکێشێت. یان بڵێین بۆ ماوەیەک نغرۆ بووە لەو جیهانەی وا تاکەکەسی دوور لە هونەر و خۆشەویستی تێیدا ئەژی؛ کە وەک شتێ هەر ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوە خۆی سەرکۆنە بکات و ئەو بیرە مرۆڤانەمان پێ بگەیەنێت. دنیا ئەوە نییە دەس و پێی بۆ بشکێنیت. دنیایەکە هێندە کەمبایەخە، بە سانایی دوژمنەکەیشتی تێدا دەژی. دوژمن کە لایەنێکی نەخوازراو و ناپیرۆزە، زۆر بە هاسانی دەگەڵ دنیا و سامانی دنیا ڕاهاتووە. ئیتر ئەبێ سامانی دنیا چ بێت کە من بکەومە پەلەقاژێ بۆی؛ بۆ نابێ بەم جیهانە شیرینە هونەرییە ڕەزامەند بم؟ لێرەدا نالی تا ئەو ڕادە لە خۆی نارەزامەند و بە گلەییەیە، کە فڕۆید وتەنی: وزەی conciseness بەرۆکی پێئەگرێت و دێتە مەیدانی سزادانی خۆیی و دەڵێ:

نالی چییە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی خۆ تۆ بە حیسابی وەکوو پەروانە شەمت بوو

لە شوێنێکدا نالی ئەڵێ:

سـۆفی کە گرانبـارە بـێ مەغـز و سەبوکسـارە　　سووف پووشی غەمی بارە، ئەو باری لە کن پەشمە
سـۆفی چیـیە ئیشـی تـۆ هەر کـایە حەشیشـی تـۆ　　عاشـق وەکـوو ریشـی تـۆ هەوسـاری لە کـن پەشمە

نـالی ئەگەرچـی بەپێـی دەقەکـانی، پێبەنـد بـووە بە ئـایینی ئیسـلام و جاروبـار میتافیزیـک و ژیـانی دوای مەرگ بەرجەسـتە دەکاتەوە بەڵام بیری مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئەندێشەی ئەو مرۆڤە بازنەی یەکیەتی پێکدێنن و دەبن بە یەک بـاڵ و دەگەڵ بیروبۆچوونی سواو و تەعەببودی بە شەڕ دێن و ئەو وشکە سـۆفی و بیرکورتـانەی وا لەو دیـوی مێحرابـی مـزگەوت و کونی تەزبێحەکانیانەوە هیچ نابینن، دەخاتە بەر تەوژمـی ڕەخـنە. نـالی بە زمـانی شـێعر دەگەڵ ئەم تـاقمە دێـتە گـۆ و بیـری ئینسانی و ئەندێشەی بێگەردیان پێ دەستنیشـان ئەکـات و پێیـان ڕادەگەیەنـێ دنیـا هەر مـزگەوت و بەرمـاڵ و تەزبـێح و ئەو شتانە نییە.

حوسنی نەزەرە ئەسڵی نەزەر حوسنی بە عیسمەت　　سۆفی کە دەکا تەرکی، بە ئینسانی مەزانە

لێرەشدا نالی دووبـارە لـۆمەی وشـکە موسـوڵمان دەکـات کە لە تـام و چێژبـردن لە جـوانی و خۆشەویسـتی هـیچ بەهرەیەکـی نەبردووە و هەر چەشنە هەوڵێ بۆ جوانیناسی دژ بە عورف و دین دادەنێ و لە پانتایەکی پچووکەوە بۆ هەمـوو شـت دەڕوانـێ و ناتوانێ تاو تۆپی جیهان بکات. هەر وەک دەزانین جوانیناسـی یەکیـک لە زانسـتە بە ناوبانگەکـانە کە لە زۆر بـواردا بە کـار دەهێنرێ و ئەوەی لێی تێنەگات لای نالی بە مرۆڤ نایەتە ئەژمار.

لە شوێنێکی تردا دەڵێ :

سۆفییان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن　　لە کن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس

جارێکی تـر نـالی بیـری بەرزی خـۆی نیشـان دەدات و بە خەڵکـی سـەردەمی خـۆی و سـەردەمی ئـێمەش دەڵـێ مـن خـاوەنی ئەندێشەی بەرزم و دەگەڵ کەڕەپەشمەکان جیاوازم و دەریام تێپەڕ کـردووە و دەوروبەرم لە نەزانـی و وڕێدا مـاونەتەوە و هـیچ هەوڵێـک نـادەن و لەو دیـوی ئاییـنەکەیـانەوە هـیچ نـابینن و لە حانـدی هەمـوو تەقـالایەکی زانسـتی و مرۆڤـانە کـوێرن. بەڵـێ ئەندێشەی دەریا لای نالی ئەندێشەیەکی کەم نەبووە؛ ڕەنگە هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوە نالی بە پێغەمبەری شێعری کوردی بێتە ئەژمار. کاریگەریی نالی لە سەر ئەدەبی کوردی تا ئەو ڕادەیەیە کە دوو سەدە دوای نالی شـاعیری خـۆش فکـر و خـاوەن هەستی گەلەکەمان؛ سوارەی ئیلخانیزادە ڕەنگە وشیارانە یان ناوشیارانە دەڵێ: لە دڵمـایە بـاوەڕی بەرزی بە دەریـا گەییشـتن. باوەڕی بەرز هەر بەرزە و دەمێنێتەوە، بۆیە سواڕە بە زمانێکی تر و لە سەردەمێکی تردا بەو چەشنە هاتووەتە پەیقین. گۆران ـیش لە هەڵبەستی دەروونا کە لە سەرەوە باسمان کرد ئاواتی دەرکەوتنی مانای مەنگی دەریایە.

نالی ئەوەندە بیری مرۆڤانە و ئاستی باوەڕ بەخۆبوونی لە سەرەوەیە کە هیچ کات گوێ ناداتە تەوسوتوانجی بیرکورت و دواکەوتووان و پێمان دەڵێ:

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا — ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدەن وا دەکا
کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە — هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا

ئەمە لە حاڵێک دایە کە نالی لە زمانەکانی دەوروبەر وەکوو فارسی، عەرەبی و تەنانەت تورکیش شارەزاییەکی باشی بووە و ئەگەر بە هەر کام لەو زمانانە شێعری بووتایە ڕەنگە لە سەردەمی خۆیا بە جێگەی ئەوە بکەوتایەتە بەر تەشەر و تانە، ناوبانگێکی باشی بە دەست بێنایە. نالی تەنانەت ئەیتوانی ڕوو لە دەربارەکانی دەوروبەر بکات و پووڵ و پارەیەکی بەرچاو بە دەست بهێنێت بەڵام ئەندێشەی والا، بیری مرۆڤانە و عەشقی نەتەوەیی سێ هاندەری سەرەکین کە ناهێڵن نالی ببێتە دەربارنشین و لەو لایشەوە پاڵنەری ئەون لە بەرانبەر هەرەسی توانجی بیرسواواندا. ڕچەشکێنی، ستایلی تاقانە و ئاستی باوەربەخۆبوون ئەوەمان پێدەڵێن کە نالی دەیهەوێ خۆی لە هەست و زەینی خوێنەرانیا ناونشین بکات و وەمێنێ. شۆڕشی ئەدەبی ناوبەناوێک پێویستە کە بێگومان نالی یەکەم شۆڕشگێڕی ئەدەبییە لە کوردیی سۆرانیدا.

ئەگەر نالی خاوەنی ئەندێشەی باڵا و بیری ئینسانی نەبێ چۆن ئەتوانێ بێباکانە قامک بنێتە سەر هەموو ئۆرگان و لایەنێکی گەندەڵ و خراپ؟

حاکمانی مەحکەمە نامە سیان — قەت نەماوە غیرەت و ناموووسیان
ناوی مەخموورانە نەبەی نالی لە نێو — حەڵقەیی واعیز لەوێن جاسووسیان

نالی لێرەدا دەست دەخاتە سەر والاترین و لە هەمانکاتا گەندەڵترین دەزگای ولات کە ئەوەش دەزگای قەزاییە و زۆر بە داخەوە بە پشتبەستن بە ئایین، مەسوونییەت بۆ خۆی پێک دێنێ و بە کەیفی خۆی ڕمبازێن دەکا، کوشت و بڕ دەکا، تاڵان دەکا، بەرتیل وەردەگرێ و ئەوەی دزێو و ناحەزە دەیکا. لەم بەیتەی کۆتایی‌دا، نالی ئاماژە دەکا بە هەڵەوەڕترین ئەندامانی کۆمەڵگا کە خەتیب و واعیزانن و بە سەر هەموو درۆ و هاشە و هووشەدا بە داخەوە خەریکی جاسووسی و جاسووس پەروەرین؛ بێخەبەر لەوەی ئایینەکەیان ئەو هەڵسوکەوتە دزێوەی قەدەغە کردووە.

سەرچاوەکان:

١. نووسراوەیەک دەربارەی فرۆید، حسەین پایەندە، ئەرغەنوونی ژمارە٣
٢. هەمان سەرچاوە، مارکس و مودێرنیزم و مودێرنیزاسیۆن، مارشاڵ بریمەن، وەرگێڕ؛ یووسف ئەبازەری
٣. لێدوانێک دەربارەی هونەر، ئالێن بادیۆ، وەرگێڕ؛ عەلی حسەینی
٤. خەوە بەردینە، سوارە ئیلخانی زادە
٥. دیوانی گۆران

هەواڵنامەی کتێب

حەریق

مانگەشەوی شەوانە شێعر و شەیدایی



کوتم: بوســـەم دەوێ ڕووی خـــۆم بـــە ئـاوی ڕووت گـــوڵاو ناکـــەم
کوتـــی: بوســـەت دەوێ شێتـــە منـــیش ڕووی خـــۆم گـڵاو ناکـــەم

مێهرداد ڕامیدی نیا


حەریق شاسواری پێشەنگی شێعرە، دڵە کوتەی ژیـان و شـێعرێتی، ئاوێنـەی بـاڵانـوێنی ڕەنجە، بارگەی هەواری دڵدارەکانی زەوییە... ئەو کەسەی شەڕەف نافرۆشێ بۆ نان، ئـەو کەسەی لە بەر دەرگای پیاوچاکانی زەمانەدا ئەستێرەی عەشق و هیـوا بـوو... حـەریق، حـەریقی دڵـە، حـەریقی بـەزمی شەوێکی تەنیا، ئەرێ حەریق مانگەشەوی شەوانی شێعر و شەیدایی بوو....

حەریق گەوهەری تروسکەدار و بەنرخی نێو سەدەفی دەریای شێعری سۆفیزمی کوردی، نێوی مەلا "*سالح*" کوڕی مەلا " نەسروڵا"ی زێوەییە. زێوە، دێیەکـە لـە ناوچـەی سوورداشـی سلێمانی هەڵـکەوتووە. حـــەریقی سەوداسـەری شـاعیر لـە سالی[۱۸۵۱زایینی / ۱۲۷۱کۆچی] لە دێی زێوە چاوی بە ڕووناکی گەردون هەڵێناوە.**1** حـەریق خوێنـدنی سـەرەتایی لـە لای باوکی تەواو کردووە و بە دوای ئەوەدا بۆ دریـژەدان بەخوێنـدن بارگـەی کـۆچی تێـک نـاوە و ڕووی کردۆتـە شـاری سلێمانی و لە مزگەوتی" *شێخ محەمەدی بەرزەنجی*" ماوەیەک بووە بە سوختەی فەقێیان و بە دوای ئـەوەشدا گەشـتێکی بە ناوچەی "*قەرەداغ*" دا کردووە، لە ناوچەی "*بیارە*"ش دا باسی "*نیکاح*" لە کتێبی "*مینهاجی نەوەوی*" لـە لای " *شـێخ حەیدەر*" خوێندووە و سەرێکی دیشی لە سلێمانی داوەتەوە. لە " *پێنجوێن*" سالی ۱۸۸٤ بە ماوەی سالێک دەخوێنـێ و بـە دوای ئەوەشدا ڕوو دەکاتە مەڵبەندی موکریان. حەریق ماوەیەکیش لەو دەڤەرەدا بە فەقێیەتی دەسـووڕێتەوە تـا ئـەوەی ڕێی دەکەوێتە خانەقای "*شێخی بورهان*" لە *مـەهاباد* کـە ئـاوازەی دەمێـک بـوو لـە گـوێیدا دەزرینگایـەوە. لـەو جێیـە دەکەوێتە داوی تەریقەتەوە. تەریقەت لە " *شێخ یوسفی بورهانی* " وەردەگرێ و دوای تەواوکردنی خوێندنی ئایینی و نێـو فەقێیان، دەبێت بە مەلایەکی پایەبەرز و زانا و دەچێت بۆ ئاوایی " *ساحێب*"ی *سەقز* و دەبێتە مەلا و مودەڕیسی ئەو دێیە و هەر لەوێش زەماوەند دەکا و دەچێتە دێی "*قاراوا* "ی ناوچەی *بۆکان* و لەوێ دەرس دەڵبێتەوە و هەر لـەم دێیـە بـە هـۆی

هۆنینەوەی چوارینەیەک " *سالح خانی ئیعزامولمولک*" ڕیشی دەتاشێ. دەڵێن لەو چوارینەیەی کە هۆندبوویەوە، هەجوی کوڕەکانی " *شێخ عوسمانی تەوێلە*"ی کردووە.

ئەم ڕووداوە دڵتەزێن و ناخۆشە بە جورێک کاری کردۆتە سەر هەست و هۆش و عاتیفەی ئەم شاعیرە ناسک خەیاڵە،کە ئەم زامە قوول و کاریگەرە تا دوا هەناسەکانی ژیانی هەروا دەمێنێتەوە.**2**

حەریق بە دڵشکاوی و داماوی وێڕای مااڵباتەکەی ئەو دێیە جێ دێڵێ و دەچێتەگوندی" *شەڕەفکەند*"ی *مەهاباد* و بۆ ماوەیەکیش لەوێ نیشتەجێ دەبێ و دواتر ڕوو دەکاتە دەڤەری " *شاروێران*" ی مەهاباد و چەند ساڵێکیش لە گوندەکانی ئەو دەڤەرەدا دەمێنێتەوە.




حەریق لە ساڵی ١٣٢٤ کۆچیدا دێتە شاری *مەهاباد* و دەبێ بە مەلای مزگەوتی " *حاجی سەید حەسەن* " و پێش نوێژی ئەم مزگەوتە دەکا. " *محەمەد حوسێن خانی موکۆی*" ڕێزی لێدەگرێ و مانگانە سێ تمەنی حقوق بۆ دەبڕێتەوە. حەریق بە دنیایەک بیرەوەری خۆش و ناخۆش ڕۆژگاری لەو شارەدا تێپەڕ دەکا و لە گەڵ دەرد و مەینەت ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕادێت. حەریق ڕۆژانی کۆتایی ساڵەکانی تەمەنی دەکا بە پەپوولەی دەوری چرای شێخی بوڕهان و هەمیشە لەگەڵی لە پەیوەندی دایە.دڵی هەر لە لای ئەوە و وەک پەروانە بە سەر شەمی ڕوخساریدا دەسووڕێتەوە.**3**

حەریق پیاوێکی دەستەی گەندومی بووە، چاوەکانی بچووک و دەقوڵدا بوون، ڕوومەتی باریک بووە، ڕیشی پڕ و بەشی زۆری سپی بووە. پێچێکی سپی سابڵاغیانەی لەسەر ناوە، زمانشیرن و لەسەرەخۆ قسەی کردووە. بە هەڵبەستە تەڕوپاراوەکانی هەموو کۆڕێکی خۆش کردووە بەتایبەت لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا وەکوو دەریا هەڵبەستی لە زاری دەهاتە دەر. ژیانی حەریق ژیانێکی سۆفیانە بووە- نەمر نەژی- زۆر جار بێشێو سەری ناوەتەوە.**4**

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ئوستاد *نەجمەدینی ئەنیسی* دەڵێ: حەریق شاعیری ڕێبواری ڕێگەی سۆفیایەتی و خاوەنی دڵێکی بە خرۆش و ئوستادی هۆنراوەی جوان و ڕاوچی نێچیری شێعر و هەڵۆی مەعنا و گەوهەری بیر و خەیاڵە و مامزی مانای بەتەواوی ڕامی خۆی کردووە.**5** حەریق سووتاوی چرای ڕوخساری شێخ شەمسەدین بووە و بە هۆی ئەو شێخەوە بووە کە دڵ و دەروونی خرۆشاوە و قەریحەی شێعری کراوەتەوە و هەر ئەویش بۆتە هۆی هۆنینەوەی ئەو هەموو هۆنراوە بەرز و بەهێزانە و لە زۆربەی هەڵبەستەکانیدا سۆز و ئارەزوی خۆی بۆ گەیشتن بە شێخەکەی خۆی پێشان داوە.**6** پڕۆفسۆر *خەزنەداریش* لە بارەی حەریقەوە دەڵێ: حەریق لە دنیای سۆفیزم نزیک بۆتەوە و تەریقی *نەقشبەندی* لە شێخی *بورهان* وەرگرتووە.لە سابڵاغ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە. حەریق نازناوی شێعری لە سووتانی جیهانی عیشقی سۆفیزمی وەرگرتووە. شاعیر ویستوویەتی ببێ بە داهێنەری شێعری سۆفیزمی کوسموسی، بەڵام بووە بە ئوستادێکی بەهرەداری شێعری وەسفی سۆفیزم. سروشتی ڕەنگینی کوردستان و ژوانی کێژی کورد وێنەی داهێنراوی دەستەو دارەی *نالی* تێکەڵ بە یەکتری کردووە. شێعری ناسکی پڕ سۆزی هێناوەتە ناو دیوانی شێعری کوردییەوە. بەمەوە بووە بە شاعیرێکی دیاری


دەستخەتی حەریق

نەوەی دووهەمی ڕێبازی *نالی*.**7**

حەریق شاعیرێکی سۆفی و غەزەڵوێژێکی بەهرەمەندی دوای *نالی* و *مەحوی* یە، ناوبانگی حەریق زیاتر بە هۆی غەزەلە بەرز و جوانەکانیەتی کە بە ڕاستی مانای باریک و واژەی جوانی وەکوو گەوهەر و یاقوتی لە ملوانکەی هۆنراوەدا تێکەڵ کردووە و لە شێعر و غەزەلەکانیدا ڕوحی عیرفان و خواناسی بەنەواوی دیاری دەدا.**8** حەریق ئەویندارێکی دڵ سووتاوە

کە ڕایەڵ و پۆی غەزەلەکانی لە هەست و سۆز و ئەوین و خۆشەویستی چنراون و لە سەر ڕووپەڕەی دڵان نەخش کراون، لە سەر تا سەری ئەم غەزەلانەدا ئەوینێکی ئاگراوی و سۆزێکی ڕاستەقانی شەپۆل دەدا و غەزەلەکانی بە ڕاستی دڵ دەکەنەوە و بە بێپەروا ئینسان دەخەنە سۆزێکی مەعنەوی و ڕوحێکی ڕوحانی و ئەویندارانەیان هەیە.9

حەریقی سوتاو و دڵبریندار لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا بینایی چاوانی لە دەست دەدا و لە ساڵی [۱۹۰۷ز/۱۳۲۷ک] دوای *پەنجاوشەش* ساڵ ژیانی پڕ لە ڕەنج و ئازار و ژیانی سۆفیانە و شاعیرانە لە شاری *مەهاباد* لە گەڕەکی *"ڕەزگەیی"* لە خانووی " *میرزا حاجی یۆسفیان*" دڵە مەزنەکەی لە لێدان دەکەوێ و ئەو مانگە شەوەی شەوانی شێعر و شەیدایی بۆ هەمیشە لە ورشە دەکەوێ و مانڵئاوایی لە ژیان و ئازار دەکا و بە ناهومێدی سەر دەنێتەوە. تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی " مەلاجامی" لە تەنیشت گڵکۆی خوالێخۆشبوو " شێخ مەحمود"ی نەوەی " شێخ تەهای شەمزینان بەخاک دەسپێرن. خودای گەورە و بەخشندە ڕوحی شاد کا.

چەند وێنەیەک لە شێعرەکانی حەریق:

تاووس کە لە سەر زینەتی باڵی سەری دانا — ئەمنیش بە پەڕی فکرەوە بێ سەبر و قەرارم

♠

چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند — نەک نەمەک گیر بم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
گوڵ بە تۆزی پێتەوە لاف و گەزافی لێدەدا — وا شکۆر سۆزەی نەسیم هات و ئەویشی لێستاند

♠

کتێبی عیشقی مەجنون ئایەتی ڕوخساری لەیلایە — لە سورەی یۆسفا دەرسی جنونی ئێمە نووسراوە

♠

تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ، چا نەبێ — هەر کەسێکی هەمنشینی چا نەبێ، پێت چا نەبێ

♠

هێندە بێزاری کە زانیومە بە زاری نایەوە — دوور لە باڵاکەت سەنیری ناهومێدیم نایەوە

♠

هەوالنامەی کتێب

ئـــەم خوســـرەوی خوبانـــە کـــە وا دێتـــە نـــەزارەت
شیرینـــــــە ئەگـــــەر دڵ بڕفێنـــــێ بـــە ئیشـــارەت

تـــۆ ســـاحێبی ئـــەم چـــاهی زەنەخدانـــە بـــە قوربـــان
ســـــەد یۆسفـــــی کـــەنعانی دەبـــێ بێتـــە نـــەزارەت

♠

هـــەوری خەفەتـــە بـــەفری خـــەمی کـــردووە بـــە ســـەرما
یـــا ســـــەرسەری دووریتـــــە کـــە لێـــی کردمـــە ســـەرما

کەوتۆتـــــە ســـــەرم ئەشـــک و غوبـــاری ئەلەمـــــی دڵ
یـــەعنی کـــە قـــوڕی میحنەتـــە کردوومـــە بـــە ســـــەرما

♠

سەرچاوە:

[1]. حەریق؛ مێهرداد ڕامیدی نیا؛ گۆڤاری مەهاباد،سالّی سێیەەم، ژمارە۲۷، جۆزەدانی ۱۳۸۲، ل١٦.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل١٦.

[3]. هەمان سەرچاوە، ل١٦.

[4]. هەمان سەرچاوە، ل١٧.

[5].دیوانی حەریق؛ لێکۆڵینەوەی سەید نەجمەدینی ئەنیسی، نەشری محەمەدی، سەقز: ١٣٦٨، ل٥.

[6]. هەمان سەرچاوە، ل١٧.

[7]. ئەو گوڵە کوردییانەی سیس نابن(۳)؛ پرۆفسۆر مارف خەرنەدار؛ گۆڕینی لە لاتین و دیاری: مێهرداد ڕامیدی نیا، حەوتەنامەی سیروان، ژمارە ٣٦١، ١٩ سەرماوەزی ١٣٨٤، ل١١.

[8]. سەرچاوەی ژ٥،ل١٠.

[9]. هەمان سەرچاوە، لل١٢،١٣.

[نیگاری حەریق کاری هونەرمەندی کۆچکردوو جەعفەری]

لێکدانەوەی شێعری شاڵ لە دوو هێڵی هاونشینی و جێنشینیدا

ڕەسوڵ ئامادەپوور



پێشەکی: دوو مەفهومی هێڵی هاونشینی و جێنشینی، پەیوەندییان بە زمانناسی سویسی فێردینان دۆسۆسۆر هەیە. بە بڕوای سۆسۆر، زمان پێکهاتەیەکە لە نەزم و نیزامی نیشانەکان کە دەبێ بە شێوەی هاوزەمانی واتە لە کاتی ئێستادا تاوتوێ بکرێ؛ نە بە شێوەی ڕەوتی مێژوویی و زمان لە زەماندا. بە واتەیەکی تر ئێمە دەبێ زمان وەک دەستگایەکی تەواو لە قۆناغێکی دیاریکراو لە زەماندا تاوتوێ بکەین؛ نە ئەوی کە بزانین زمان لە ڕەوتی مێژوودا چ گۆڕانکاریەکی بە سەردا هاتووە. بە بڕوای سۆسۆر هەر نیشانەیەک لە دوو بەشی دال و مەدلوول یا دەنگ و مانا پێکهاتووە. بۆ نموونە سێ نیشانەی C_A_T لە پەنا یەک، دالێکە کە لە زەینی ئینگلیسی زمانێکدا مەدلوولی Cat واتە پشیلەیە. بە باوەڕی سۆسۆر پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول پەیوەندییەکی دڵخوازانەیە و هیچ هۆیەکی مەنتقیبوونی نییە کە بۆ دەبێ ئەو سێ نیشانەیە یانی نیشانەکانی C_A_T لە پەنا یەک بە مانای Cat واتە پشیلە بێ؟ مەگەر هێندێک بڕیاری کلتووری و مێژوویی و نەتەوەیی نەبێ. کە وابوو پەیوەندی نێوان گشت نیشانە و ئەو شتەی کە نیشانە دەگەڕێتەوە سەر ئەو (شتێک کە سۆسۆر بەنموون واتە میسداق ناوی دەبا یانی هەمان بوونەوەری چوار دەست و پێ و تووکن لە جەهانی واقیعدا) بەتەواوی دڵخوازانەیە و لەسەر بنەمای بڕیاری کۆمەڵایەتی دامەزراوە. سەرەڕای ئەوەش سۆسۆر پێی وایە هەر نیشانەیەک لە ناو نیزامی زماندا تەنیا بەو هۆیە کە جیاوازی لەگەڵ نیشانەکانی دیکە هەیە؛ هەڵگری مانای تایبەتی خۆیەتی. پشیلە لە زاتی خۆیدا واتە سەربەخۆ هیچ مانایەکی نییە و تەنیا بەو هۆیە هەڵگری مانایە کە سەگ، دار، بەرد یا شتی دیکە نییە. لە لای سۆسۆر جیاوازی نێوان دالەکان بە دوو شێوە دەگونجێ: یەکیان جیاوازی سەرچاوەگر لە نیشتەجێبوونی نیشانەکان لە پەنای یەکە کە هێڵی هاونشینی پێدەگوترێ؛ ئەوی دیش جیاوازی سەرچاوەگر لە جێنشینبوونی نیشانەکان لە جێگای یەکترە کە هێڵی جێنشینی پێدەگوترێ. بەگشتی ناکۆکی نێوان ئەو دوو هێڵەیە کە بنەمای لێکدانەوەی نیشانەناسی داڕشتەیی پێک دێنێ. بە شێوەی ئاسایی لە ئیستلاحی نیشانەناسیدا، ئەو دوو ڕەهەندە بە دوو هێڵ لە زماندا ناسراون کە یەکیان هێڵی ئاسۆییە و ئەوی دیشیان هێڵی ئەستوونییە. هێڵی ئاسۆیی چۆنیەتی ڕەهەندی هاونشینی پێک دێنێ و هێڵی ئەستوونیش چۆنیەتی ڕەهەندی جێنشینی ڕوون دەکاتەوە. پەرەی هاونشینی بریتییە لە چۆنیەتی تێکەڵاوکردنی وشەکان لە ڕستەدا. لە حاڵێکدا پەرەی جێنشینی بریتییە لە چۆنیەتی هەڵبژاردن لە نێوان وشەکاندا. بە واتەیەکی تر پەیوەندی هاونشینی لە خۆگری ئیمکانی تێکەڵاوکردن و لە پەنا یەکدانانی وشەکان لە تەنیشت یەکترە. لە حاڵێکدا هاورێژەیی جێنشینی لە سەر بنەمای جیاوازی و جوێکاری وشەکان پتەو و قایمە. لە باری زەمانییەوە، هاورێژەیی هاونشینی لە نێو دەقێکدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو "دال"انەی کە هەر لەو دەقەدا هەن. لە حاڵێکدا پەیوەندی جێنشینی دەگەڕێنەوە سەر ئەو "دال"انەی کە لە دەقدا بوونیان نییە و ونن. لە ڕوانگەی

هەوارنامەی کتێب

زمانناسیەوە هێڵەکانی هاونشینی و جێنشینی هەڵومەرجێک پێک دێنن تا نیشانەکان بتوانن لەو هەڵومەرجەدا هەڵگری مانا و مەفهووم بن. بەواتەیەکی تر لە پەرەی هێڵەکانی هاونشینی و جێنشینی دایە کە نیشانەکان دەتوانن لە ناو دەقێکدا وەک رەمز و کۆدێک بوونیان هەبێ. ئێستا کە تا پادەیەک مانا و مەفهوومی هێڵەکانی هاونشینی و جێنشینی لە زمانْدا بەتایبەت لە زمانناسی سۆسۆردا پوون بۆوە، حەولی ئەو وتارە ئەوە دەبێ کە شێعری شاڵ لە ئاستی ئەو دوو هێڵەدا تاوتوێ بکا. بەڵام بۆ باشتر لێکدانەوەی شێعری شاڵ، ناچارین تا پادەیەکیش ئاماژە بە زمانی شێعری بکەین. چوونکە ئەو شتانەی کە تا ئێستا باسی لێکرا لە کولیەتی زمانْدا بوو کە هەم زمانی ئاسایی و هەم زمانی شێعری دێنێتە پاڵ خۆی. بەڵام سەرەکیترین توخمێک کە زمانی عادی لە زمانی شێعری جیا دەکاتەوە؛ توخمی خەیاڵە. لە نێوان توخمەکانی جۆراوجۆری ئەدەبیدا، خەیاڵی شێعری زۆر پەهاتر لە جۆرەکانی تر تا پادەیەک کە ئەو توخمە زۆر جار خۆ لە ئاستی ناومکینەکان دەدا. پەهایی خەیاڵی شێعری دەگەڕێتەوە سەر دوو توخمی بنەڕەتی زەمان و مەکان، کە بەگشتی لە شێعردا یا ونن یا زۆر سەمبۆلیکن. بە واتەیەکی تر زەمانێکی دەروونی یا زەمانێکی جەهانناسانەیە، بەو مانایە کە ئەو زەمانە لە زەمانی مێژوویی و چرکەژمێرانە بە دوورە. بۆ نموونە هەر لە شێعری شاڵدا شاعیر دەڵێ: ((دەلێکەوە ئەو شاڵەت با لە منی نەنگێون ئەو وەرزە هەنار سالّەت.)) وەرزی هەنارسالّ هیچ پەیوەندییەکی بە زەمانی چرکەژمێرانە و مێژوویی نییە و دەتوانین بڵێین زەمانێکی دەروونی تایبەتی شاعیرە کە ئەو زەمانە دەروونییە تەنیا لە توخمی خەیاڵدا دەگونجێ، نە لە جەهانی خەتی و مێژوویی‌دا. هەروەها مەکانیش لە شێعردا بە شێوەیەکی ئاسۆیی‌یە نە مێعمارانە (مەبەست مەکانێکە کە لە جەهانی دەرەوە وەک مەکانێکی تایبەت، بوونی هەیە.) کە ئەو مەکانە لە شێعردا یا باشترە بڵێم لە شێعری شاڵدا بەدی ناکرێ. بۆ نموونە شاعیر دەڵێ: ((خۆم پێم کوتی ناردوومە پەری گەنمان شاڵێکی لە نیسارانت بۆ بچنن.)) پەری گەنمان وەک مەکانێک لەو شێعرەدا هاتووە کە لە جەهانی واقیعدا، بوونی ناکرێ و تەنیا ئەو مەکانە لە خەیاڵدا دەرپسکێ. هەڵبەت جێگای سرنج و وەبیر هێنانەوەیە کە لەوانەشە مەبەستی شاعیر لە ((پەری گەنمان)) کەسایەتیەک بێ یانی فریشتەی گەنمەکان، کە ئەو کات ئەو جۆرە خوێندنەوەیەی سەرەوەی بۆ ناکرێ. بە هەر حاڵ مەبەست لە ئاماژەکردن بەو خاڵانە ئەوە بوو کە بڵێم وێنبوویی و نەبوونی حوزووری زەمان و مەکان لە قالبی چەندییەتی‌دا کەرەستەی ماکی شێعر تا پادەی توخمی زمان دادەبەزێنێ. کە زمانی شێعری پێدەگوترێ. زمانی شێعری، زمانێکە کە لە زمانی ئاسایی و هەر ڕۆژەیی و خواستخوازانە خۆ دەپارێزێ و بە هیچ چەشنێک مل ناداتە بەر خۆ هەڵتێقوتاندنی ئیرادە و خواست و پەنا دەباتە بەر توخمی خەیاڵ. لە واقیعدا زمانی شێعری زمانێکە سەر بە ئیرادەی خەیاڵ. بە واتەیەکی تر لە شێعردا باری ئیستعاری و پارادیگماتیک یا هێڵی جێنشینی زمان بە سەر ڕەهەندی سینیگماتیک یا هێڵی هاونشینی‌دا زاڵترە. ئەو تایبەتمەندییە لە شێعری شاڵدا گەیشتۆتە ئاستی هەرە بەرزی. چوونکە خوێنەر هەر لە سەرەتای دەستپێکی شێعرەکە تا کۆتایی شێعرەکە لەگەڵ ئیماژ و وێنەگەلی جۆراوجۆری شێعری ڕووبەڕوو دەبێتەوە. کە لە درێژایی وتارەکەدا ئاماژە بەو وێنەگەلە دەکرێ. بەڵام خاڵێکی دیکەی شێعری شاڵ کە بەلای منەوە زۆر گرینگە کەڵکوەرگرتنی شاعیر لە زمانی فۆلکلۆر، واتە زمانی بەیت و باو و حەیران بەتایبەت زمانی پاییزەیە. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بکەم مەبەستم لە کەڵکوەرگرتنی شاعیر لە زمانی پاییزە یا خود بەیت و باو بەگشتی کەڵکوەرگرتنی شاعیر لە کەرەستەی

وشەکانی ناو ئەو دەقانە نییە. مەگەر زۆر بەدەگمەن. بەڵکوو زیاتر مەبەستم باری هاڕموونی و موسیقایی ئەو دەقانە، بەتایبەت هاڕموونی پاییزەیە. پاییزە یەکێک لە ژانرەکانی فۆلکلۆری نەتەوەکەمانە کە ڕووداوی ئەوین و ئەویندارێ لەو ژانرەدا بەشێوەیەکی تراژیک و خەمبارانە، ڕەنگ دەداتەوە. بەرێز کاک ئەحمەدی بەحری لە گەنجی "سەر بە مۆر"دا دەنووسێ: ((پاییزە لە سەر دوو ئەستوونەک چەقاوە: یەکەم؛ ئەوین و ئەویندارێ ، دووهەم؛ را و شکار.)) کە لە شێعرێ شاڵدا تایبەتمەندی یەکەم زۆر ئاشکرا و بەرچاوە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە لەو شێعرەدا هەست بە فەزایەکی ڕۆمانتیک بکەین و چەند تایبەتمەندی ڕۆمانتیسمی وەک پایەبەندبوون بە هەست، خەیاڵنواندن هەروەها ئیلهام وەرگرتن لە دیرۆکەکانی نەتەوەیی (مەبەست لە دیرۆکە لێرەدا هەمان زمانی فۆلکلۆرە) بۆ بێنینە ئەژمار. هەر وەک پێشتر بڕیار درابوو کە لە دوو هێڵی هاونشینی و جێنشینیدا یا لە دوو ڕەهەندی ئاسۆیی و ئەستوونیدا، شێعرێ شاڵ لێک بدەینەوە. کەواتە ڕاستەوخۆ دەچینە سەر دەقی شێعرەکە. شاعیر شێعرەکەی بەو سەر دێرانە دەست پێدەکا.

((بۆ کەسێ زمانی بۆ فەدا دەکەم

بەشی یەکەم: ماڵگۆرینی فرۆید و پاییز

بەشی دووهەم: پێیاسەی دەلاقە و هایدگێر))

لەو سەردێرانەدا ئێمە تەنیا ئاماژە بە دوو سەردێری هەوەڵی دەکەین و کارمان بە سەردێری سێهەم نییە. چوونکە شاعیر جارێ تەنیا بەشی یەکەمی شێعرەکەی خوڵقاندووە. یەکەمین پرسیارێک کە لە سەردێری هەوەڵدا زەینی خوێنەر بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکا. ئەو پرسیارەیە کە ئەو کەسەی کە شاعیر زمانی بۆ فەدا دەکا. دەبێ کێ بێ؟ دیارە دەبێ ئەو کەسە لە لای شاعیر زۆر گرینگ و خۆشەویست بێ کە شاعیر شەخسیەت دەبەخشێتە زمان و ئەرکێکی گرینگی وەک فەداکاری پێدەسپێرێ. ئەگەر ئێمە هێڵی جێنشینی لەو شێعرەدا ڕەچاو کەین زۆر کەس و زۆر شت دەتوانێ لە جێگای ئەو کەسەی کە لە لای شاعیر زۆر گرینگە، دابنیشێ. بۆ نموونە نووسەری ئەو دەقە دەتوانێ وا فەرز بکا ئەو کەسەی کە شاعیر زمانی بۆ فەدا دەکا هەر خودی شێعرەکەی شاڵ بێ. بەڵگەکەشی زۆر ڕوون و ئاشکرا و ئاسایییە. چوونکە ئەو شێعرە منداڵێکە کە لە ڕوحی شاعیر جیا بۆتەوە و شاعیر ئامادەیە زمان دەسەر سەری ئەو منداڵە بگێڕێ و لە ڕێگای ئەودا، فەدای بکا. فەداکردن بەو مانایە کە زمان دەبێ لەو شێعرەدا ڕۆل و نەخشێکی پتەو و بەهێزی هەبێ و لە ئەوپەڕی جوانیدا بیڕەنگێنێ. بەتایبەت کە لە شێعرەکەدا، کەڵک لە زمانی فۆلکلۆر وەرگیراوە. کە وابوو لە نەهایەتدا دەتوانین بڵێین شاعیر زمان لە ڕێگای پارازتنی فۆلکلۆری نەتەوەکەیدا فەدا دەکا کە پڕن لە گەواهیراتی بەنرخ و جوان. هەڵبەت هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەو تەنیا فەرزێکە کە نووسەری ئەو دەقە وەبەر چاوی گرتووە. دەنا لە وانەیە خوێنەرێکی دیکەی شێعری شاڵ پێی وابێ ئەو کەسەی کە لە لای شاعیر زۆر گرینگە. هەمان ئەو کچە بێ کە شاعیر لە ناوەڕۆکی شێعرەکەدا داوای لێدەکا شاڵەکەی لێبکاتەوە. ((دەلێکەوە ئەو شاڵەت)) یا وای پێدا هەڵدەڵێ کە سێبەری ئەو کچە هەزار پێلوو چۆلەکان دەخەو دەکا و دڵ بۆ ڕەوەزی

هەوالنامەی کتێب

سینگی دایمە لە هەرزاڵـە. ((کچـێ سـێبەرت هـەزار پێلـوو چۆلەکـەی دەخـەو کـردن، دەلێکـەوە ئـەو شـاڵە، بـۆ ڕەوەزی نێـو سینگت، هەر دڵە و لە هەرزاڵە.)) یا دەنێرێتە پەری گەنمان شاڵێکی لە نیسارانی بۆ بچنن، شـاڵێکی لـە پـاییز و هـەناران، یـا کوڕە هێرۆی سینە دابێژراوی ئێواران بۆی دێنە حەسارێ، یا شاعیر ناتوانێ دەستی هێشوو خەیاڵێکی لە یەخـەی بـەر دا و لـە تاوانی ئەوەندە کۆلاوە کە نازانێ چۆنی نیگا بۆ هەڵبەستێ. مەبەست لـە ئامـاژەکـردن بـە خاڵانـە ئـەو بـوو کـە هـەر وەک لـە پێشتردا باسی کرا باری ئیستعاری و پارادیگماتیک یا هێڵی جێنشـینی لـە شـێعری شـاڵدا زۆر بـەرچاوە. هـەر بۆیـە دەتـوانێ هـەڵگری زۆر بیروبۆچـوون و تـەئویلی جیـاواز بـێ. لـە سـەردێڕی دووهـەمدا واتە بەشـی یەکـەمی شـێعرەکە، شـاعیر بـاس لـە ماڵگۆرینی فرۆید و پاییز دەکا. ئەرێ بە ڕاست پەیوەندی نێـوان فرۆیـد و پـاییز دەبـێ چ بـێ؟ بـۆ فرۆیـد لەگەڵ پـاییز مـاڵ گۆرینەوەی دەکا؟ دیارە دیتن و بیستنی ناوی فرۆید ڕەوانکاویمان بیر دەخاتەوە. وشـەیەک کـە یەکـەم جـار لـە سـاڵی ١٨٩٦ زاینیـدا هەر لە لایەن خودی فرۆید بە کار هێندرا. ڕەوانکاوی فرۆید دەرمانێک بـوو بـۆ ئاشـکراکردنی خۆمـاک یـا غـەریزەکانی سەرکووتکراو لە ناوشیار یا ناخوداگادا و بە زمانهێنانی ئەو شتانەی کە لە لایەن نەخـۆش حاشـای لـێدەکـرا. ڕەوانکـاوی لـە واقیعـدا دەرمانێک بوو لە ڕێگای قسەکردن؛ چوونکە سەرەتای دەرمانکردنی نەخۆش لە ڕێگای قسەکردنی ئـەو لەگەڵ ڕەوانکـاو دەست پێدەکا. کە وابوو بن و بنچێنی تێبینـی تـازەی فرۆیـد هێـزی ڕوونکـەرەوەی لایـەنی ناخوداگـای بـەیان بـوو. هـەر لـەو جێیەشڕا کە ڕەوانکاوی وتەیەکی بۆ گوتن سەبارەت بە زمان هەیـە. دەتـوانێ سـەبارەت بـە ئـەدەبیاتیش وتـەیەکی بـۆ گـوتن هەبێ و بە کار بهێندرێ. چۆن؟ بەو هۆیە کە بەرهـەمی ئـەدەبی کـە جۆرێـک پـەرداختی خەیاڵـە، لـە نیشـانەکانی نەخۆشـی و ڕەوانهاڵوزی نووسەر لە قەڵەم دەدرێ. تێڕوانین لەو دەلاقەوە بۆتە هۆی بەدیهاتنی جۆرێـک ڕەخنـەی ڕەوانکاوانـە کـە دیـارە باسکردن لەو چەشنە ڕەخنەیە لە هەلومەرجی ئەو وتارەدا ناگونجێ هەر بۆیە لێرەدا کۆتایی بەو باسە دێنین. بـەڵام مەبەسـت لە ئاماژە پێکردن بەو ڕستانەی سەرەوە ئەوە بوو کە بڵێین فرۆید لە شێعری شاڵدا دەتوانێ ئیستعارە لە ویست و خۆزگەکان واتە گریمانە و عۆقدەکانی سەرکووتکراو بێ. بەڵام لە بەرامبەر فرۆیددا شاعیر پاییز دادەنێ. هۆی ئەو کـارەی شـاعیر چییـە؟ هەر وەک شارەزان، پاییز وەرزێکە کە لەودا بۆنی جیابوونەوە و کۆچ هەسـت پـێدەکرێ. وەک جیابوونـەوەی گـەڵا لـە دار یـا کۆچکردنی باڵندەکان بەرەو گەرمەسێر. هەروەها نابێ ئەوەش لە بیر کەین کە پاییز وەختـی خێـڵ بـەرەو ژووری ڕابردووەکـانی ئێمە بووە کە لەو کاتەدا کوڕ و کیژانی هۆگری یەک یا باشتـر بڵـێم ئاشـق و مەعشـووق ناچـار بـەوە بـوون کـە دەسـت لێـک بەردەن و تەسلیمی چارەنووسێکی تراژیک بن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر دابونەریتی ناپەسەندی ئەو دەمی کە کچەکان حـەقی هەڵبژاردنیان نەبووە و بە زۆری و بە پێی مەسڵەحەتی باب و براکانیان بە شوو دراون. کە وابێ دەتـوانین بڵێـین پـاییز وەرزی سەرکووتبوونی ئاوات و خۆزگەکانـە یـا وەرزی سـەرهەڵدانی گریمانـە و عۆقدەکانـە. هـەر دەڵێـی چـۆن ئـەدەبیاتی زارەکـی و فۆلکلۆر سینگ بە شاعیر گەیشتووە ئەو گریمانە و عۆقدانەش سەر لە نوێ لە لای شاعیر سەریان هەڵداوەتەوە. کـە وابێ ئەگەر چاوپۆشی لە ((ماڵگۆرین)) کە دەتوانێ ئیستعارە لە مەفهوومی ((Displacment)) بـە مانـای جێگـۆرکێ لـە ڕەوانکاوی فرۆیددا بکەین؛ دەتوانین بڵێین کە شاعیر سـەر لـە نـوێ وەک چـۆن ڕابردووەکـانی ئێمـە کـوڵی دڵیـان لـە بـەیت و

باوەکانـدا هەڵـڕژتووە . شاعیریش سەر لە نوێ کوڵی دڵی لە بەرامبەر فرۆیـددا لـە شـێعری شـاڵدا هەڵـدەڕێـژێ. کـە بـە بـڕوای نووسەری ئەو دەقە ئەوجی دەربڕینی ئە هەموو هەستە لە بەشی کۆتایی شێعرەکە دایە . ئە جێگایەی شاعیر دەڵێ :



ئاە!

سڵاو پاییز
سڵاو ئەی کۆترە گرینۆکەکەی باوانە شارانم
سڵاو دۆستی شەشپەڕە ناڕەنگەکان
ئەو دەمە بەجێت هێشتم
کانی چەمەری و دووکەڵی بەیتت لێژ هاڵاندم
نەمدەزانی لاوەتی چییە
نەمدەزانی قەت پەپوولەیەک هەڵبژاردە نییە
ئەویش ئەو کاتەی تۆ لە سیرە و شۆڕەبی دەس بەرنادەی
نامەکەت بە دەستم گەیشت
تەڕ بوو لە بێدەنگی و ئاوەژوو بوو لە ئاو
ببووڕە وە مانگم خست
بۆ وەبیرهێنانەوەی
سڵاوێکت لە دڵی گەڵا و خوناوەی لاوەتیمدا جێ هێشتبوو
ئیتر فرمێسکم لێ بوونە عەترەکچ
شەوانە پەنجەرەکە داناخەم و
هەڵۆی قەرار
فێرە بریـنی شێعر ناکەم.))

سەرچاوەکان:
۱- پیش درآمدی بر نظریەی ادبی تری ایگلتون ترجمەی عباس مخبر
۲- درآمدی بر نشانه شناسی هنر دکتر محمد ضیمران
۳- ساختار وتاویل متن بابک احمدی
٤- ارغنون ٤ نقد ادبی نو چاپ دوم سال١٣٨٦
٥- کتاب ماه ادبیات و فلسفه سال ششم شماره٧ اردیبهشت ماه ١٣٨٢
٦- گەنجی سەر بە مۆر کاک ئەحمەدی بەحری بەرگی یەکەم
۷- مکتبهای ادبی جلد اول رضا سید حسینی

مایاکۆڤسکی، هونەرمەندی خەباتگێڕ


بە بۆنەی سەدوبیستەمین ساڵیادی لە دایکبوونی مایاکۆڤسکی

بابەک سەحرانەوەرد



هەر چەند شۆڕشی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ تەواوی خەڵکی ڕووسیای وروژاند و شاڵاوی خەڵک، ئاڵای تیزارە ڕووسەکانی پچڕپچڕ کرد و تەنانەت هەموو هونەرمەندان لەم شۆڕشە لەگەڵ جەماوەری عەوام هاودەنگ بوون، بەڵام چوونکە دوای ماوەیەک، هەمیسان سیستەمیکی دیکتاتۆڕی بەسەر خەڵکی ڕووسیا زاڵ بوو، هونەرمەندان و ڕووناکبیران لە ڕیزی یەکەمی دژایەتی لەگەڵ ئەم سیستەمە ڕاوەستان و هەر کام بە ملپیچی لەم دۆخە ناڕەبارە هەڵوێستی شەخسی خۆیان خستە ڕوو.

مایاکۆڤسکی (١٨٩٣-١٩٣٠) وەک سەرپەلی قوتابخانە هونەری فۆتۆریسم، ئەگەرچی چالاکی سیاسی زۆری لە ئەستۆ گرتبوو بەڵام دوا ئەوەی کە بۆی دەرکەوتبوو ئەم سیستەمەش- مارکسیزم لینینیسم –دیکتاتۆرییە، زۆری لێ ساردبوو و لە چالاکیگەلی سیاسی بۆ هەمیشە خۆی ڕزگار کرد و تەواوی ژیانی بۆ هونەر و نووسین تەرخان کرد. بۆ ئەو دەرکەوتبوو کە سیاسەت هیچ کاتێک لەگەڵ هونەر هاوشان نابێ، بە هۆی ئەوەی کە سیاسەت بە جیهان و مرۆڤ وەک ئامرازێ بۆ سەقامگیربوونی خۆی دەڕوانیت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەدەب و هونەردا، یەک بە یەکی مرۆڤەکان دونیایەکی پڕ لە نهێنی و سەیر و سەمەرەن و هەر لیرەوەیە کە ئێمە لەگەڵ دیاردەکانی ئەم دوو بوارە بەرفراوانەدا، بەرامبەر دەبینەوە. مایاکۆڤسکی وەک شاعیر، شانۆکار و بیروکەوانیکی خەباتگێڕ، ئاژاوەگێڕ و نێو بەدەرەوەکراو لە دەرفەتێک بە ناو «ژیان» هەڵومەرجێکی تایبەتی لە وێژە و هونەری سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ ئێمە ڕەخساند و بەم کارە بە سانایی نیشانی دا کە هونەر گەر بوەستێت، بۆن دەکا و ئەگەر پێش کەوێت دەتوانێ ئاسۆگەلێکی بەرفراوان و فرە ڕەهەند و جۆراوجۆر لە خۆیەوە بۆ ئێمە و ئەم جیهانە سامناکە ئاڕاستە بکات. بەرهەمەکانی مایاکۆڤسکی جگە لە نوێکردنەوەی وشەگەلی ئاسایی، فەزایەکی ئیستاتیکی بە وێناکردنێکی ڕەسەن لە هەموو لایەنەکانی دەر ئەخات کە ئەڵێی ڕیشە و ڕەگەزی ڕاستەوخۆی تەواوی ئەو هەستونەست و شتگەلەن کە لە ئاقاری ئێمە دان، بەڵام ئێمە تازە فێر دەبین کە چۆن لەوانە ڕامێنین و لێیان ورد ببینەوە. ئەمە وەک جەوهەریکی سەرەکی لە شێعرەکانی مایاکۆڤسکیی فۆتۆریستە کە بۆمان دەرکەوتووە. مایاکۆڤسکی لە ڕیزی ئەو ڕۆشنبیرانەیە کە ژیانیان لە ئەزموونِدا و تەنانەت ئەوپەڕی ژیانیش کەوتن. بەدەگمەن ئێمە ڕۆشنبیرێک لە ئاستی«مایاکۆڤسکی»،«هێمینگوێی»و «سادق هیدایەت» دەبینین کە بتوانێ بەم چەشنە کە ئەوان ژیانیان بە گاڵتە گرتبوو، ژیان بە گاڵتە بگرن و هەموو کونج و قوژبنی لێک بدەنەوە.



لە پێناو ئەم دیدگایە، هونەرمەند دەتوانێ و ماقی ئەوەی هەیە کە تا تڕۆپکی پلەی مرۆڤناسی بڕوات و ئاوڕ بۆ هیچ سیاسەتکار و لێکۆڵەرێک نەداتەوە. مایاکۆفسکی هەمیشە دەیگوت:

«هونەر یان دەبێ ئاوێتەی ژیان بێ یاخود هیچی لێ نەمێنێتەوە».

بەتەواوی ئەم وتانە، بۆ مایاکۆفسکی دەرکەوتبوو کە ژیان، ئەڤین و هونەر سێ ڕەهەندی دیاریکراون کە گرینگترین بایەخیان لە گۆڕەپانی ئەندێشە ئارمانخوازانەی ئەو بوو. مایاکۆفسکی ئەو چانسەی بوو بەر لە مەرگی بە هۆی ئەو هەمووە چالاکییە سیاسی و ئەدەبییە، ناوی بکەوێتە ناو نێوان. هەر هونەرمەندێک پێی خۆشە خوێنەران بە خوێندنی کتێب و هۆنراوەکەی بزەیەک بگرن و خورپەیەکیش بە هەناویاندا بێت و زەین و نیگایان لە دەق ورد بێتەوە. بەرهەمەکانی ئەم ڕوناکبیرە بە جۆرێک وەک پێوەرێکە بۆ ڕوانینی ئەو کۆمەڵگە کە مایاکۆفسکی تێیدا ژیانی بەسەر بردووە. بەرهەمگەلێ کە بە هۆی دژواری و قەدەغەبوونی ئەندێشە و هزر و بیر، نووسەر ناچار دەکات کە زۆر جار بە زمانێکی ڕەمزی وتەکانی دەربڕێت هەتاکوو لە ڕەوتی ئافراندن بتوانێ بیروبۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە جیهان و مرۆڤ نیشان بدات و بەرجەستەی بکاتەوە. یەکەم ئامانجی هەر نووسەر و شاعیر دیارە بەر لە داهێنەری و ئافراندن، مافێکی مرۆڤانەیە کە لە هەموو دەوران و سەردەمێکدا خوازیاری بووە و تەلاش دەکا لە پێناو بزووتنەوەی ئەدەب و هونەر بەم مەرجە سەرەکیی و گرینگە بگات و بە دەستی بێنێت.

دەبێ ئاماژە بەم پرسە پەیوەندیدارەش بدەین کە مایاکۆفسکی بە نووسینی شێعر و شانۆ کە یەکەمین دالّغەی بووە و لە یەک بە یەکی ئەو بەرهەمانە ژیانی کردووە، تیشکی خستە سەر ئەم پرسە سەرەکییە کە ئاخۆ ئامانجی مرۆڤ لە پێناو ئەدەب و هونەر، تەنیا وەختکوژییە و دەبێ بۆ وەستان و کۆنەپەرستی مل شۆڕ کات و ملکەچی قەدەر بێ یاخود پڕۆسیسی داهێنان و ئافراندن یەکێکە لە مەرجە هەرە دژوارەکەی مرۆڤی هاوچەرخ کە چارەنووسێکی نەحس و گەندەڵیان لە سەرەوە بۆ تەرخان کردووە و یان ئەوەی کە دەبێت هەوڵ بدات لە گۆڕەپانی هەڵوێستە چاکە مرۆڤانەکەی سەقامگیر بێت و یا ئەوەی کە خۆی بخاتە بەر زللەی سروشتێکی بێبەزەیی و دڵڕەق کە هەتاهەتایە گیانی مرۆڤی بە شتێکی سووک زانیوە و وەک گەڵای پاییز لە ژێر پێ وردوخاشی کردووە و دەرئەنجام لە یادیشی بردووە.

هەوالنامەی کتێب

بە تراژیدیابوونی بوونگەرا

لە کتێبی شێعریی "ڕووتبوونەوەی وشەکان"ی (غەمگین بۆڵی)دا

ڕزگار عەلی



ـ مرۆڤ بێ بوون نییە و هەرگیزیش ناتوانێ بێ بوون، بوونی هەبێت. بوونمان وەکوو بوونێکی کەم تواناش لە ئاست شتە نەناسراوەکان تراژیدییە، تراژیدیاش لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە شتە ئایدیاڵ و نەناسراوەکان گەمارۆی بوونمان دەدەن و بوونمان دەگەیەننە حاڵێک کە تەواو خەریکە بوون لە دەست دەدا، .لەم بارەشەوە چەمکی تراژیدیا بە حەتمییەوە لە هەموو لەحزەیەک و ساتێک لە ناو بوونمانە. وەکوو (نیچە) دەڵێت: ((من بەڵێنی هاتنی سەردەمێکی تراژیدیتان پێدەدەم)) . ئەم سەردەمە تراژیدیای (نیچە) باسی دەکات سەردەمێکی دیاریکراو نییە، تراژیدیا لە ئاست ڕووداو و کارەساتەکان نییە، بەڵکوو لەگەڵ لە دایکبوون دایە و بوونێکی ئەنتۆلۆجی هەیە، لێرە تێگەیشتنی (نیچە) لە واتەی تراژیدیا، تێگەیشتنە لە واتای بوون، مادام بوون حەتمییە و کۆتایی‌هێنان بەو بوونەش حەتمییە ئەوا خۆی لە خۆیدا تراژیدییە، تراژیدیی بوون لە نێو کاتدا بڕانەوەی خۆی دەنوێنێت، مرۆڤ هەبوونە کەواتە ڕۆژێ دێت، دەبێتە نەبوون. نەبوونیش ئەوپەڕی پووچگەرایییە. تراژیدیاش لە ناو پووچگەرایی دەرئەنجامەکەی نەبوون و لەناوچوونە. (سیلنۆس) لە وڵامدانەوەی (میدیاس)دا گوتی: بەختەوەرترین مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە کە لە دایک نەبووە- ۱. لێرەدا نەبوون وەکوو هەر (نەبوو)نێک، بەختەورترینە نەک هەبوون بەرەو نەبوون. ئەوەی یەکەم سەرەتای بوونێکی ئەنتۆلۆجییە، بەڵام ئەمەی دواییان مەرگێکی تراژیدییە. ناوەڕۆکی بوون تراژیدیای بوونە، واتە بوون کە هەبوون دروست دەکات، چونکە بیرکردنەوەکەی داهاتووی بوونی مەرگە. کەواتە ژیانیش ئەوپەڕی تراژیدییە، بوون بەردەوام لە چاوەڕێکردنی نەبوونە، نەبوونیش ئازاری بوونە. کەواتە بوونیش هەر نەبوونە. (نیچە) لەمەدا دەیهەوێت سۆپەرمانەکەی بکوژ بێت، ئەگەر بکوژ نەبێت کوژراوە. واتە (نیچە) بوون ناکاتە نەبوون. ژیان ناکاتە مەرگ. بەڵکوو بە بوون، نەبوون دەکوژێت. کۆتایی بەو تراژیدییایە دەهێنێت، لەم تێڕوانینە نەبوون هەیە بەڵام دەبێت بکوژرێت تا بوون هەبێت، که نەبوونیشمان کوشت (گەڕانەوەی ئەبەدی) دەگەڕێتەوە، لەگەڵ بوونی جەللاد کە (نیچە) بە ناوی ویستی هێزی (بەرزە مرۆڤ) ناوی ناوە، بوون نابێتە نەبوون. من بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەم کە لایان وایە : (نیچە) دژە (سوقرات)ە لە بڕواکردن بە فۆڕمە هەمەکییەکان. (سوقرات) هەبوون بۆ بوون ناگەڕێنێتەوە، بەڵکوو

بۆ ئایدیا هەمەکییەکان (فۆرمە بەرزەکان) دەکاتە سەرچاوەی بوون و هەبوون. (نیچە)ش بەهەمان شێوە لەگەڵ (کوشتندا) و هاتنە کایەوەی بەرزە مرۆڤ، بوون و هەبوون بۆ بەرزە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، ئێمە ئەگەر بپرسین (نیچە) کێ دەکوژێت؟ بۆچی دەیکوژێت؟ (نیچە) فۆرمە بەرزەکان دەکوژێت، لێرەدا ئەگەر شتێ بکوژرێت کەواتە هەیە. هەموو کوژراوێک هەبوویەکی هەیە بۆیە دەکوژرێت. کەواتە (نیچە) وەکوو (سوقرات) بڕوای بە فۆرمە بەرزەکان هەیە بۆیە دەیکوژێت، بەڵام بۆ دەیکوژێت؟ (نیچە) لەگەڵ ئەم میتافیزیکە ڕووناکێنەدا ناکۆکە و کاتێت و بڕاوەی بوون بە ڕاستەقینەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت. لە بۆچوونی ئەودا، ڕووناکبینی (سوقرات)، لەسەر هیوایەکی لە بناخەبەدەر ڕاوەستاوە، سەر بەسیستەمێکی هۆشەکی سەردەمی ڕووخاوە، لە لایەکی تریش دەسەڵاتی ڕەها و لەبن نەهاتووی بوونێکی دیکە لە ئاست دەسەڵاتی بوونی مرۆڤدا زەق دەکاتەوە و زەبوونی دەکات، ئەمەش لە بۆچوونەکانی (نیچە)دا، باوەڕکردن بە سەربەستی مرۆڤ و هەبوونی دەسەڵاتێکی میتافیزیکی ڕەها لە ژوور دەسەڵاتی مرۆڤەوە کێشەیەکی (پاردۆکسە) دژوارە. (نیچە) بانگەشەی بوون لە ناو سیستەمێکی میتافیزیکی تر کە لەسەرووی توانای مرۆڤەوە بێت ڕەت دەکاتەوە، چونکە هەبوویەکە کە بوون وای کردووە بێت هەبوون، بانگەشەی ڕووخاندنی ئەم ڕاستییە، ناڕاستە! نەبوون بە هەبوون، لە ناوبردنی هەبوونە، نەبوون پووچکردنەوەی هەبوویەکە و گەڕانەوەیە بۆ نەبوون کە نییە، بۆیە (نیچە) بە ویستی هێز پەنا دەباتە سۆپەرمان (بەرزە مرۆڤ) و فۆرمە هەمەکییەکان دەکوژێت، (نیچە) بەرزە مرۆڤ بە شایستەی ئەوە دەزانێت نەک فۆرمە هەمەکییەکان. چونکە فۆرمە هەمەکییەکان، بوونیان وێران کردووە. بەڵام دەتوانین (هایدیگەر) بە دژایەتێکی گەورەی (ئەفلاتوون) بزانین، کاتێک (دیزاین) لە شوێنی ئایدیا بەرزەکانی (ئەفلاتوون) دادەنێت، (هایدیگەر) فۆرمە هەمەکییەکان بە هەبوون نازانێ تا بیانکوژێ، بەڵکووو بە نەبوون دەزانێت، ئەگەر شتێ نەبوو چۆن دەتوانین بیکوژین! لە نێوان (نیچە) و (هایدیگەر) دوو بوونمان بۆ دروست دەبێت، (نیچە) نەبوون بە هەبوون دادەنێت بەڵام بەرزە مرۆڤەکەی ئەو دەیکوژێت و خۆی لە جێگای ئەو دادەنێت، واتە لە ڕێی تێکشکانی هەبوون کە فۆرمە بەرزەکانە، بوونیان بە نەبوون دەکات. بەڵام (هایدیگەر) بوون یان فۆرمە هەمەکییەکان، – ئایدیا بەرزەکان– (ئەفلاتوون) بە نەبوون دەزانێت و ئاماژە دەکات نەبوون هەر نەبوونە، هەبوونیش هەر بە هەبوو دەزانێت و ئاماژە بەوە دەکات بوون هەر هەبووە و هەر دەبێت.

بوون هەبووە پێش بوونی ئێمە و هەبوون بێدەسەڵاتە لە گۆڕینی بوون، وەکوو چۆنیش سەرەتایەک هەیە بۆ بوونی ئێمە، کۆتاییش هەیە بۆ بوونی ئێمە کە مەرگە، مەرگ کۆتاییهێنانە بە هەبوونمان نەک کۆتاییهێنان بە بوون، هەبوونمان لێرەدا لە بوون نەبوونە، نەبوونیش چاوەڕوانی مەرگە. مەرگ مێژوو نییە، کەواتە نەبوونە. چونکە بوونمان لە ڕابردوودا هەبوونە و میژووی هەیە. ئێمە دڵنیاین کە نەبوونمان لە داهاتوودا ڕوودەدات بەڵام پێشبینی بوونمان بۆ ئەو نەبوونە چۆنە؟ نازانین! لای (هایدیگەر) کۆتایی (دازاین) لە بڕانەوەی ڕووداوەکان و هەبووکانەوە جیاوازە. یەکەم، کۆتاییەکە تراژیدییە، چونکە مرۆڤ بە ئاگاوە بەرەو کۆتاییەکەی دەڕوات. دووەمیش، کۆتایی (دازاین) بڕانەوەیەکی هەمیشەییە و لە گەڕانەوە بەدەرە. بۆ نموونە دەڵێین: بارانەکە وەستا یان فلیمەکە تەواو بوو. باران جارێکی دیکە دەباریتەوە و دەتوانین چەند جارێکیش فلیمەکە ببینینەوە بەڵام گەر مرۆڤ مرد، جارێکی تر ناگەڕێتەوە– ۲. لێرەدا بوونمان هەمیشە لە مەترسی نەبوون دایە بەڵام بوونمان نایهەوێت جارێ بمرێت، مردنەکەی دوا دەخات. خودی دواخستنی بوونمان وەکوو نەبوون تراژیدییە چونکە هەبوونمان لە بوون هێشتا نەگەیشتۆتە کۆتایی ئەوەی کە بوونمان دەیخوازێت، کۆتایی هات و نەبوون ڕووی تێ کرد و بووە نەبوون. لێرەدا مردن کۆتایی هەموو بیرکردنەوەیەکی بوونمانە کە ڕوو لە داهاتوو دەکات، بە داهاتووی بوونی ناگات. مەرگ گەورەترین ئیمکانە وەکوو (هایدیگەر) دەڵێت: ((ئیمکانی نەبوونی هیچ بوونێکە مرۆییە)) ، مەرگ دواهەمین ئیمکانەش کە گشت

ئیمکانەکان ناهێڵێت. ئایا بوونمان کە بیر دەکاتەوە بێتە نەبوون، دەبێتە ئەگەرێک لە ئەگەرەکان؟ (سارتر) ئاماژە دەکات کە سەرهەڵدانی ئەگەرەکان، ئەگەری من نییە، ئەگەرێکە لە دەرەوەی من. لەناوبردنی ئەگەرەکانیش لە دەرەوەی ئەگەری منە، کەواتە مردن و نەبوونمان ئەگەری من نییە و ئەگەری لەناوبردنی ئەگەرەکانمە و لە دەرەوەی ئەگەرەکانم دایە. من ناکۆکم لەگەڵ (سارتر) ! چۆن لەناوبردنی ئەگەرەکانی بوونمان، ئەگەری بوونمان نییە؟ من پێم وایە بوونمان لە بوون هەموی ئەگەرە. ئەوەی جیامان دەکاتەوە لە بوونەوەرانی تر، ئەگەرە. ئەگەر کۆجیتۆی (دیکارت) بە کار بێنین بەم شێوەیە: ((من ئەگەرم هەیە، کەواتە من هەم)). باشترین سەلماندنە بۆ (سارتر) کە ئەگەرەکان لە دەرەوە نییە، بەڵکوو (ئەگەر) هی بوونمانە و لەناو بوونمانە ڕوو لە بوو دەکات. ئەگەری لەناوبردنی بوونیشمان لە دەرەوەی ئەگەرەکانی منیدا نییە و بەشێکە لە بوونمان لە بوون، مادام بوونمان پڕۆژەیەکە بۆ دامەزراندنی ئەگەرەکان لە بوون، ئەوا بوونمان پڕۆژەیەکیشە بۆ دامەزراندنی ئەگەرەکان لە بوونمان، نووسەرێک چەند کتێبێکی ماوە بۆ تەواو بوون، لە ترسی هاتنی ئەگەری بوونی بە (نەبوون)، کام کتێب زۆر گرینگە بە لایەوە، یەکەم جار ئەوە تەواو دەکات. ئەوەشی دەمێنێتەوە، دەمێنێتەوە لە بوون، چونکە بوونی من تەواو بوو ئەگەرەکەش تەواو بوو. تەواو بوونی بوونیشمان لە بوون، دوو ئاراستەی بۆ بوونمان وەکوو (ئەگەر) ڕوومان تێدەکات.

یەکەم: بوون پڕۆژیەکی بڕاوەیە.

دووەم: بوون پڕۆژیەکی هیچە!

(ژان پۆل سارتر) لە کتێبی (بوون و نەبوون)دا، زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بەم دوو خاڵە دەدات و دەیگەڕێنێتەوە بە چەندایەتی ژیانمان لە بوون، لە پیریدا بوون وەکوو پڕۆژەیەکی بڕاوەیە، ئەمەش جۆرێکە لە هەڵبژاردنی شتە بڕاوەکان. لە تەمەنی جوانیدا کە جوانەمەرگمان دەکات، بوون بە کەمییەوە پەیدا بووە....؟ ئەگەر گەڕانێکی فیکری بە ناو کتێبی شێعری (ڕووتبوونەوەی وشەکان)ی شاعیر (غەمگین بۆڵی)دا، ئەوا یەکسەر تووشی گەیشتن بە بوونێک دەبین، بوونێک کە تەواو بوونەوە و ئەو بوونەی وەک خۆی بەرجەستە کردووە. هەر وەک شاعیریش وەها ناوی بردووە (مننامە). ئەگەر زیادەگۆیی و ستایشی کۆیڕانە نەبێت، تەواوی شێعرەکان ئەگەر بە دێڕێکیش بێت تەرخان کردووە بۆ بوونمان وەکوو بوونێکی ئەنتۆلۆژی، ئەمەش قوواڵبوونەوەی (بۆڵی)مان بۆ دەردەخات لە ناو (بوون و نەبوون)ی ژیان کە تا چەند مانای هەیە و تا چەند دەتوانین تێیدا بەختەوەر بین.

غەمگین بۆڵی لە شێعرێکدا نووسیویەتی:

کەس نازانێ

لە پشتی شەو

لە تەنیشت پۆژ

چی ڕوو دەدات؟ (ڕووتبوونەوەی وشەکان) ل٨٩

(نازانێ) گوزارشتکردنێکی بێمانایە بۆ بوونمان، کە لە دواجاردا بەرەو مەرگ بەلکێش دەکرێین، ئەمەش بێئیزنی خۆمان. هەر لە سۆفیستەکانەوە تا ئێستاش زۆربەی فەیلەسووفەکان بەسەر دوو قۆناغ دابەش بوون .

قۆناغی یەکەم / ئایدیالیزم.

قۆناغی دووەم / مەتریالیز.

ئەم دوو قۆناغە هەر یەکە و بە شێوەی جیا بە دوای ئەم پرسیارەدا گەڕاون کە لە بووندا چی پوو دەدات؟ بەڵام زۆربەیان بە دەستبەتاڵ گەڕاونەتەوە، واتە نەگەیشتوونەتە بڕیارێکی یەکلایی، یان بڕیارێکی قایلکار. چونکە ئاگامەندیی مرۆڤ سنووردارێکی هەیە کە ناتوانێ تا (پشت شەو و تەنیشت پۆژ)دا بڕوات کە شاعیر ئاماژی پێکردووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە (بۆڵی) بۆ دێت و دیسان ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ باسێک کە زۆر کەس خۆیان بێمانا کردووە لە سەری!

لێرەدا نەبوون گوزارشتە بۆ بێتوانایی و نەزانینی مرۆڤ. نەزانین نەبوونە، واتە هەموو نەزانینێک پوو لە نەبوون دەکات نەک هەبوون، چونکە ئێمە گەر شتێک بزانین پێویست ناکات ئاگامەندیی بۆ بخەینە کارەوە، واتە نەبوون بریتییە لە ماهیەتی مرۆڤ. ماهیەتی مرۆڤ، گەڕانە بە دوای نەبوون. ئایا هەموو نەبوونێک دەبێتە هەبوون؟ ئەگەر هەموو نەبوونێک ببێتە هەبوون ئەوا ئێمە دەزانین چییەتی مرۆڤ چییە و ئیشی چییە لە بوون؟ نامۆیی مرۆڤیش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە (نازانێ) یان ناتوانێ هەموو نەبوونێک بکاتە بوون. هەموو نەزانینێک بکاتە زانین. بە بڕوای (هیگڵ) نامۆی بارودۆخێکی پێویستییە، پێویستی بارودۆخەکە بۆ زانینی نەزانینە. نامۆیی زانینیش ئەوەیە زانین دەیهەوێت خۆی تەواو بکات و بگات بە تڕۆپکی زانین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بوونی مرۆڤ لە بەر ئەوەی لە نەبوونەوە بەرەو نەبوونی دەڕوات و هەوڵی خۆ تەواوکردن دەدات (کات)یە و شتێکی نەبڕاوە و هەمیشەیی نییە. بە بەردەوامی ئێستای دەکات ڕابردوو، بەرەو داهاتووش لە پێناو وە دەستهێنانی پڕۆژکانی پەت دەکاتەوە و بوونێکە لە ڕابردوو ناژیت و(ئێستا)ی کورت و نەفەسە و چاو لە داهاتوو دەبڕێ. بوونێکە بۆ تەواوبوونی خۆی بەرەو داهاتوو دەڕوات و لە هیچ وێستگەیەکی (ئێستا) خۆی ڕاناگیرێت. بۆ ئەو ئێستا لە ڕابردوو، داهاتوو لە ئێستا و داهاتووی داهاتووش لە داهاتوو باشتر و پێشکەوتووترە و ئاگامەندانە ڕووی تێدەکات÷۲÷ .

لێرەدا نەبوون بەردەوام دەبێتە ڕابڕدوو، بوونیش هەر دەم لە داهاتوو دایە. ئەمەش نزیکمان دەکاتەوە لە فەلسەفەی (درێدا) و (بلوخ) کە (بوونمان) وەکوو ناتەواوێک دەبینین کە هەرگیز تەواو نابێت، هەر دەم (نەبوون) وەکوو کردەیەکی کامڵبوونی بوون، دەبێت بوون تەواو کات... کاتەکان دەوەستێنن! شاعیر لە شێعرێکی تردا کە تەواو تێکەڵی هونەری بەسمەستان بووە و لەوێوە دەیهەوێت باسی (خۆکوشتن) بکات! دەشێت هەموومان بەم کردەیە درۆیەکی گەورە بۆ دونیا، بۆ ژیان بکەین! بۆیە شاعیریش لە وێنەیەکی شێعریی‌دا باسی لەم حاڵەتە کردووە و تەواو ئەو واقیعەی بەرجەستە کردووە.

دەرگاکان قفڵ دەدەم!

پەنجەرەکان دادەخەم!

پەردەدەکان دادەدەمەوە!

گڵۆپەکان دەکوژێنمەوە!

جگەرەی درۆیەکی تر ...

بۆ ژیان بە با ددەم

دەمەوێت باسی خۆکوشتن بکەم. (ڕووتبوونەوەی وشەکان) ل۸

شاعیر لێرەدا دەیهەوێت وینەیەکی تراژیدیمان لە سەر بوون پێبڵێت، دەیهەوێت دەرگا لە سەر بوون دابخات و بڵێ بوون تۆ هیچ نیت، ئەوەشی هەیت بە دەست خۆمیت. بوونی من، بوونی تۆ بە نەبوون دەکات واتە من زۆر ئاسان دەتوانم بوون بکەمە نەبوون. ژیان لێرەدا دوو بوونە بۆ بوونمان. یەکەمیان، بوون. دووەمیان، نەبوون... بە هەر دووکیان بوونمان دروست دەکەم، (بۆڵی) لێرەدا زۆر ئاسان دەیهەوێت بەشێک لە بوونی بکاتە نەبوون، بەڵام ئەو بەشە بەس نییە بۆ ئەوەی بکەیتە جەوهەری نەبوون، بەڵکوو دەبێت بچیتە ناو بوونێکی تر، کە نەبوونە. باشترە نموونەیە بۆ خوێنەر بهێنینەوە بۆ ئاسان تێگەیشتن .

ئادەمییەک زۆر نامۆیە، ئەو نامۆیە ئەگاتە ساتێک بیر لە نەمان بکاتەوە واتە خۆی بکوژێ ، لەم ساتەدا دەبێت ڕووبەڕووی دوو ئەگەر ببینەوە کە یەکەمیان، ئەگەر لە ژیان دەرچوون کە بریتییە لە وازهێنان لەو شتانەی کە ژیانمانی دروست کردووە. ئایا ئەمە بەسە بۆ خۆکوشتن؟ نەخێر، ئەوە خۆکوشتن نییە بچێتە شاخێک و تەواو شار بەجێبهێڵێت! بەڵکوو خۆکوشتن بریتییە لە وازهێنان لە ژیان کە بوونی من نییە و وازهێنان لە خۆم کە بوونی منە. (بۆڵی) لێرەدا قۆناغی یەکەمی بڕیوە، بەڵام قۆناغە سەختەکە ماوە کە وازهێنان لە خۆمە. لە قۆناغی دووەمدا بۆڵی ڕووبەڕووی سەختییەک دەبێتەوە، ئێمە با پرسیارێک بکەین، ئایا (بۆڵی) بۆ دەیهەوێت خۆی بکوژێ؟ ئایا (بۆڵی) بە خۆکوژی دەیهەوێت ببێتە بووێکی ڕەسەن بچێتە ناو چەرگەی بوون یان دەیهەوێت بەتەوای لە بوون دەرچێت و ببێتە نەبوون. ئەگەر باش لە شێعرەکە ورد بینەوە (بۆڵی) هەنگاوێکی ماوە بۆ چوونە ناو مەرگ و وەستاوە و بیر دەکاتەوە، چونکە دەڵێت: (دەمهەوێت باسی خۆکوشتن بکەم)، ئایا (بۆڵی) بیر لە چی دەکاتەوە؟ نەبوون لای شاعیر ڕاکردن نییە لە بوون، بەڵکوو دەیهەوێت بچێتە ناو چەرگەی بوون و بێتە ئەو بوونەی کە خۆی دەیهەوێت، نەک بوونەوەرانی تر دەیانهەوێت، ئەو دەیهەوێت بەرەو مەرگ هەنگاو بنێت بێئەوەی ببێتە نەبوون، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە هەموو مەرگێک نەبوونێکە! لێرەدا قسەکردن لەسەر بوونێکی ڕەسەنە نەک مەرگ...ئەگەر بمانهەوێ مەرگ لای (بۆڵی) بەراورد کەین بە مەرگ لای (سوقرات). مردن لای (سوقرات) مردن نییە و سەرەتای قۆناغێکی تازەی بوونە. کاتێکیش پیاڵە ژەهرەکە دەخوات دواییں بۆچوونی خۆی وەها بەجێدەهێڵێت، من بەرەو مەرگ و ئێوە بەرەو ژیان، خودا دەزانێ کامیان چاکترە؟. شاعیریش دەیهەوێت وەکوو (سوقرات) بەرەو ژیانێک تازە بڕوات، بەڵام نەک ژیانێکی تر! (سوقرات) ئەم ژیانە دەکات سێبەری ژیانی (ئایدیا بەرزەکان) کە لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا کە (نەبوونە). (سوقرات) ئەم نەبوونە بە بوونێکی تەواو ڕەسەنی دەزانێت، بەڵام (بۆڵی) ئەم بوونە دەیهەوێت بکاتە بوونێکی خۆی و نەبێتە نەبوون، واتە ئایدیا بەرزەکان بە نەبوون دەزانێت و دەیهەوێت نەبوونی بوونی خۆی بە بوون بکات . لێرەدا (بۆڵی) بیر لە بوونێکی نیهێلیستیانە دەکاتەوە دەیهەوێت ئەم بوونە بکاتە نەبوون و بوونی ڕەسەن کە نەبوونە بکاتە بوون.

هەر وەک لەم شێعرەیدا تەواو ئەم ڕەهەندی نیهێلیستانە بەرجەستە بووە. ئەمە نموونەی شێعرەکەیەتی :

سبەی خۆم سەفەرییم

بە مردن بڵێن:

با خۆی لە دوای من ئەزیەت نەدا. (ڕووتبوونەوەی وشەکان) ل٢٧

ئەمە گوزارشتکردن لە ناتەبایی و ترس و چارەنووس و دڵەڕاوکێی مرۆڤ بەرامبەر بوون و ژیان، ئەو ژیانەی کە پڕە لە ناتەبایی. (سامۆیل پیکێت) لە بارەی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ناو خۆی، بۆ ناو دونیایەکی تر، بۆ ناو تەنیایی دەنووسێت: ((مرۆڤ تەنیایە، بەردەوام هەوڵ دەدات پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروپشتی ببەستێ، ساتی ئەو پەیوەندییەش دێتە دی، دەبینین مرۆڤەکەی بەرامبەر یان بە خۆیەوە یان بە شتە ڕۆتینەکانەوە سەرقاڵە، دیسانەوە لە بازنەی تەنیایی خۆی دەبینێتەوە)) تەنیایی بوون ئاماژە نییە بۆ ساتێک کە بوونمان لە بوون تەنیایەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ ساتێکی سایکۆلۆژی کە مرۆڤ نازانێ بوونی بوونمان چییە؟ ساتی تەنیابوون ساتێک نییە کە بوونمان، بوونێکی کۆمەڵایەتی نییە. ساتی سەرسوڕمانە بەرامبەر بوون، ساتی هەڵهاتنە لە بوونێکی وەهادا کە نابێت بوونمان بێت.

شاعیر لەسەر کوشتنی چاوەڕوانی ئیش دەکات، چاوەڕوانی ئەوەی کە لە هەموو کاتێکدا نەبوویەک پەلاماری بوونی بدات، لە سەرەوە دوو بۆچوونمان ڕوون کردەوە لە سەر ئەگەرەکان، کە بوون وەکوو (ئەگەر) ڕوو دەکاتە بوونمان بە دوو شێوەی بڕاوە

و پووچی، برِاوەمان بۆ چۆنایەتی تەمەن و پیری گەرِاندەوە. کەمی بوونیش یان هیچبوون بۆ زەمەنی گەنجایەتی گەرِاندەوە، لێرەدا (سارتر) هەموو نەبوونێک لە کاتی گەنجی بگەرِێتەوە لای بوونی گەنجەکە بە بوونێکی پووچی و بێمانا دەزانێت، بەڵام بیری نەکردۆتەوە هەر شتێک ئامادە بێت بۆ پوودان، ئەگەر پووش نەدات بە پوودان دێتە هەژمار، چونکە ئەو پوودانە هەر دەمێنێت و لەسەر (کات) وەستاوە و کاتەکەش لەوانەیە سەعاتێکی تر بێت. واتە خۆ نەبوون (مەرگ) برِیاری نەداوە کاتێکی دیاریکراو پوو لە بوونمان بکات، تا بچینە سەر قۆناغی دووەم کە (سارتر) بە پیری و برِانەوە ناوی دەبات نەک (پووچی). شاعیریش لە شێعرەکدا لە سەر پووچییەک ئیش دەکات کە هەر کاتێک بێت، بوونەکەی بە نەبوون دەکات بێرِەزامەندی بوونی، لەو کاتەدا شاعیر دەیهەوێت پووچی لە بوون بکوژێت، چونکە بێرِەزامەندی ئەو دێتە ناو بوونی. ئایا چۆن پووچی دەکوژرِێت؟ شانۆی (لە چاوەروانی گۆدۆدا) نووسینی (ساموئیل بیکیت)، ئامازەیە بۆ خودی ئەم چاوەروانییەی کە رۆژێک یان کاتێک نەبوونێک رِووت تێدەکات، ئەم نەبوونە و چاوەرِوانی (گۆدۆدا) تراژیدییەکی میتافیزکییە و بە جۆرێک چاوەرِوانی کەسێک یان رِووداوێک یان هەر شتێکی تر کە نادیارە ئەم چاوەرِوانییە نەبوون و فەنابوون و مردنە. بەڵام شاعیر رِێک پێچەوانەی شانۆی (لە چاوەرِوانی گۆدۆدا) ئیش دەکات و نایهەوێت وەکوو کەسایەتییەکانی چاوەرِوانی گۆدۆدا چاوەرِوان بکات و کەسێکی پووچگەرا بێت .

شاعیر کەسێک نییە لە کەسایەتییەکانی شانۆی لە چاوەرِوانی گۆدۆدای (ساموئیل بیکیت) ، بەڵکوو کەسایەتییەکی (دۆنکیشۆت) ئاسای هەیە. هەموو سەرکێشیەکانی (دۆنکیشۆت) بۆ ئەوە نییە بگاتە شتێک، بەڵکوو بۆ ئەوەیە چیتر چاوەرِوانی شتێک نەکات. دۆنکیشۆت پێی باشترە بمرِێ نەک چاوەرِوانی مردن بکات. لێرەدا (غەمگین بۆڵی) شاعیریش لە بەشێکی شێعرەکانی کاری لە سەر ئەوە کردووە. کارکردن لە مردندا، مردن لە پێناوی کوشتنی مردنە. بەو واتەیەی کە کوشتنی مردنمانەوە، کوشتنی بوونە!

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

١. پووتبوونەوەی وشەکان ، شێعر– غەمگین بۆڵی. لە بڵاوکراوەی سەنتەری رِۆشنبیریی خەون = پرِۆژەی کتێبی خەون. زنجیرە (٢) چاپی دووەم ٢٠١٢. چاپخانەی (رِۆژ هەڵات) هەولێر.

٢. –بوون و نەبوون، ژان پۆل سارتر، وەرگێرِانی: د. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١

٣. فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)، جۆن ماکواری، وەرگێرِانی:ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧

٤. هایدیگەر و شۆرِشێکی فەلسەفی، د. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧

٥. نیتشە و پاش تازەگەری، د محەمەد کەمال ، چاپ دەزگای حەمدی، سلێمانی٢٠٠٦

پەراوێزەکان

(١) نیتشە و پاش تازەگەری، د.محمد کەمال...ل٢٥

(٢) هایدیگەر و شۆرشێکی فەلسەفی، د محمد کەمال...ل١٢٦

(٣) بوون و داهێنان ، د. محمد کەمال...ل٨٢

فەزیلە خان

سامان خزری

فەزیلە خان کچی عەبدوڵڵای محەممەد سەدیقە و لە "١٩٤١/٦/١٨"ی زایینی لە شاری سولەیمانی لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٤ خوێندنگەی سەرەتایی گوێژەی کچان و لە ساڵی ١٩٦٠ خوێندنگەی ناوەندی و ئامادەیی مامۆستایانی کچانی لە شاری سولەیمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٠ ــ ١٩٦١ لە خوێندنگەی خانزادی سەرەتایی کچان لە سولەیمانی بە مامۆستا دامەزراوە و دەستی کردووە بە نووسین و دانانی شێعری هەموو جۆر و سروود بۆ ساوایان و گۆرانی چیرۆک بە هۆنراوە.

شیعری فەزیلە خان

فەزیلە خان شاعیرێکی ناسک خەیاڵ و خاوەن بەهرە و هەستیارە و وەکوو شاعیرێکی کلاسیکی دێتە ئاراوە و ئەوەندەی جیاوازی لەگەڵ شاعیرانی پێش خۆیدا نییە و هەمان وێنە و فەرهەنگی دەربڕین و کەرەسەی زمان بە کار دەهێنێ کە ئەوان بنچینەکەیان داناوە، واتە شاعیر پەیڕەوی شاعیرانی پێش خۆی و بە تایبەت پەیڕەوی شێوە و شێوازی شاعیرانی هەورامی کردووە و لەسەر کێشی پەنجەی خۆمالّی واتە بەیت لەگەڵ بەیت هەڵبەستی هۆنیوەتەوە.

فەزیلە خان بە زمانی سادە و وێنەی ساکار کە زیاتر لە خەڵکەوە نزیکە شێعرەکانی ڕازاندۆتەوە، بۆ وێنە لە پارچە تابلۆیەکی خەماوی ژیانی پیرەمێردێکی بێکەس و هەژارمان بۆ دەکێشێ کە تەنیا سێ مەڕی لاواز و بێکەڵک و گەڕ و بێفەڕ نەبێ هیچ شتێکی تری نییە، بەڵام ئاغای ستەمکار و لە خوا نەترس و چاو برسی و چەپەڵیش تەماع لە سێ مەڕەکەی دەکا و هەر کە دەزانێ مەڕەکان گورگ خواردوونی، گورجێ هەڵدەستێ و بێوچان و بێپشوودان پیرەمێردی بێکەس و هەژار و کز و لاواز دەداتە بە لێدان و ئەوەندەی لێ دەدا، تا هەناسەی لێ دەبڕێ، بەڵام ماڕێک لە ڕێدا بە ئاغای تەماعکار و چاوچنۆک و ستەمکارەوە دەدا و دەیکوژێ و بەم جۆرە، خوای پەروەردگار و گەورە و دادگەر تۆڵەی مامە پیرەی هەژار و بەستەزمانی لێ دەستێنێتەوە.



فەزیلە خان لە چیرۆکی پیرەمێردی هەژار و ئاغای تەماعکار و ستەمکاردا تابلۆی خەمناکی و زۆرداری پێشان دەدا و دەڵێ:

ئەگێڕنەوە لە سەردەمی زوو — پیرەمێردێک بوو ڕێش تاڵە دەزوو
مامەی پیرەمێرد هیچ کەسی نەبوو — تاقە سێ مەڕ و زۆریش زەبوون بوو
تاقە سێ سەر مەڕ، بەڵام هەمووی گەڕ — هەمووی لاواز و بێکەڵک و بێفەڕ
بەڵام ئاغای پیس ئاغای چاو برسی — وەرە تۆ ئاغا لە خوا نەترسی
تەماع بکەیتە سێ سەر مەڕی گەڕ — سێ سەر مەڕی کێ؟ مەڕی مامەی لەڕ
هەر ڕۆژئاوا بوو ئاغا کەوتە ڕێ — بۆ ئەو نییازەی بە خەیاڵیا دێ
کات نیوەشەو بوو ئاغا گەییە جێ — ئاغا زۆر بە فیز هەنگاوی دەنێ

وا دای لە دەرگا لە نیوەشەوا
هەڵسا پیرەمێرد لە شیرین خەوا

مامەی پیرەمێرد زۆر بە ترسەوە
بەرەو دەرگا چوو تا بیکاتەوە

لە پڕ وا بینی کابرایەکی زل
خۆی کرد بە مااڵ دەستی کردە مل

سەیری کرد ئاغا مەڕ دییار نییە
پیرەمێرد نەبێ کەس لە کار نییە

پرسی مامە گیان کوا مەڕەکانت؟
مەڕە تێک سمڕا و سپی و جووانت؟

وتی بە قوربان گەورە و نازدارم
تۆ خوا نازانی چەند خوفەتبارم؟

وتی پێم بڵێ بۆم بگێڕەوە
کوا مەڕەکانت؟ ئەبوریمەوە

مامەی پیرەمێرد باسی بۆ کرد جوان
ئاغا گوێی ئەگرت هەر بە خۆ لێدان

لە نیوە شەوا گورگە هارە هات
زۆر دڕ و وڕ بوو بەزەیی نەهات

زوو پەالماری هەر سێ مەڕەی دام
منی بەجێ هێشت چۆن ئەمبینی وام

ئاغا کە زانی هەڵپەی بێسوود بوو
هیوا و تەماعی وا لە دەست دەرچوو

هیچ چارەی نەما هەڵسا بێوچان
پیرەی گرتە بەر لێدان و گۆچان

تاکوو هەناسەی لێ بڕی بەدار
ئینجا بەجێی هێشت وەک گەماڵی هار

بۆ حەسانەوە الی دایە الڕێ
پێوەی دا ماڕێک تۆپی دەست بەجێ

هەروەها یەزدان تۆڵەی وی لێ سەند
بە دۆزەخ شاد بوو گیانی ناپەسەند

فەزیلە خان ئیجگار شەیدای جوانی و دڵڕفێنی نەورۆز و بەهار و سروشتی گیانپەروەری کوردستان بە هەموو شاخ و دۆڵ و کانیاو و دیمەنەکانی بووە و جوانی سروشت لە بەهاردا سەرچاوەی لە دایکبوونی ئەو شێعرانەن کە وەسفی بەهار و سروشت دەکەن، لە پارچە شیعری بەهار و نەورۆزی کوردستاندا جوانترین دیمەنی بەهاری بۆ کیشاوین و بە جوانترین شێوە وەسفی دۆڵ و کانیاو و دەشت و کێو و چیای بەرز و گوڵ و گوڵاڵەی ڕەنگین و سەوزەگیا و درەختی سەربەرز و بەهاری کوردستانمان بۆ دەکا و دەڵێ:

تەماشای خاکی کوردستانی جوان
پڕ لە گوڵاڵە و گوڵ و ئەرخەوان

تەماشای چییای بەرزی بەفرینی
جوانترین دیمەن لە سەر زەمینی

شنەی شەماڵی لەگەڵ بۆنی گوڵ
چەند خۆشە لەگەڵ ئاوازی بولبول

سەرچاوەی سارد و پاک و بێ گەردی
بە خوڕ دێتە خوار لە چییا و هەردی

چیاکەی گوێژە و ئەزمەڕ و مەگروون
دیمەنی جوانیان پڕ ئەکەن دەروون

چەند جوانە کزەی بەهاری ڕەنگین
پڕ لە گوڵاڵە و وەنەوشە و نەسرین

پڕ لە سەیران و شایی و زەماوەند
دڵ خۆش و دڵ پاک الوی شۆخ و مەند

سەرچاوە: ژنانی ناوداری کورد ـ نووسراوەی سەییدنەجمەدین ئەنیسی و سامان خزری ـ چاپ نەکراو

بەرهەم ٦

ڕوانگە، شێوازی گێڕانەوە

بە تێڕامانێک لە شێوازەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکنووسیدا

بابەک سەحرانەوەرد
وەرگێڕانی: شەریف فەلاح



ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دوو نووسەری گەورە بە ناوەکانی "ئەدگار ئالن پۆ و نێکۆلای گوگول" یەکەم کورتە چیرۆکیان بەو پێناسەوە کە ئێمە بەگشتی لە چیرۆک هەمانە، خولّقاند. هاوکات لەگەڵ گەشەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی چیرۆکنووسی، تیۆرێزانانی ئەدەبیش لە ڕوانگەی تیۆری و کاربوردییەوە ئەم ژانرە ئەدەبییەیان کامڵ و پوختە دەکرد و هەر وەکوو ڕۆمان تـوخم و تایبەتمەندییان بـۆی لەبـەر چـاو گـرت. دوای ئـەو دوو نووسـەرە پێشـەنگە، "ئانتوان چێخۆف و گی دۆموپاسان" کورتە چیرۆکیان بە ڕوانگەیەکی نوێ و بـە تێڕوانێنێکـی گرینگ و سرنجڕاکێشەوە داهێنا و لە باری فـۆرم و نـاوەرۆک، زمـان و کەسـایەتی و کـاراکتێر پەروەردییەوە گۆڕانکارییان بەسەر کورتە چیرۆکدا هێنا. هەتا ئـەوەی کـە چەنـد نووسـەرێکی سەدەی بێستەم وەکـوو "ئێرنسـت هێمینگـوای، وێلیـام فاکنـەر و ڤێرجێنیـا وۆلّـف و جـەیمـز جۆیس" و سـەرئەنجام نووسـەرێکی بلیمـەتی وەکـوو "جـروم دەیڤید سـالینجەر" شـێوازێکی زۆر نـوێی لـە چوارچێـوەی فـۆرم، ئەندێشە و ناوەرۆکی چیرۆکدا داهێنا.

کورتە چیرۆکی ئەمڕۆ لە هەمان حاڵدا کە هەڵگری ساکاریگەلی تایبەت بـە خۆیـە، بـەڵام تێـیدا ئاڵۆزییەکـان بـەپێی لـۆژێکی واتەیی دەق دەبێنرێن کە ئەم جۆرە ژانرە ئەدەبییە خوێنەرێکی زۆر وریا و داهێنەر دەخوازێ هەتا لە ناسین و فـامی بەرهـەمدا خۆی بە بەشدار بزانێ و نەبێتە خوێنەرێکی پاسێف و بیرکورت. گۆشەنیگا بەشێکە لە توخمە گەوهەری و پێویستییەکانی هەر چیرۆکێک. لە ڕاستیدا پێوەندیی بە ناوەند و چۆنیەتیی دابەشکردنـی بەرهەمـەوە هـەیە. کورتـە چیـرۆکنـووس لـەم ڕێگـایەوە دەتوانێ زۆر پرسی کامڵ، ڕەوشنگەر و پێویست بخاتە بەردەم بـەردەنگ و خوێنـەران. گۆشـەنیگا هاوکـات لەگـەڵ تـوخمگـەلی وەک: "دەربڕین، ئەتمۆسفێر، کەسایەتی پەروەری، دێالۆگ و زمان" لە توخمە چیرۆکییەکانە. ڕوانـگەی دیکـەش بخاتـە بـەردەم خوێنەر. کەوایە ناسین و تێگەیشتنی نووسەر بە مەبەستی بردنەسەری ئاستی بەرهەمەکـەی، ڕێنـوێنی دەکـات. گۆشـەنیگا لـە پێناسەی سادەدا بە واتەی ڕۆچنەی بینینە. مەبەست لە ڕوانگە، یان گۆشەنیگای چیرۆک، فـۆرم و شـێوازی گێڕانـەوەیە. هـەر شێوازێک لە گێڕانەوە چەشنی ڕۆچنەیەکە بۆ دانی زانیاریی تازە لە بارەی چیرۆکـەوە بـە خوێنـەر. هـەڵبژاردنی گۆشـەنیگا کـە لەوێوە گێڕانەوەی چیرۆک فۆرم دەگرێت، خاوەنی گرینگییەکی زۆرە، چونکە تەنیا لەو ڕێگـایەوەیە کـە چیـرۆکنـووس دەتـوانێ توخم و مادە خاوەکانی چیرۆکمان بۆ بخاتە ڕوو و دواتر بیڕژێتە سەر شرۆڤە و ڕاڤەکردنی و گرینگـتر لە گشت یەکـەم ئـەوەیە کارێک بکات کە هەموو ئەمانەش پێکەوە فۆرم و سیمایەکی ڕەسەن و هەرمان بە خۆیانەوە بگرن. دووەم ئەوەیە لەو ڕێگـایەوە دەتوانین لە ڕوانگە و گۆشەنیگایەکی سەربەخۆوە چیرۆکێک ـ ئاکسیۆن ـ یان کۆمەڵە ڕووداوێک بگێڕێنەوە.

باسکردنی خاڵێک لێرەدا زەروورە، ئەویش ئەوەیە کە گۆشەنیگا (ڕوانگە) پێویستی بە دەستنیشانکردنی گێڕەرەوەیەکی تایبەتیشە. واتە ڕوانگە لەگەڵ هەڵبژاردنی گێڕەرەوە - گێڕەرەوەی چیرۆک - پێوەندییەکی چڕوپڕی هەیە.

بەڵام گێڕانەوە چییە؟ و گێڕەرەوە کێیە؟

گێڕانەوە شێواز یان تەکنیکێکە کە لەو ڕێگایەوە چیرۆک لە لایەن نووسەرەوە دەگێڕدرێتەوە. گێڕەرەوە کەس یان شتێکە کە چیرۆک لە ڕوانگە یان لە زمانی ئەوەوە باس دەکرێت. (گێڕەرەوە دەکرێ شتێکی بێ گیان وەکوو وێنەیەک یان بەرد یان هەر شتێکی بێگیانی دیکەش بێت). لە پۆلێن بەندیدا، تیۆری دارێژەرانی ئەدەبی بەگشتی گۆشەنیگایان بە دوو جۆری "گۆشەنیگای دەرەکی" و "گۆشەنیگای دەروونی" دابەش کردووە کە هەر کامەشیان پێک هاتوون لە چەند بەش کە تایبەتی و جیاجیا ئاماژەیان پێدەکەین. لە گۆشەنیگای دەرەکیدا گێڕەرەوە دەکرێ بە چەند شێوە چیرۆکمان بۆ بگێڕێتەوە: ئەو گێڕەرەوەیە لەوانەیە لە ڕوانگەی کەسێکی زانای کامڵ و بێسنوورەوە چیرۆک بگێڕێتەوە. واتە لەم جۆرە ڕوانگەیەدا، گێڕەرەوە وەکوو بیرێکی سەرتر یان گیانلەبەرێکی بەهێزتر، لە دەرەوەی فەزای ناوەوەی چیرۆک، کەسایەتییەکان، فەزاسازی، دیالۆگ و توخمەکانی دیکەی چیرۆک ڕێبەری دەکات. بەسەر هەموو هەست، نیاز، کردار و پەرچەکردارەکاندا ئاگایە. هەر کارێک بیهەوێت دەتوانێ ئەنجامی بدات و هەر شوێنێک مەیلی لێبێت، دەتوانێ بڕوات. یان ئەو بەرپرسی هەموو کردار و ڕەفتاری ئەکتەر و ڕۆڵگێڕەرانی چیرۆکە. دەتوانێ بچێتە ناو زەینییانەوە و جۆری بیرکردنەوە و ئاڕاستەی فکریان، بۆمان ئاشکرا بکات. ئاگای لە ژیانی یەکە بە یەکەیان هەیە و دەزانێ لە ڕابردوودا کێ بوون و لە داهاتوودا چ ڕووداوگەلێکیان بۆ دێتە پێش. بەپێی زاراوەکان بەم گۆشەنیگا یان ڕوانگەیە دەڵێن زانای کامڵ یان زانای کاملّی بێسنوور.

ئەو هەرچی کە بیهەوێ دەیزانێ، هەر شتێک کە بیهەوێ، ئەنجامی دەدات و وەک خودایەک هەڵسوکەوت دەکات. لە گۆشەنیگای زانای کاملّی بێسنووردا، هەروەک گوتمان ڕیوایەتی چیرۆکێک لە لایەن خودی نووسەر و لە ڕوانگەی کەسانێکی وەکوو "ئەو" یان "ئەوان"ەوە دەگێڕدرێتەوە.

ئەم شێوە لە گێڕانەوە لە دنیای ئەمڕۆدا ئیتر وەک شێوەیەکی کلیشەیی و کلاسیک لە قەڵەم دەدرێت و پێگەی خۆی لە دەست داوە. ئیتر ئەمڕۆکە زانای کامڵ ناتوانێ زەینی نەخۆش، ئاڵۆز و شێوێنراوی مرۆڤی هاوچەرخ کە دوو شەڕی وێرانکەری جیهانی هەست پێکردووە، تێر و ڕازی بکات. یەکێکی دیکەش ئەوەیە ئەم شێوەیە بەهۆی زێدەڕۆییەک کە نووسەر بە ناوی زانای کامڵ لە خۆیەوە دەری دەبڕێت، لەوانەیە لە پڕۆسەی چیرۆکنووسیدا مەوداگەلێک ساز بکات. لە ئەنجامدا مەودای نێوان بەرهەم و بەردەنگ زیاتر دەبێت و خوێنەر دەبێتە کەسێکی پاسێف. هەندێ جار نووسەر بە گۆڕینی ڕوانگە و گۆشەنیگا زەربە لە چیرۆک دەدات و ئەگەری لە کیسچوونی پێوەندیی عەقڵانی و کورتی نێوان بەشە بنیاتنەرەکانی چیرۆک دێتە گۆڕێ و سەرلەبەری بەرهەمەکە دەفەوتێنێ.

لە شاکارە مەزن و هەرمانەکاندا، زۆر جار نووسەر بە شێوەیەک چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە کە هەموو بەش و توخمەکانی پێکەوە لە سروشتێکی هاوبەشدا بەشدارن و کرداری چیرۆکی هێندە بە چڕی لەگەڵ جۆری کاراکتێرەکاندا تێکەڵ دەبێت کە خوێنەر تووشی ئەو شک و گومانە دەکات کە ئایا وەها کەسانێک لە دنیای ڕاستەقینەدا هەن یان تەنیا ئەوە زەینی نووسەرە گیانی بە بەردا کردوون؟ نووسەرانی شارەزا هەتا ئەو ئاستە دەستتێوەردان لە کرداری کەسایەتییەکاندا دەکەن کە توخم و خەسڵەتەکانی پێکهێنەری چیرۆک خەوشدار نەبن و لە ئەنجامدا قەزاوەت و داوەری و ئەنجامی بەرهەم دەهێڵنەوە بۆ خوێنەر.

هەوالنامەی کتێب



هەندێ لە ڕۆمانە ناسراوەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەو ڕوانگە و گۆشەنیگایەوە نووسراون.
"دەوروبەری یەخسیری" نووسینی سامرست موام، "شەڕ و ئاشتی" بەرهەمی تولستۆی، "تام جۆنز" لە نووسینی هێنری فیڵدینگ، "پشکی سەگی ڕاوکەر" لە نووسینی ئێمیل زۆلا، "بنەماڵەی تێبۆ" ڕۆژە مارتن دوگار" و چەند نموونەیەکی ڕۆمانی ئێرانی وەک ڕۆمانی دە بەرگی "کەلیدەر" بەرهەمی مەحمود دەوڵەت ئابادی و "مێردەکەی ئاسکە خاتوون" لە نووسینی عەلیمحەممەد ئەفغانی" لەو ڕۆمانانەن کە بە گۆشەنیگای زانای کاملّی بێسنوورەوە نووسراون.
هەندێ جار دەسەڵات و توانای زانای کاملّ بەرتەسک دەبێتەوە و نووسەر تەنیا یەکێک لە کەسایەتییەکان هەڵدەبژێرێت و ئەوە تەنیا ڕووداوەکانی چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە ئەمە بەو واتەیە نیە کە نووسەر بەتەواوەتی چوارچێوەی دەسەڵاتی وەلا ناوە و لە چیرۆک دەڕواتە دەرێ. بەڵکوو دەڕواتە دەرەوەی چیرۆک و لەوێوە بە چاوی ئەو کەسایەتییەوە کە دەستنیشانی کردووە، کردار و ڕەفتار و ڕەوڕەوەی چیرۆکەکە دەگرێتە دەست. ئەم شێوازە لە پۆلێنبەندیدا بە گۆشەنیگا یان ڕوانگەی زانای کاملّی بەرتەسک ناسراوە.
لە ئەدەبیاتی داستانیدا یەکەم کەس کە ئەم گۆشەنیگایەی داهێنا، نووسەر و دەروونناسی ئامریکایی "هێنری جەیمز" بوو. هێنری جەیمز ناوی ئەو کەسایەتییەی کە چیرۆک لە ڕوانگە و زمانی ئەوەووە دەگێڕدرێتەوە، "سەنتەر" یان "ناوەندی سرێشتی

خودئاگا" ناودێر کردووە. لەم گۆشەنیگایەدا نووسەر تەنیا خۆی دەبەستێتەوە بە یەکێک لە کەسایەتییەکان و تەنیا لە ڕوانگەی ئەوەوە دەزانێ ڕەوتی چیرۆک و کرداری داستانی ببینێ. کەوایە گێڕەرەوە چەشنی زانای کاملّی بێسنوور ناتوانێ بەریان (ئەنگیزە) و فکری کەسایەتییەکانی دیکە فام بکات و تەنیا دەتوانێ ڕەفتار یان هەمان کردەوە بەرچاوەکانیان هەر بەو چەشنەی کە کەسایەتییە سەنتەرییەکەی فامی دەکات، بخاتە ڕوو. لە هەندێک لە بەرهەمەکانی "هێنری جەیمز"دا وەکوو ڕۆمانی "وێنەی ژنێک" ڕووداو و ڕێڕە و ڕەفتارە چیرۆکییەکان بەو چەشنەی کە لە زەینی یەکێک لە کەسایەتییەکانەوە ڕەنگ دەداتەوە، وەسف و پەسن دەکرێت. "جەنایەت و سزا" بەرهەمی داستایۆڤسکی و "پیرەمێرد و دەریا" لە نووسینی "ئەرنست هێمینگوێی" دوو بەرهەمی بەرجەستەی ئەدەبیاتی داستانی جیهان، بەو گۆشەنیگا و ڕوانگەیەوە بەرهەم هاتوون. پاش "هێنری جەیمز، وێلیام فاکنەر، جەیمز جۆیس و ڤێرجێنیا وۆلّف" ئەم شێوازە بەتەواوەتی کاملّ بوو و لە ئەنجامدا فۆرم و شێوازێک لە گێڕانەوەیان داهێنا کە بە ڕەوتی "گەڕیانی زەین" ناوبانگی دەرکرد.

لەم شێوازەدا زانیارییەکانی چیرۆک بە شێوەی ڕەوتێکی تەژی لە گوتار، هەست و ئەندێشە و فکر لە دوو تووێی هەستی زەینی یەک یان چەند کەسایەتی چیرۆک بە شێوەیەکی ناڕێکوپێک و بێسنوور تراوشت دەکات. هەندێ لە باشترین ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم وەکوو بەرهەمەکانی ڤێرجێنیا وۆلّف و وێلیام فاکنەر بەم ڕوانگەیە نووسراون. هەندێ جار لە خولّقاندنی بەرهەمێکدا، گێڕەرەوە تەنیا ئەو شتەی کە بینیوییە یان کەسانی دیکە بینیوییانە، دەگێڕێتەوە و ناپرژێتە سەر داوەری و ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی لە چیرۆکدا ناگونجێنێ. بەڵکوو تەنیا وەک ڕێپۆرتێرێک دەجوولّێتەوە. بەم جۆرە لە گۆشەنیگا لە چیرۆکدا دەڵێن گۆشەنیگای شانۆیی یان ڕوانگەی بەرهەست.

گێڕەرەوە ڕۆڵی کامێرایەکی وێنە هەڵگرتنەوە دەگێڕێت. هەڵبەت کامێرایەک کە هەتا ڕادەیەک توانایی هەڵبژاردنی دیمەن و ڕووداوەکانی هەیە. ئەم کامێرایە بە دەوروبەردا دەسووڕێت و ڕووداوەکان تۆمار دەکات. وەک بڵێی نووسەر یان کەسێکی دی لە گۆڕێدا نییە و ئێمە مرۆڤ و گەردوون تەنیا لە ڕۆچنەی چاوی شووشەیی ئەو کامێرایەوە دەبینین. هەندێ لە ڕەخنەگر و تیۆریدارێژانی ئەدەبی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە لەم ڕوانگەیەوە، هیچ شوێنپێ و ئاسەوارێک لە هەستی دڵسۆزی و هاوەردی یان قەزاوەتکردن لە ئارادا نیە. هەڵبەتە هەندێ جار وا دێتە پێش کە گێڕەرەوە یان هەمان چاوی کامێرا لە پەسنی هەندێ دیمەن یان کەسایەتییەکانەوە داکۆکی زیاتر بکات و بەم چەشنە لە ئەنجامدا تووشی پێشداوەری دەبێت و چیرۆک لە ڕێڕەوی لۆژیکی و سەرەکیی خۆی وەدەر دەنێ. لێرەدا گێڕەرەوە دەبێ لەسەر چۆنیەتیی ڕێپۆرتدان و گێڕانەوە زۆرتر داکۆکی بکات، هەتا لە پڕەنسیپ و گەوهەرەکانی چیرۆک کەم نەکرێنەوە. زۆرینەی بەرهەمەکانی ئێرنێست هێمینگوێی نووسەری داهێنەری ئەمریکایی بەم شێوە ڕوانگەیە نووسراون.

لە گۆشەنیگای دەروونیشدا گێڕەرەوە دەتوانێ بە چەند شێواز چیرۆکمان بۆ بگێڕێتەوە. هەندێ جار گێڕەرەوەی چیرۆک کە دەکرێ کەسایەتیی سەرەکی یان لاوەکی بێت، دەپرژێتە سەر گێڕانەوەی چیرۆک. چیرۆک بە لەونێ ڕیوایەت دەکرێت کە ئێمە پێمان وایە کەسی گێڕەرەوە تەنیا چیرۆکەکە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە و لەگەڵمان لە گفتوگۆ دایە. هەر بەم هۆیەیە کە گۆشەنیگا بە یەکەم کەس یان تاکە پەیڤەر دەناسرێت، هەندێ جار گۆشەنیگای دەروونیشی پێدەوترێت. بەڵام هەندێ جار ئەو شێوازەشیان بە شێوازی "منی گێڕانەوە"ش لە قەڵەم داوە. نووسەر لێرەدا خۆی لە جێگای ئەو کەسایەتییە دادەنێ و لە ڕاستیدا زمانی گێڕەرەوە دەبێتە زمانی نووسەری چیرۆک. هەڵبەتە ڕوون و ئاشکرایە کە لاوازی سەرەکی هەمان سنووراری و بەرتەسکی چیرۆکە. چونکە گێڕەرەوە ناتوانێ لەمەڕ ڕوانگە و بۆچوونی خەڵکانی دی لە بارەی خۆی، شتێکمان پێبڵێ. بۆ لابردنی وەها کەموکوڕییەک، هەندێ جار نووسەر چیرۆک لە گۆشەنیگا و زمانی کاراکتێرێکی لاوەکییەوە دەگێڕێتەوە. ئەم

گۆشەنیگایە ئەو ئیمکانە دەبەخشێ کە کەسایەتی شوێندانەر و سەرەکی چیرۆک نەک لە ڕێگای خۆی، بەڵکوو لە ڕێگای یەکێک لە کەسایەتییە لاوەکییەکانی چیرۆکەوە بناسێت هەتا لە باری ڕێئالیزم و واقیعبێژیشەوە ئاستی بەرهەمەکە لە سەرەوە بێت. لە ڕۆمانی ناوداری "دڵی تاریکی" بەرهەمی "جۆزف کونراد" لە ڕوانگە و گۆشەنیگای کەسایەتییەکی لاوەکییەوە ڕێڕەوی چیرۆکەکە دیاری دەکرێت.

جیا لەم شێوازە گێڕانەوانە لە چیرۆکدا، گۆشەنیگای "تاکبێژی ناوەکی و تاکبێژی دەرەکی"ش هەن کە لە ڕیزی نوێترین ڕوانگەکانی گێڕانەوەی چیرۆک دان و ژێرکۆمای یەکەم کەسی تاکن. لە ڕوانگەی "تاکبێژی دەروونی" دا، گێڕەرەوە دەپرژێتە سەر خستنەڕوو و گێڕانەوەی ئەو شتانەی کە لە زەین و بیری دان و ڕیوایەتی ئەو لە چیرۆک ڕوو لە کەس نیە. واتە وا دێتە بەرچاو کە لەگەڵ کەس ناپەیڤێ و تەنیا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕەفتاری داستانییە کە چیرۆک لە زمانی ئەو کەسەوە دەگێڕدرێتەوە.

لە ڕوانگەی تاکبێژی دەرەکییەوە گێڕەرەوە هەمان ڕیوایەتی چیرۆک ئەنجام دەدات، بەو جیاوازییەوە کە لێرەدا گێڕەرەوە وای دادەنێ کە کەسێک بەردەنگیەتی و گوێ لە قسەکانی دەگرێت.


ئاماژەکردن بەم خاڵە زەروورە کە هەڵبژاردنی جۆری گۆشەنیگا و ڕوانگە پێوەندیی بە بابەت، ناوەرۆک و ئاڕاستەی نووسەری چیرۆکەوەیە. بۆ وێنە ئەگەر نووسەرێک چیرۆکێک لە بارەی بکوژێکی بەناوبانگەوە دەنووسێ، نابێ ئەو چیرۆکە لە گۆشەنیگای بکوژەوە بۆ ئێمە بگێڕێتەوە، چونکە ترسی ئەوە لە گۆڕێ دایە کە بکوژ هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا هەموو پلان و ڕازەکانی خۆیمان بۆ بخاتە ڕوو و ئیدی چیرۆک سرنجڕاکێشی، زنجیرئاسایی و پێکهاتەی خۆی بەگشتی لە دەست دەدات و ئیتر خوێنەر ناتوانێ لە کەشف و دۆزینەوەی کۆد و ڕەمزەکانیدا بەشدار بێت.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی جام جەم:

http://www.jamejamonline.ir/papertext.aspx?newsnum=100889978989

http://minarahmani65.blogfa.com/post/2



ڕیچارد برۆتیگان

وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە:
خالید چەڵەبی

چاوەڕوانی

ساڵەهای خایاند
بەر لەوەی ڕێژەیەک ماچ
لە لێوەکانی بچنم و
بیانخەمە گوڵدانی کازێوەیی دڵم.
بەڵام
چاوەڕوانییەکی بە بایەخ بوو
چون
ئاشق بووم.

The Wait

It seemed
like years
before I picked
a bouquet of kisses
off her mouth
and put them
into a dawn–colored vase
i my heart.
But
the wait
was worth it
Because
I
was in love

The Moon Versus Us Ever Sleeping Together Again

I sit here, an arch–villain of romance
thinking about you. Gee, I'm sorry
I made you unhappy, but there was nothing
I could do about it because I have to be free
Perhaps everything would have been different
if you had stayed at the table or asked me
to go out with you to look at the moon
instead of getting up and leaving me alone with her

هەواڵنامەی کتێب

مانگ بەرامبەرمانە تا جارێکی تر لای یەک نەخەوین

لیرە دانیشتووم،
سەرۆکی بەدکارانی چیرۆکی ئاشقانە و
بیر لە تۆ دەکەمەوە. "جی"
ببورە کە ئازارم دای، ناچار بووم
چون دەبوو ڕزگار بم.
ڕەنگە هەموو شتێک جۆرێکی تر با
ئەگەر لە تەکما مابایەی لە سەر مێز
یا داوات لێ کردبام بچینە دەرێ و چاو لە مانگ بکەین
بەڵام تۆ هەستای و منت لە گەڵ ئەو خاتوونە بە تەنیا جێ هێشت.

Boo, Forever

Spinning like a ghost
on the bottom of a
top,
I'm haunted by all
the space that I
will live without
you.

حەسرەت، بۆ هەمیشە

سەرگەردان وەک تاپۆیەک
لە قوواڵایی بەرزاییەکان،
من دیلی هەموو ئەو کاتانەم
کە بێ تۆ ژیان دەبەمە سەر.

15%

she tries to get things
out of men
that she can't get
because she's not
15% prettier.

%۱۵


ئەو خاتوونە دەیویست
شتەکان بە دەست بێنێت،
لە پیاوان.
بەڵام مەخابن!

چون جوانییەکەی

لە ۱۵% زۆرتر نییە.

کورتەیەک لە ژیانی "والّت ویتمەن" شاعیری ئەمریکایی و وەرگێڕانی سێ شێعر لەو شاعیرە

وەرگێڕ لە فارسییەوە: ئەرسەلان چەڵەبی



والّت ویتمەن ۳۱ی مەی ۱۸۱۹ لە بنەماڵەیەکی خێزاندار لە گەڕەکی "لانگ ئایلەند" لە نییۆیۆرک لە دایک بووە. باوکی نەجارِ و دایکی لە بنەماڵەیەکی وەرزێر و بە ڕەگەز هولەندی بوو. منالّی ئەو نووسەرە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی کۆیلەیی لە زەوی و زارەکانی ئامریکا، ویتمەن لە منالّییەوە ئەویندارِی سروشت بوو. هەروەها جێی ئاماژەیە کە ئەو نووسەرە لە خوێندنەوەی بەرهەمە کلاسیکەکانی جیهان، لە بیرمەندگەلێک وەکوو "هێگێڵ" و "ئێمێرسۆن" و "گۆتە" کاریگەرییەکی بەرچاوی گرت.

لە ماوەی ساڵەکانی ۱۸٤۰ تا ۱۸٤۱، دە وتاری بە بایەخی لە سێ ڕۆژنامە بە چاپ گەیاند. ویتمەن لە ساڵی ۱۸۵۵ گرینگترین و بە بایەخترین بەرهەمی خۆی کۆ شێعرێ بە ناوی "گەڵاکانی لەوەڕ" بڵاو دەکاتەوە کە لە بواری زمان و فەنی شاعیرانە بەتەواوی لە گەڵ بەرهەمەکانی هاوکاتی خۆی جیاواز بوو. ویتمەن ئەو پەرتووکەی بە پووڵ و ئەرکی خۆی بە چاپ گەیاند کە لە پێشەکی ئەو کتێبەدا، باس لە ئەدەبیاتی نوێ و دێموکڕاتی دەکا. "ڕالف والّدۆ ئێمێرسۆن" لە یەکەم کەسانێک بوو کە لە سەر ویتمەن نووسی. ویتمەن کۆمەڵە شێعرێکی دیکەی بە ناوی "حەولادەکانی ئادەم" لە ساڵی ۱۸٦۰ چاپ و بڵاو کردەوە. دواتر لە چەند کۆشێعری کە خۆی لە قەرەی عیشقی هاوجێنسگەرایی "نێربازی" دا و بە شێوەیەکی شاعیرانە بایەخی دا بەو بابەتە و باس لە ئەزموونی خۆی لە بارەی عیشقی "هاوجێنسگەرایی" دەکا.

لە ساڵی ۱۸٦۵ شێعری "سترانەکانی تەپڵ" و لە ساڵی ۱۸۷۱ شێعری "ڕوانگەی دێموکڕاسی" هۆنەوە و لە ساڵی ۱۸۷۳ ویتمەن تووشی سەکتە هات و هەر لەو ساڵەشدا، دایکی کۆچی دوایی کرد کە ئەو دوو بابەتە، کاریگەرییەکی زۆر ناخۆشی لە سەر دانا و بوو بە هۆی ئەوە کە ویتمەن تووشی خەمۆکی بێت.

لە ساڵی ۱۸۷۵ "یادداشتەکانی سەردەمی شەڕ"ی بڵاو کردەوە و لە ساڵی ۱۸۸۸ "دەختەکانی" چاپ و بڵاو کردەوە.

لە ئاکامدا والّت ویتمەن ئەو شاعیرە مەزنەی ئامریکا لە ۲٦ی مانگی مارسی ۱۸۹۲ کۆچی دوایی کرد و لە ماوەی سێ کاتژمێردا هەزاران کەس لەشی ویتمەنییان گولّباران کرد، بە جۆرێک کە تەرمی ئەو شاعیرە بەتەواوی بە گولّ داپۆشرابوو.

هەولێر کتێب

من واڵت ویتمەنم

ئارام بە
ئاسوودە بە لەگەڵ من،
من واڵت ویتمەنم!
وەک سروشت
ئازاد و لەشساغ.
تا کاتێ خۆر جێت نەهێڵێ
لە گەڵتا دەمێنمەوە
تا کاتێ ئاو بۆت بدرەوشێتەوە،
تا کاتێ کە خشپەی گەڵاکان
بۆ تۆیە،
وشەکانم لە درەوشانەوە و
پەیڤین بۆ تۆ واز ناهینن.
کچم!
ژوانێکمان دەبێ
ئاگادار بە، کە ئامادە بی!
بۆ فڕین
تا چاوت پێم بکەوێ و
کاتێک دێمە لات،
لەسەرخۆ و تاک بمێنی
تا ئەو کات
لە دڵەوە
ڕێزت دەگرم
تا من
هیچ کات
لە بیر نەکەی...

ئەی ئەو کەسەی جار جار بە خامۆشی بەرەو لات دێم

ئەی کە جار جار
خامۆش
بەرەو لای تۆ دێم
بۆ ئەوەی لە گەڵتا بم،
لە تەکتا پیاسە بکەم
یان لە لات دانیشم
یان لە ژوورێکا
لە گەڵتا بم.
چ دەزانی لەو ئاگرەی
لە مندا
بۆت لە بڵێسە دایە.

نەوەی کۆنی سەربازەکان

نەوەی کۆنی سەربازەکان
نەوەی سەرکەوتووەکان
نەوەی خاکێک کە ئامادەی خەباتە و
چیا وڵاتی بە چۆکی داهێناوە
نەوەی هەتاهەتایی
نەوەی ڕکە
نەوەی ساویلکەیی
کە نها مردوون.
بەڵام نەوەی سبەی،
نەوەی شەڕ و شۆ و قیژە
جگە لە یاسای خۆیان
یاسایەک ناناسن.

شێعری چینۆ ئاچێبێ

و: لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: هەژیر خالّندی
و: لە فارسییەوە بۆ کوردی : غەفوور پیرزادە



شەقامی بێنین

ستەمکارە خێرایی

ستەمکارە دەسەلّات

ستەمکارە قورسایی

لە ڕووناکی چرا، هێمنایەتی دەقۆزێتەوە پەپوولە

لە بێکێشی و هەلّفڕینی شەپۆلاویی.

بەلّام لە چوارڕێیانی تیشکە بێتینەکان

شوێنێک کە کۆنەدارەکانی سەر بەستێنی شەقامە

ڕووهەلّماڵاوەکان، دەڕمن

حەولە تەریکەکانی ئێمە تەولی یەک دەبن.

ئەز لە قەلّافەتی مووچانەی دەسەلّات، بۆ دوو کەس هاتووم و

لە قەلّافەتی حەولە شەریفەکانی پەپوولە

کە خۆی لە تیشکی ئامالّ زەردا دەکوژێ.

لە بەرزایی قەلّغانی سیلیکۆنیی من.

***

داری کاج

داری کاج

بەردار

لە بیرەوەرییە شینەکان

لە ڕۆچنەی کاتژمێرێکی خەمین

داری شانازی

وەک پاسەوانێ

لە تالّییەکی وەک زوموڕوتا

لەسەر لاق وەستاوە.

لەسەر یاسا چۆلّەکانی سروشت

داری کاج

ئێستا لەبەر سێبەری تەختەبانی پاپۆڕی پڕ زریقەی خائینەکان

ون بووە.

کە بێشەرمانە بەرەو ئەو ڕەنگانەی خەیانەتییان پێکراوە

دەگەڕێنەوە.

داری چاکە

بالّا بەرز و ڕاستگۆ.

قووتابخانە چ فێری من دەکات؟

بێدەنگیت؟

یا گوێڕایەلّی ملکەچی لاسارانەت.

***

گەشتیار

وەک بەرەبەیانی بێخەبەر لە نیوەشەو

مووقەلّێشێکی ڕووهەلّماڵاو

کە لێڕەوار ئەوی دەنرخاند، لەسەر بەرزاییەکانی ناخ

لە تەلەسمێکی ئامالّ کارەبایی‌دا،

ڕێک لە پێشم هەلّقوولّی

ئاکامی سەفەرێکی درێژ

بەڕادەیەک درێژ

کە سەرەتاکەی پێوار دەدیترا و

بێبایەخ

حەقیقەتی ڕاست.

ئێستا ئەندامێک کە پارێزگاری باش لێکراوە

بە شێوەیەک کە منی تا ئێرە

هێناوە

لە کاتی مردن

لێڵ دەنوێنێ

بەلّام ئاماژەیە

هەوالّنامەی کتێب

بە کارەساتێک لە دەوروبەر
ئەو گەمێی پەختە بوو بە خاپوورەکان
لە کوێیە؟
ئەو لێواری تیژی کانی گەچ
کە خۆڕاگرتن لە بەرامبەریدا تاقەتپرووکێن بوو
هەر لە ئێستاوە شکۆفەکان بەتەواوی دەکرێنەوە.
گشت ڕاستەقینەکان بە سۆزەی بای تێک دەڕمێن.
تەواوی ئەندامەکان دیارن
جگە لە لاقێک کە لە ئەژنۆ ڕا پەڕیوەو
جلی منالانی قووتابخانە بە درەوشانەوەی تیشکێکی ئامالزەرد
بێ گەردانە خۆ پێشان دەدا.
ڕوالەت تەژی لە دوودلییە، نەک ترس
نەک پەلەقاژە لە ساتەکانی تەفروتونابوونی
پیاوانی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو
کە بە دەگمەن تووشی خولیا دەبن.
خودی پەیجۆرم
لە مەودا وێستاوە
بەاڵم کەشی لێورێژ کردووە
لە بەرامبەر ئەو، سەیرانێکی لێڵ
پرسیارەکانی وڵامنەدراو
ئاتاجەکانی دوورودرێژ
لە خەو دەکەن
ترسان لە پاپۆکەی بێدەنگیدا بەسە
بەرەبەیان
لەپڕ، لەگەڵ ئەندامێک تێک دەئاڵقێ
کە من ئەو ناناسم
من ون بوومە.

***

دایکێک لە کەمپی ئاوارەکاندا
نە قیدسەی عوزرا و نە کوڕەکەی
هەتوانی تێگەیشتن لە خۆشەویستی ئەویان نییە بۆ کوڕەکەی
ئەو بە زووبی دەبێ لە یاد بەرێتەوە.....
لە بۆنی زگچوون قورس بوو هەوا
لە بۆنی منالانی ڕۆنیشتوو و پەراسووە دەرپەڕیوەکان
ڕووبەر، لە هەنگاوە ماندووەکان و
هەناسەدانەوەی زگە بەتاڵەکان
ویشکابوو
دایکان دەمێک بوو لە پێڕاگەیشتن بە منالەکانیان
وەستابوون
بەاڵم نەک ئەو:
ئەو بزەیەکی مۆتەبی لە کەلێن ددانەکانیدا هێشتبۆوەو
لە چاوانیدا بیرەوەریی
شەڕافەتی دایکێک.....
لە ئاوی هەڵکێشا و
ئەو جار بە لەپی دەستی ڕووتەوە
شووردی
تەواوی سامانەکەیانی لە بوخچەیەکدا قۆنداغ کرد
بە باهۆیەکی داکەوتوو و بنچکێک دڕوو.
کاژێڵەی، تووکی ژەنگگرتووی پێوە مابوو و
ئەو کەڕەت- وڕینگەیەک لە چاوانی-
دەستی کرد بە کردنەوەی ئەو.
لە ژیانی پێشووی
منالْ
پێش بەرچایی و چوونە قووتابخانە
جوولْەیەکی نەبوو و
ئێستا سەر لە نوێ ئاوەها بوو.
ئەوی وەک چەپکە گوڵێک
لە گڵکۆیەکی منالانەدا
چاند.

وەرگێڕانی دوو کورتە چیرۆکی هێرتا مولێر

هەرمان وەتمانی

پاسپۆرت



لە دەوروبەری بینای یادەوەری شەڕ گوڵەباخ پواوە. گوڵەباخێکی زۆر. پنچکەگیای گوڵەباخ هێندە بڵیندن چیمەنیان داپۆشیوە. خونچە سپییەکانیان وەک کاغەزی لوولەیان لێهاتووە. گەڵاکانیان خشەخشی دێت. خۆر هەڵدێ. بەم زووانە پۆژ دەبێتەوە. وێندیچ هەموو پۆژێ هەر ئەو جۆرە کە لە ڕێگای ئاشدا پێدااڵی پایسکلەکەی لێدەدا پۆژ دەژمێرێ. بەرامبەر بینای یادەوەری شەڕ، سااڵەکان دەژمێرێ. کاتێک کە دەگاتە یەکەم درەختی تەورێزی، پشت ئەو شوێنەی کە بەردەوام هەموو پۆژێ لەو چاڵە دەکەوێ پۆژەکان دەژمێرێ. شەو کاتێک کە وێندیچ دەرگای ئاش قەپات دەکا سەرلەنوێ ساڵ و پۆژەکان دەژمێرێ.

هەوالنامەی کتێب

لە مەودای دوورەوە دەتوانێ بۆنوبەرامەی گوڵەباخە سپییەکان و بینای یادەوەری شەڕ و درەختی تەورێزی ببینێ. کاتێک هەوا تەمومژاویی‌یە، کە هەڵدەستێ سپیایی گوڵەباخەکان و سپیایی بەردەکان، بەرامبەریان داپۆشیوە. وێندیچ پێدااڵ لێدەدا. ڕوخساری وێندیچ نماوییە و پایسیکلەکەی لێدەخوڕێ تاکوو بگاتە ئەوێ. دووجار درکەکانی گوڵەباخ بەتاڵ بوون و بژارەکانی ژێری سیس هەڵگەڕاو، دووجار درەختی تەورێزی هێندە ڕووت بوو کە دارەکەی قەڵشی‌بوو. دووجار شوێنی ڕێگا بە بەفر داپۆشرابوو. وێندیچ تاکوو بینای یادەوەری شەڕ، دوو ساڵ دەژمێرێ و تاکوو چاڵی قوواڵی تەنیشت درەختی تەورێزی دووسەد و بیستویەک پۆژ. هەموو پۆژێ کاتێک کە وێندیچ لە چاڵی تەنیشت درەختی تەورێزی دەکەوێ وادەزانێ ئیتر تەواو بوو. لەو کاتەوە کە وێندیچ تەمای گرتووە کۆچ بکات کۆتایی هەموو ئاوایی دەبینێ و زەمان بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ بمێننەوە وەستاوە. وێندیچ دەبینێ کە نیگابانی شەو لە شوێنێک بەرزتر لە کۆتایی ڕاوەستاوە.

پاش ئەوەی وێندیچ دووسەد و بیستویەک پۆژی ژمارد و لە چاڵ کەوت، بۆ یەکەم جار لە پایسکل دێتە خوار. پایسکلەکەی بە درەخت هەڵدەپەسێرێ. دەنگی هەنگاوەکانی بەرزن. کۆترە کێوییەکان لە حەوشەی کەنیسە هەڵدەفڕن، بەقەد نووڕێکی خۆڵەمێشین، بەس هاتوهاواریان، ئەوان جیاواز دەکات.

* ئەم وەرگێڕانە لە ڕووی دەقی فارسی "دنا فرهنگ"ەوە کراوەتە کوردی.

شوابیی‌یەکان

شەوی شەممۆیە. کورەی حەمام سوور بۆتەوە و نێڵ دراوە. پەنجەرەی هەواکێش چاک قەپات بووە. ئارنی بچکۆلانەی تەمەن دوو ساڵ لە هەوای بەستەڵەکدا هەڵامەتی گرتووە. دایکە پشتی ئارنی بچکۆلانە بە شۆرتی کۆن دەشوات. ئارنی بچکۆلانە هەدا نادا. دایکە ئارنی بچکۆلانە لە نێو وان هەڵدەگرێ. دایەگەورە دەڵێ: منااڵە بەستەزمانەکەم. دایەگەورە دەڵێ جاخۆ منااڵی ئەوەندە بچووک نابەنە حەمام. دایکە دەچێتە نێو وان. ئاو هێشتاش کوڵیوە. سابوون کەف دەکا. دایکە لوولی چڵکی پشت ملی کیسە لێدەدا. لوولی چڵکەکانی دایکە لە سەر ئاو بااڵو بۆتەوە. دەوری وان ئااڵقێکی زەردی بەستووە. دایکە لە وان دێتە دەر. ئاو هێشتا کوڵیوە، دایکە بانگی باوکە دەکا. باوکە دەچتە ناو وان. ئاو گەرمە. سابوون کەف دەکا. باوکە چڵکی سینگی لوول دەکا. لوولی چڵکەکانی باوکە لە کن لوولی چڵکەکانی دایکە کەوتۆتە سەر ئاو. ئااڵقەی دەوری وان قاوەیی دەبێت. باوکە لە وان دێتە



دەر. ئاو هێشتا کوڵیوە. باوکە هەرا دەکا و بانگی دایەگەورە دەکا. دایەگەورە لاقی لە وان دەنێ. ئاو شیلەوتینە. سابوون کەف دەکا. دایەگەورە لوولی ورکە چڵکەکانی سەر شانەکانی دەشوات. لوولی چڵکەکانی دایکە، باوکە و دایەگەورە وەسەر ئاو کەوتوون. ئااڵقەی دەوری وان ڕەش بووە. دایەگەورە لە وان دێتە دەر. ئاو هێشتاش کوڵیوە. بانگی باپیرە دەکا. باپیرە دەچتە ناو وان. ئاوەکە وەک سەهۆڵی وایە. سابووە کەف دەکا. باپیرە لوولی چڵکەکانی دەستی لا دەدا. چڵکی باپیرە لەگەڵ چڵکی دایکە، باوکە و دایەگەورە وەسەر ئاو کەوتوون. دایەگەورە دەرکەی حەمام دەکاتەوە. دایەگەروە چاو لە نێو وان دەکا. دایەگەورە باپیرە نابینێ. ڕەشئاو قڵپ قڵپ لە لێواری ڕەش هەڵگەڕاوی وان سەرڕێژ دەبێ. دایەگەورە وادەزانی باپیرە لە نێو وان دایە. دایەگەورە دەرگای حەمام لە پشتەوەڕا قەپات دەکا. باپیرە ئاوی وان بەتاڵ دەکا. لوولە بچووکەکانی چڵکی لەشی دایکە، باوکە، دایەگەورە، باپیرە سوورِ دەخۆن و لە ڕێگەی ئاوی وان دەچنە خوار. بنەماڵەی شوابیی‌یەکان تازە حەمامیان کردووە و کەیفخۆش لە پێش تەلەویزیون دادەنیشن. بنەماڵەی شوابیی‌یەکان تازە حەمامیان کردووە و بە کەیف و دەماغ چاوەڕێن فیلمی سینەمایی شەوی شەممۆ تماشا کەن.

* شواب ناوی ناوچەیەکە لە باشووری ئاڵمانیا کە لە ژێر دەسەاڵتی ڕۆمانی دایە.

* ئەم وەرگێڕانە لە فارسییەوە کراوەتە کوردی... وەگێڕانی فارسی لە "اسدالله امرایی".

هێونی شەوانە

فەریدە خێرەدمەند

وەرگێڕانی هاجەر پەرویزنیا"ساهی"



پێشکەش بە ئەحمەد شاملوو

هەموو شەوێ، ماوەیەکی زۆر، لە تاریکی ژوورەکەدا، دادەنیشم و بۆ سووچێک ڕادەمێنم. چاوم کە بە پەنجەرە دەکەوێ، گەڵا باریکەکانی دارە کاژەکە دەبینم کە لاشەویلەیەکی گەورەی دەلێدۆمانێکی گەش و ڕووخۆشی نیشان دەدا. بەڵام کاتێک کە پەردەکەم کێشاوە تا دەلیدۆمانەکە نەبینم، چوونکە بڕوا بە پێکەنینە گەشەکانی ناکەم. هەموو شەوێ، هەموو شەوێ بۆ سووچێک لە ناخی تاریکی ژوورەکەدا ڕادەمێنم. لە ڕەشاییدا هیچ شتێک نابیندرێ، بەڵام هەر کە دەنگی نەرمی جووتن، دەبیسم هێدی دەبمەوە. مشکێکی برسی لایەڕە و دەستنووسە بێبایەخەکانم نەرم نەرم دەجووا و ئەمنیش هیچ جوولّەیەک ناکەم تەنیا گوێم ڕایەڵ کردووە بۆ ئەو مۆسیقایە. وێککەوتنی خێراخێرای دڵانەکان و لاپەڕەکان دەنگێکی یەک جۆریان هەیە کە پژگاڵم دەکا . جار و بار بیر دەکەمەوە ئێستا نۆبەی کام چیرۆکە؟ وە یان ئێستا لە سەرەتای کام وشە دایە؟ وە هاوکات دەستخۆشی وەهمێکی سەیر دەبم. نیوەشەوێ ڕابردوو، لەناکاو لە جووتن ڕاوەستا، برێک نیگەران بووم، چاوەڕێ بووم. دەنگێک نەهات. ئاواتم خواست جارێکی تر، دەنگی جووتنی لاپەڕەکان ببیستم. ڕەنگە گەیشتبێتە لاپەڕەیەکی سپی لە ناو دەستنووسەکاندا "عادەتێکی سەیری هەیە، بە لای لاپەڕە سپییەکاندا نەدەچوو..." تەنیا ئەو لاپەڕانەی دەجووتن کە بە جەوهەر ڕەش کرابانەوە. چاوەنواڕییەکەم زۆر بوو. " دەزانێ، چۆن ئازارم بدا " هەستم بە قینێکی شاراوە کرد. بەڵام نەمدرکاند. دوایی ترسام بەڵایەکی بە سەر هاتبێت. لەو حاڵەشدا نەمتوانی چراکە هەڵ بکەم. چاوەکانم فێری تاریکی ببوون. تەنانەت تیشکێکی ڕووناکیش ئازاری دەدام. چاوەڕوان مامەوە. ئەوسا فێڵێکی دیکەم کرد. خۆم لە بێخیاڵی دا. ماوەیەکی تر، دەنگی جووتنی لاپەڕەکانم کە بیست، پێکەنیم. هەڵبەت جۆرێ کە تێنەگا. دواتر هێونی بەردەوامی شەوانەم بە شوێنم هات. زۆر جار بیر دەکەمەوە، هەر وشەیەک لە چ ماوەیەکدا دەیجووت؟ لەو شەوانەدا تێگەیشتم کە وەخت بە فیڕۆ نادا . بە شێک لە لاپەڕە و وشەکانی سەر ئەو کە بە بێبایەخی دەزانی، نەدیتووی دەگرت. ڕۆژانە، بە هیوای بیستنی سڕپەی لە تاریکی شەوانەی دیوەکەدا، دەنووسم. دەنووسم تا برسی نەمێنێتەوە . تەواوی ڕۆژ، بێدەنگ دەبێ، دەخەوێ و بە شەویلکەی وچان دەدا. پێکەوە گرۆ بووین، ئەو ڕۆژانە، سڕپەی نەرمی جووتنی ڕوحی من دەبیسێ و من شەوانە، مۆسیقای نەرمجووتنی لاپەڕە و وشەکان.

هێونی شەوانە: فەریدە خیرەدمەند، کورتە چیرۆکە فارسییەکان

من

زێنەب بابایی



هەڵمی سەر شووشەی پەنجەرەکەم پاک کردەوە و چاوم شەقام بڕی... بارانی ورد بە خێرایی لە ژێر نووری گڵۆپ خۆی دەگەیاندە عەزر. بیرەوەرییەکان بە مێشکمدا تێپەڕ بوون. چاوە قاوەیی پاکێشەرەکانی هاتە بەرچاوم. خەم گەرووی دەکوشیم، بە دەستەکانم گەروم گوشاردا تا بەڵکوو لەم خەمە پزگاریم بێ. هەستم بە ماچێکی گەرم و هێدی کرد لە پشت ملم. لە ژێر گوێم چرپاندی: حەز ناکەی بخەوی؟ گەڕامەوە، ڕوانیمە ڕووخساری. چاوە گەورە و ڕەشەکانی لە خۆشیان دەبرووسکانەوە. توانام دا بەخۆم و بزەیەکم خستە سەر لێو، خۆنواندن! چ ڕێگەیەکی شووم! بە هێوری وتم تا تۆ دوش دەگری جلوبەرگەکانم دەگۆڕم. بە تین و ئەوینەوە دەستەکانمی کوشی و بەرەو حەمام ڕۆیشت. بە ماتەمات لە ماڵەوە وەدەر کەوتم و دەرگام داخست. تۆڕی سپی سەرم لە کەلینی دەرگادا گیری کرد. ڕێگەکەم نەبوو بۆ کردنەوەی دەرگا. دەرزیلەکانی سەرم کردەوە، تۆڕ لە سەرم بۆوە، خێرا وەڕێ کەوتم. شەقام ویشک و ئاسمان پڕ بوو لە ئەستێرە. ڕاوەستام. چاوێکم لە پشتە سەرم کرد، تۆڕی سپی نیوەی لە ژوور و نیوەکەی دیکەی لە دەرەوە خەریک بوو یاری لەگەڵ با دەکرد.

حەقیقەت

وەنەوشە چۆگانی

کەم وێک هەڵکرانی ژیان، وێکچوونی بەردەوام، ئەوەی دەسەلمێنێ تەنیا ماکێکی سروشتی کە هەستی غەریبایەتی لە مندا دەگەوزێنێ، "با"یە . لە یەکەم ڕۆژی مانگی گوڵاندا، شنەبایەکی سارد دەهات. دوا جار لە نێوان ڕوخسارێکی نادیار یاخود ناسراو لە شەقامدا، تەنیا مۆرێک بۆ کایەی ئەوانی دیکە، ئەو کایەی کە تاوانەکەی تیکەیەکی وەک من، دەبێ تاوانی بداتەوە.

لە قیژە و هەرای ئەم هاتوهاوارەدا، لەو شەقامە بێخەبەرەی کە هیچ هەواڵێکیان لە مەرگی ڕێبوارانی غەریبە نییە، چۆنی دەستەکانی ئێمەی لێک دابڕی، پەشۆکام. بە سەرلێشێواوییەوە هاوارم کرد: لە کوێی؟ لە کوێی؟ ولامی داوە: لە شانی ڕاستتم. بە شلەژاوییەوە گوتم: هەستم کرد لە ئامێزم دای! بە بزەوە ولامی داوە: بۆ مەگە ئەتۆ هەر باوەشێکت هەیە؟ بە دڵپڕییەوە ولامم داوە: بە دڵنیاییەوە. ئەمن تەنیا ئامێزێکم هەیە و ئەویش تەنیا هەر بۆ تۆیە.

ڕۆژەکان تێپەڕین و من تازە بۆم دەرکەوت ئەو ڕاستی دەگوت: ئەو ئامێزی بۆ هەمووان جێی هەبوو...

سۆزەبایەکی سارد

چرۆ

ئێوارە بوو، سۆزەبایەکی سارد دەهات نووری چراکان هێندە زۆرە تا نزیک نەبنەوە نازانی تاکسییە یا نا، لە بەر ئەو پیاوانەش...خۆزگە سەفی بۆ... چاوێکم لە کاتژمێرەکەم کرد پەنگە ئێستا لە مالّێ چاوەڕوان بێت. وەی لەو سۆزەبا سارەیە! ماشێنێکی سپی هێندێک دوورتر ڕایگرت. پیاوێک دابەزی و هات بۆ لام. ناسیمەوە. لێرە چی دەکرد و چۆنی ناسیبوومەوە! تۆزێک دوور بوومەوە. هەستم کرد بە دوامدا دێت.

ـ تا کوێ دەتهەوێ بە دواتدا بێم؟

ئاوڕم داوە، سلّاوی کرد..

ـ لێرە چ دەکەی؟

ـ .....

ـ مەجبوور بووی هەتا ئێستا لە دەرێ بی؟ سوار بە، دەتگەیەنمەوە.

ـ بۆ تاکسی ڕاوەستاوم.

سەری ڕاوەشاند و سوار بوو، ڕۆیشت. دوای ماوەیەک تاکسییەک هات، وێستم سوار بم، سێ ژن لە پشتەوە دانیشتبوون. بە پیرێژنەکەم کوت:

ـ دەکرێ بێنە پێشێ دابنیشن؟!

ژنەکە نێوچاوانی تێکنا، شۆفێرەکە پێی ناخۆش بوو: خانم سوار نابی بۆ مەعتەلم دەکەی؟ لە پێشێ سوار بووم. وردەوردە مسافیرەکان دابەزین و منیش لە دەرفەتێکدا چوومە پشتەوە، شۆفێرەکە دەستی بە قسان کردبوو. تاقەتی قسەکانیم نەبوو.

ـ زەحمەت نەبێ لە سەری ئەو کۆلّانە بوەستە

ـ بۆ وا قەلّسی، ئاخۆ چم نەگوتووە!

لە داخان چەند کۆلّان سەرووتری مالّێ دابەزیم، نزیک مالّێ ڕاوەستام، بە ئەسپایی دەرگاکەم کردەوە. چاوێکم لە پەنجەرەکە کرد، خوا بکا بەر لە ڕۆیشتنم، بە ئاوالّا جێم هێشتبێ؟ ..وا نەبوو! حەسارێک و سۆزەبایەکی ساردیش.. دانیشتم و گوێم هەلّخست، دەنگی زیرەزیر..! زیاتر لە دەرگای هالّێ نزیک بوومەوە، بە دزی چاوێکم لە کاتژمێرەکەی هالّێ کرد، وامزانی لە سەر درەنگهاتنەوەی من شەڕە! گریانی دایکم، دلّەڕاوکێی منی زیاتر کرد. چوومە ژوورێ، هەتا منیان دیت بابم بێدەنگ بوو، وەیدەزانی حالّی نەبووم لە شەڕەکەیان!

لەو دیوی چارشێوی دایکم پڕدایە و لە کۆشیم هاویشت.

ـ هەستە با برۆین، تاکەی دەتهەوێ تۆمەت و دلّ پیسیەکانی تەحەموول بکەی؟

شەوە، سۆزەبایەکی ساردتر لە جاران...

هەوالنامەی کتێب

تەنیا باوەشێک

گەڵاوێژ بەیگ‌نیا



بۆ ئەو، هەمیشە شەوەکان درێژ بوو چ شەوی بەهار بوایە و چ شەوی پاییز. دڵی دەلەرزی، دەستی دەلەرزی. دەتکوت: چەقوچۆی هاتۆتێ، ئاخۆ ژوورەکە زۆر گەرم بوو، لە بەر کەشوهەوای نەبوو، ساردی ئەوینی دڵی دەزستانی ئەشقدا زیندانی کردبوو. چاوەڕوان بوو، چاوەڕوانی ئەو، دڵی تەنگ ببوو بۆ باوەشێکی گرم، بۆ ماچێکی پڕ هەست. لەسەر موبلّەکە هەستا و بەرەو ئاشپەزخانەکە ڕۆیی و چاوی لە کۆلّانێ کرد. کەس دیار نەبوو لەبەر خۆیەوە گوتی: هاتنەوەی دەردێک و نەهاتنەوەشی هەزار دەرد و ئازار. بۆ لای یەخچاڵەکە ڕۆیی و دەنێو حەبەکانەدا دەگەڕا و حەبێکی دەرهێنا، دەیهەویست دەرکەی یەخچاڵەکە دابخات کە چاوی بە شووشەکە کەوت کە پێش چوونە دەر و ساتی گەڕانەوە دەیخواردەوە، بۆ سەرخۆشی یا... دەستی دایە و دوو ـ سێ قوومی لێخواردەوە، زۆری بە لایەوە تاڵ بوو: بە ڕوویەکی گرژەوە گوتی: چەندە تاڵە، ئەو زەهرەمارە چۆن دەخواتەوە؟!

شووشەکەی لە جێی خۆی داناوە و بەرەو هاڵێ چۆوە و لەسەر موبلّەکە ڕاکشا. دەتگوت ئارامتر بۆتەوە و هەستی بە خۆشییەکی سەیر دەکرد. هەستا، بۆ لای یەخچاڵەکە چۆوە و شووشەکەی دەست دایە و دوو ـ سێ قوومی دیکەی لێدا.

قووم لە سەر قووم. دەتگوت سووک بووە. بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە گریان. بە هەر دووک دەستی دمی گرت. ئاخە دیسان ڕووناک...

ـ نووستووە با لە خەو هەڵنەستێ و خەوی لێنەڕێژێ.

ڕووناک تەنیا ڕووناکی ئەو دەم ژیانە پڕ لە دەردە و ئازارەدا، هەستا، دەستی بە سەماکردن کرد. تاوێک دەگریا، تاوێک پێدەکەنی، دەتگوت شێت بووە.

دەنگی دەرکە هات و ئەوی لە سەماکردن وێستاند.

ـ هاتەوە، چاوەڕوانیم تەواو بوو. ئەم شەوەش بەرەوپیری ڕۆیی و بە سەرخۆشی خۆی دە باوەشی هاویشت.

کۆڵانی چوارەم

جەلیل ڕەحیمی



جەلال ڕووی لە کەریم کرد و گوتی: نیوەڕۆیە نانت وەرگرت؟ کەریم گوتی: بە بەر دە رگای نانەوایی‌دا ڕۆیشتمەوە. جەلال سەری لەقاند و تەنیا گوتی: ئەم. کەریم سەر مێزەکەی خاوێن دەکردەوە. سامان لەو بەر خەریکی ...گووشی تەلەیفوونەکەی بوو. کەریم هەروا کە سەر مێزەکەی پەرۆ لێدەدا گوتی: دەبوو ئەنگووتکیان گرتبا و تیرلێدەر ئەنگووتکەکەی پان کردباوە و شاتر بە سەر دەستی دادابا و گەورەی کردباوە بە قەدرای ڕفێدەکە و دەستی هەتا بن هەنگڵی خستبایە ناو تەندوورەکە و بە خێراخۆی نانێکی پێوە دابا. جەلال سەری لەقاند. سامان هەروا کە خەریکی گووشێکە ی بوو بێئەوەی سەری هەڵێنێ گوتی: دەبوو جارێکی دیکەش دەستی خستبا ناو تە ندوورەکە و نانەکەی دەرهێناباوە. جەلال گوتی: خۆ وە بەر نەدەکەوت. خەڵکیش تێرخواردنیان نەبوو. بەر دەرگای نانەوای ڕەحیم هەموو کات سەد کەسی لێبوو. سامان گوتی: هەر ماڵێی دەبوو کەسێکی تە واو وەختی هەبا بۆ نان وەرگرتن، دەنا قریان دەهات. کەریم گوتی :لە نانەوایی مام برایم نانمان وەردەگرت. تەواوی

ژنی گەڕەک سەعات چوار و پێنجی بەیانی، هەر کەسە و سفرەیەکی دەبرد و دەچوون بۆ نۆرەگرتنەوە و دەبوو بزانن دوای کێن و کێش دوای ئەوان هاتووە و دوایە گەڕابانەوە ماڵ و لای سەعات هەشت و نۆ دەریان‌دەپەڕاندین بۆ نانەوایی. دەبوو بەو گەرمای هاوینە تا یەک و دووی نیوەڕۆیە لەوێ چەقیباین. سامان گووشێکەی خستەوە گیرفانی و چاوی لە کەریم کرد و گوتی: دوێنێ شەو ڕدێنم تاشی، خەمیرڕپشێکی تازەم کڕیوە بۆنی سەلکە گوڵەبەڕۆژەی لێدێ، دەزانی کەریم لە ناو حەمامدا هەر دەتگوت، لە سەر خرمانی گوڵەبەڕۆژە دانیشتووم. جەلال بە پێکەنینەوە گوتی: حەمام ڕاست سەر خرمانە. کەریم گوتی : ڕۆژێک هەر لە تولحی بەیانییەوە ناردیانم بۆ نانوەرگرتن. هەتا نزیک سەعات یەک و دووی نیوەڕۆ، لە سەف دابووم. دەتگوت سەد ساڵی تەواوە لە وێ چەقیوم. نانیشم وەبەر نەکەوت. جەلال گوتی: کات و ئەندازە لە زەینی منادا سەد هێندە گەورەتر و بەربلاوترە. شەو بۆ ئەوان وەرزێکە. سامان گوتی: لە حەوشەی ماڵە بابەگەورەم ژێرخانێکی لێبوو، کە تەنیا چوار پلیکان بۆی دەچوویە خوار، لەگەڵ ڕاڕەوێکی یەک ـ دوو میتری. هەر کات دەمەهەویست بچمە ناو ئەو ژێرخانە دەتگوت لە ناو ئە شکەوتێکی گەورە و بێبن‌دا گووم دەبم. دنیام لێ وێک دەهاتەوە. نازانم بۆ هێندەم پێ گەورە و تاریک بوو. کەریم گوتی: دەستم کرد بە گریان، هەنیسکم دەداوە چۆن. ڕۆژانی تریش هەروا بوو، بەڵام ئاخری وەبەر هەر دەکەوت. دیتم هەویر شێل و تیرلێدەر و شاتر و مام برایم تێکڕا پێم پێدەکەنن. سامان پێکەنی و جەلال بزەیەکی نیشتە سەر لێو و سەری ڕاوەشاند. کەریم گوتی: گریانم بریوە و دەستم کرد بە جنێوان. سەد جار نێوی ژن و منداڵی مام برایمم هێنا، مام برایم تەواوێک کوڕ ببێوە و

زیاتر لە پیرەبەرازێک دەچوو کە لە ناو ئەنباری ئارددا گیری خواردوە، هەر ئاواش بۆ لام دەهات. هەڵاتم. بڕێکم بە کوڕە کوڕە ڕێکەوت. بەردێکم دەست دایە و بەرانبەری دامەزرام. مام برایم گوتی: ئای هەتیو، دایکی خێوت دەگێم، سەگبابی قاحبەباب. سامان پێکەنی. کەریم گوتی: دەمهەویست لە تەپڵی سەری ڕاکێشم، مام برایم خێرا گەڕاوە ژووری نانەوایەکە. جەلال گوتی: دەزانی بەشەر کە پیر دەبێ زیاتر دەترسێ، خەڵک وا دەزانن پیرەکان بە ئەزموونترن. سامان گوتی: بەپێی ئەزموون ترسنۆکتر دەبن. جەلال گوتی: ئەو حەیوانە ڕاست دەکا. دەی دوایە چت کرد، حەمە کەریم. کەریم چاوێکی لە جەلال کرد و گوتی: چا من قسە بۆ کێ دەگێڕمەوە. بە گریان چوومەوە ماڵ. دایکم لە بەر دەرگا دوو چەپۆکی پێدادام خەریک بوو چاوم دەرپەڕێ. هەر دەیگوت کوڕی کەرەکەی، لە بەر شەپشەپێنێ ئاگات لە تۆرەکەت نەماوە. سامان گوتی: منداڵی نەبوو، سەگی تێڕی. کەریم گوتی: دایکم جار و بار نانی دەکرد، تەندوور و ئاورمان بوو. بەڵام هەتا بە تەنیا لە نانکردن دەبۆوە، جنێوی بە توخم و تۆرەمەی ئێمە دەدا و لە ناو چڕەدووکەڵی مدبەقدا دەیبۆڵاند و تا دوو ڕۆژ دوایە لەسەر چاو دەکەوت. شەو کە بابم هاتەوە پێم گوت: گوتم بابە لە بەیانیەوە لە نانەوەخانە بووم، مام برایم نانی نەدامێ ئەو هەمووە نانەشی لە سەر یەک هە لچنیبوو. خەریک بوو لێشم دا. پێشی دەگوتم، دایەت دەگێم . دایکیشم نانی لە ماڵە باجە منیج قەرز کرد. بابم ڕقی دنیایەی لە باجە منیج بوو. دایکم هەر لێم مۆن دەبۆوە و چرنووکی بە سەر ڕوومەتیدا دەکێشا و هەروا بە نیگەرانییەوە پێی گوتم: شەرت بێ بە شەرتی پیاوان، گۆشتت لێبپچڕم. هەر ئەوەندە خۆش بوو وای گوت. بابم دەرهەڵبوو. جەلال گوتی:حەیوان شەڕت ساز کرد و دەستی کرد بە پێکەنین. کەریم گوتی: بابم دەیگوت: دەبوو مام برایم دایکت و دایکی دایکت و ئێسکی بابە سەگبابەکەی دایکتی گابا. بابم کەم وا بوو توڕە بێ. بەڵام کە توڕە دەبوو، باسی سەر بوو. ڕووحمی بە کەسدا نەدەهات. هەر کەسی وەگیر کەوتبا تێی هەڵدەدا. هەموو لە ترسان هەڵاتینە ماڵە مامم. سامان گوتی: نەخشەکەت گرتبووی. کەریم گوتی: بەیانی نا بەیانی دایکم تەشتێکی هەویر شێڵابوو، ورچ تێی کەوتبا لێی نەدەهاتەوە دەر. بۆ چەند ساتێک کەریم بێدەنگ بوو وەک لە شتێک ڕامابێ. جەلال گوتی:چێ؟ شەپڵە لێی دای. کەریم گوتی: بۆنی نانی دایکم عەتر بوو بە سەر تەواوی کۆڵانەدا دەگەڕا. جەلال گوتی: عەیزەگێری شاتری نانەوەخانەی ماڵە ڕەحیم بە دەنگێکی بەرز بە ژنانی دەگوت: سینگتان بدەنە دەر، کونگتان بدەنە ژوور. سامان گوتی: لە برسان قڕمان هاتبا گوێچکەیکی نان نەدەداینێ. کەریم گوتی: ئەی لە عەیزەگێڕی سەگباب، فەرمانێکی خراپی نەداوە بە ژنانی گەڕەک. جەلال هەستا و چوو لە بەر پەنجەرە ڕوو بە دەرێ ڕاوەستا. کەریم هەر وا کە ناو کەشەوی مێزەکەی دەگەڕا ڕووی کردە سامان و گوتی: دەڵێی لە ناو ئەو دەفتەرەدا تووفان هاتووە، هیچ شتێک لە جێگای خۆی نەماوە. ئێستا ڕەستەکەی تەواو نەکردبوو کە کاغەزێکی لە ناو لاپەڕەی کتێبێکدا دۆزیەوە گوتی: حەک بەزیاد نەبێ، دەزانی لە کەیەوە لەو بەرنامەیە دەگەڕێم. سامان هەستا و گوتی: بمدەیە با بۆی فاکس کەم لە بەیانییەوە سەد جاریان داوا کردووە. هەر بۆ خۆیشت لەوێت دانابوو. سامان پەڕە کاغەزەکەی لە کەریم وەرگرت و چوو بۆ هۆدەکەی تر. کەریم تەواو پاڵی داوە و بڕێکیش خۆی لە بەر یەک کێشاوە و گووتی: سااڵێک زیاترە زەرەر دادەنێین، ڕوو دەکەینە هەر شتێک جار لە گەڵ جار خراپتر دەبێ. جارێ شتێکمان بە بەرەوە ماوە، هەروا بەشی یەک ـ دوو نەهامتی دیکە. جەلال هەروا کە لە دەرێی دەڕوانی گووتی: هەموو شت هەر سەردەمانێکە، دەستیش یەکجار زۆر بووە، تۆش هەر فێری کڕووزانەوەی و قەت باوەڕت پێناکەم. دەنگی سامان لە هۆدەکەی دیکەڕا دەهات کە بە تەلەفوون قسەی دەکرد. کەریم تووند هەرای لە سامان کرد و گوتی: پێیان بڵێ بۆ بار ناردنەکەش ئاوا ئازا بن، بەو بێشەرەفانە. سامان بە پێکەنینەوە لە هۆدەکە هاتە دەر و گوتی :بە خودا دەنگێکی ناسکی هەیە، بڵێی ئەو جار ڕێم نەکەوێتەوە تاران. تەواو نەرمم کردوە. کەریم گوتی: بە کەرت دەزانێ، ئەوانە ڕەگی کەرەپیاوی وەک تۆیان لە دەست دایە. لە دەفتەری کارخانە هەموو باسی ئەوەیان دەکرد کە تەشریفت سابوون و چایی

عەتریت بۆ خانم ناردبوو میرزا سامان. سامان پێکەنی و گوتی: تۆ چت پێگووتن. کەریم گوتی: چم پێگووتن! سامان گوتی: تۆ خوا چت گووت؟ کەریم گوتی: گوتم ئەو سامانە زۆڵە، ژن بازە، بە بن هەورانیشدا بێ، دێی و پوولّی سابوون و چایی‌یە کەتان پێ پاک دەکا. سامان پێکەنی و ڕووی کردە جەلال و گوتی: لە چی دەڕوانی؟ کەریم گوتی: لە بەیانییەوە پوولّ کۆ دە کەنەوە، لە تەواوی وڵات ڕا هەر بۆیان دەبارێ، حەوالّەیەکیش سەعاتێک وە درەنگ کەوێ، قوڕێ وە سەریان دەکەن. جەلال گوتی: مام برایم ماوە، کەریم؟ کەریم گوتی: ئەی خۆ نەبۆتە خدری زیندە. من خۆم خەریکە بڕۆم بە دۆڵێدا. تاوێک بێدەنگ بوو و گوتی: ئەگەر ناو شاریان بۆمبباران کرد لێرە بووی جەلال؟ جەلال گوتی: جاری دوایە لێرە نەبووم. کەریم گوتی: بەیانی لای سەعات نۆ و دە دەبوو. لە پشت مێزەکەی هەستا و ڕۆیشت لە لای جەلال لە بەر پەنجەرە و ڕوو بە دەرێ ڕاوەستا. دەنگی کەوشەکانی کەریم لە سەر بەردە مەرمەڕەکەی کەفی دەفتەردا دەنگی داوە. جەلال گوتی: وا هەبووە بێی و سەعاتێک لە پێش ئەو پەنجەرەیە ڕاوەستی و لەو سەرە ڕا چاو لە ئاپۆرەی خەڵک بکەی، کە بێوچان دێن و دەچن. کەریم گوتی: سامان ئەو شووشانە لە کەیەوە خاوێن نەکراونەتەوە؟ جەلال گوتی: تەجارەت کەرەسەی خۆی دەوێ، یەکێک لەوان دەفتەرێکی گەورەیە، لە سەر ڕاستە شەقامی شار، کە پەنجەرەی گەورەی تێدا بێ و بە سەر چۆمێک، بەحرێک، باغێک یا شتێکی وادا بڕوانێ . سامان لەو بەر پێکەنی. کەریم گوتی: خەتای سامان بوو، کاری ئێمە دەفتەری نەدەویست، بە بێدەفتەریش کاری گەورە دەکرێ. جەلال گوتی: ئەی مام برایم؟ کەریم گوتی: مام برایمی چی؟ مام برایم، یانی ڕەونەق، ڕمێن. جەلال گوتی: بۆ باسی بۆمبباران کرد؟ کەریم گوتی: هەمووی چرکەساتێک بوو، هاشەیەکی سەرسوورهێنەر و گرمەیەک .لەپڕا وڵات بە سەر خەڵکدا وێران بوو. شۆرمەزەم دەخوارد. ڕۆژی هەینی بوو. لە بیرم نییە چ وەرزێک بوو. دەزانی جەلال من پێم وا نەبوو بەشەر دەتوانێ لە شۆرمەزە تێر بخوا. کابرا چەند دەنکی لە بنی پیالّەیەکی بچووکدا بۆ تێدەکردین، ئاهێک بوو لە دڵمان دەگەڕا و بڕایەوە. جەلال گووتی: ئەرێ لەو توجارەتخانەدا چایی‌یەک پەیدا دەبێ؟ کەریم گوتی: ئەحمەدی برام لە گەڵ بوو. بارانی شووشە و گڵ و خۆڵمان بە سەردا هات. جەلال گوتی: ئەحمەدی برات کێیە؟ کەریم گوتی: نەماوە زوو مرد، ئەرێ هەر زۆر زوو مرد. دەزانی بۆمبباران ناگێڕدرێتەوە، هەڵێکی چاک نەمدەزانی چم لێهاتووە، بە دەنگی گریانی ئەحمەد وە خۆ هاتمەوە. دەستیم بەر نەدابوو . خەڵک لە ناو خۆڵ و خاک و وێرانەدا سەریان لێشێوا بوو. هەر ئەوەم لە بیرە. سامان گوتی: ئەوێ ڕۆژێ تێکڕا چووبووینە دەرێ، ئەویش بە شەڕ و هەڵلّا. بە بابم با، نەدەچووینە دەر. دایکم بەیانی زوو لە دەسکی نانین. باوکم هەر دەیبۆڵاند و دەیگوت: کابرا لێی نەقەومابێ لەگەڵ مالّە خەزووری ناچتە دەر. تەواو دوو سەعاتی نەگرت دایکم بە باوکمی گوت: لێمان قەوما، قووڕمان وە سەری بوو. بە سەر مالّی وێراندا گەڕاینەوە. هەوەڵ بۆمب ڕاست وە مالّی ئێمە کەوتبوو، ئە گەر لە مالّ دەبووین تاقمان دەر نەدەچوو. سێ مانگ زیاتر لە مالّە باپیرم بووین. کەریم گوتی: بابت چاکی لێقەوما، سێ مانگ لە مالّە خەزووری مایەوە؟ جەلال گوتی: لە تارانێ بووم. لەوێ مووشەکباران بوو. کەریم گوتی: لەگەڵ ئەحمەد هەڵاتینە وە بۆ لای مالّە خۆمان. کەس لە مالّدا نەمابوو. ئەحمەد ژیر نەدەبۆوە، هەرای دایکم دەکرد و چوومە ناو ژووری مدبەق، ئەوێ ڕۆژێ دایکم نانی دەکرد. تەبەکێک نان لە سەر یەک هەڵچندرابوو، چووم سەرم بە سەر تەندوورەکەشدا گرت، گوتم لەوانەیە دایکم لە وێ کەوتبێ. دەستی ئەحمەدم بە دەستەوە بوو، ڕوومان لە هەموو لایەک کرد، هەتا یەک میتری بۆمبەکەش چووین، بۆمبەکە نەتەقیبۆوە، بۆمبەکەی کۆڵانەکەی نێوەراستێ کە ئێمە لە وێ بووین خۆ نەتەقیبۆوە سامان. سامان گوتی: سێ بۆمب بوو، هەر کۆڵانە و بۆمبێکی وەبەر کەوتبوو. کەریم چاوی لە دەرێ بوو. پاییزێکی درەنگ بوو. دەتگوت شۆقی گڵۆپەکان لە ژێر هەوریکی خەستی خۆڵەمێشیدا دائیسێن. جموجۆڵ بڵێی و نەڵێی زیاتر بوو. جەلال گوتی: بڕێکیش کات بۆ خۆت دانێی، خراپ نییە. درەنگە دەڕۆم. کەریم گوتی: سامان. سامان گوتی: ئەوە هێنام، دەچێ کوێ جەلال وا پەلەی دەکەی. جەلال گوتی:

دەچمە خوار، وەرەز بووم. ئێوەش کار و هەیە. سامان گوتی: دەزانی کەریم هیچ سەیر نەبوو کاک سمایل نەبێ، ئەو سەگبابە لەو هەڵاوهەنگەمەیەدا، ئاخر بە ئەتڵەس قەبریان بۆ خەڵک هەڵدەقەند. لەو ڕۆژە ڕەشەدا، خێرا چوو چەند کرێکاری هێنا و خانۆکەی خۆی ڕووخاند. کەریم گوتی: ڕاست دەکا جەلال، ماڵەکەی گەرەکێک ئەو لاتر بوو. چووبوو گوتبووی: ماڵەکەم لەو بۆمبارانەدا ڕووخاوە. سامان گوتی: هەوەڵ بینای سێ نهۆم، لە ناو ئەو کۆنە خانووانەدا ئاوا ساز بوو. کەریم گوتی: کوڕە هەموو کەس بەشی خۆی پێچووپەنای هەیە. سامان کەشفێک چایی هێنا و لە سەر مێزەکە داینا. کەریم لە بەر پەنجەرە کشاوە و چوو برقەکەی هەڵ کرد و گوتی: ئاوا دەکەی شەو دادێ. ئیستیکانێکی چایی هەڵگرت و بردی بۆ جەلال و گوتی: دەزانی جەلال دەتگوت تەواوی ئەو بۆمبارانە نمایشێکە. خۆڵ و خاک بەری ئاسمانی بەر نەدەدا، لە ناو ئەو هاتوهاوار و خوێن و بۆکڕووزەدا بۆ هەموو لایەک هەڵدەهاتم. زۆرم حەول دا ئەحمەد ژیر کەمەوە، ئەحمەد لە ناو ئەو شین و گابۆرەدا ژیر نەدەبۆوە . هەموو کەس هەر ڕای دەکرد، لە بەر پلیکانێک دانیشتین، چاوم لە سەر و چاوی ئەحمەد دەکرد. دیتم قادر لە دوورەوە دێت. جەنازەیەکی لە سەر دەست بوو. بە بەر دممانداا، هاتن. ئەحمەدم تووند لە ئامێز گرت. پێم خۆش نەبوو بیانبینێ. بۆخۆی بوو قادر، کوڕی مام برایم، خوشکە چکۆلەکەی لە سەر دەستی بوو. تەواوی گیانی شەڵاڵی خوێن بوو و بە تووکی سەریدا خوێن دەچۆڕاوە. بە دوای ئەواندا مام برایم دەهات. پەڕوێەکی بە سەر و چاوە خوێناوییەکەی گرتبوو و بە کوڕەکوڕ بە دوای قادردا دەڕۆیشت و دەگریا. مام برایم هەموو گیانی خۆڵ و خوێن و هەویر بوو. کە بە قەراغ منداا، تێپەڕی نیگامان تێک هەڵقا. مام برایم دەتگوت خێشکی شکاوە. چاوم لە سەر هەڵنەدەگرتن. هۆشم ڕۆیبوو، هەستم کرد دەنگی گریانی ئەحمەد لە بن گۆێمدا نەماوە، دەنگەکان بەتەواوی کپ مان. ئاوڕم داوە. دایکم بەرۆکی دادڕیبوو و وەک شێتان ڕوو بە ئەحمەد، بە پێخواسی هەڵدەهات. لە بەر پێی ئەحمەد خۆی لە خۆڵێ وەردا. جەلال گوتی: داخودا لە کەیەوە لێتان گەڕاوە، ماڵوێران. کەریم گوتی: تا مام برایم لە ئاخری کۆڵان لە ناو تۆزوخۆڵدا ون بوو، چاوم لە سەر هەڵنەگرت. سامان گوتی: کەریم درەنگمە دەڕۆم، دیسان دەستت پێکردەوە، مام برایم کچەکەی دەڵێی سوراحی زێرە. منداڵی گەورەی هەیە، ئێستاش دەڵێی تازە دەگاتێ، ماڵی مام برایم لە کۆڵانی چوارەم بوو و بەر بۆمباران نەکەوت. دوایە ئاوێک بە ئیستیکانەکان داکە. جەلال گوتی: ڕاوەستە منیش دێم. پێم خۆشە بڕێک خۆ وەبەر سەرما دەم.

ژان چووبووە ناخی دڵم

کوردستان گوڵابی‌ئازەر



سێ ساڵ دەبێت یا زەنگە زیاتر بێ...

چاو لە هیچ ئاوێنەیەک ناکات، بۆخۆی ئەوە باس دەکات. دیسان بووکە پەشمێکەی بە سینگیەوە هەڵدەگووشێ... ورچە قاوەیی‌یەکەی کە کڵاوێکی سپی و سووڕەتی بە سەرەوەیە...و گوڵینگێکی سووڕەتی کاڵی بە کڵاوەکەی‌دا هاتۆتە خوارێ... دڵی ئەو ورچە لێدەدات. منیش جار و بارە بە سینگمەوەی دەنێم. دەڵقێک وەک دڵی بنی ئادەمی بۆ ساز کراوە.

ـ چا دڵی چۆن لێدەدات... ئاخ بە قوربانی ئەو دڵت بم...

ئەو دەڵێت: دەمێکە دڵم لەگەڵ دڵی ئەو ورچە لێدەدات. دەیژماردن...چوار... پێنج ...سەرم هەڵێنابوو. ئەو چووبووە بەر ئاوێنە.. تازە زیپکەکانی سەر ناوچاوانی دەدیت. دانیشتووەتە خوار ئاوێنەکە. بە هەر دوو قامکە گەورەکانی هەڵیان‌دەکوشێ، زەلکاو بە ناوچاوانی‌دا هاتبووە خوارێ.. بۆ لای چەنەکەی دەچێت. دەستی ڕاگرتووە.. ئەوانە نەگەیشتوون.. ـ تۆ چاوت لە ئاوێنە دەکرد و ئێمە نەمان‌دەزانی..؟

...ڕۆژێ هەزاران جار چاوم لە ئاوێنە دەکرد بەڵام ئەمن تازە ئەو زیپکانە دەبینم. ..

تەواوی دەموچاوی سوور هەڵگەڕاوە.. ئاوڕی داوەتەوە و دەڵێت:

ئەمن بیر لەو هەژدە خاڵەی سەر دەموچاوم دەکەم. هەر ئەو خاڵانەی لای دوکتوور سووتاندوومە.

چەندە بەغیرەت بووم.. دوکتوور چەند خاڵی سەر چەنەگەمی سووتاندبوو کە دەستی ڕاگرت و پێی گوتم:

ـ بۆت سڕ نەکەم؟ هێشی زۆرە، ئاوا ناترسێی؟

ـ سڕی مەکە، ترسی چی؟

ژان چووبووە ناخی دڵم...هەر چۆنێک بوو دەمهەویست خاڵ لە سەر دەموچاوم نەمێنێت.

دەڵێ بیری ئەو خاڵانەی سەر دەموچاوم دەکەم.

دوکتوور نەیهێشت چاو لە ئاوێنە بکەم. تا چوومەوە ماڵێ... دایکم منی دیتبوو. هەر بە خۆی دادەدا و دەیکووت: بۆ ئاوات لە خۆت کرد...

ـــ دەزانی من دەترسام چاو لە ئاوێنە بکەم

بەرانبەرم دانیشتووە.

ـــ دەڵێی بیری خاڵەکانی سەر چەنەگەم دەکەم...

هەولێر ئامادەی کتێب

یان ڕەنگە بیری دایکم بکەم.. چی دەکرد بۆ دەموچاوم .. دەگریا.. بەڵام دەمێکە دەموچاوم ئاوا زیپکەی دەرکردووە. دایکم هیچ کات باسیان ناکات. یان ڕەنگبێ بیری ئەو دوکتوورە بکەم.

ــ دەزانی ئەو دوکتوورەیان سووتاند،

ــ کێ؟!

ژنەکەی دەرکەی ماشێنەکەی لەسەر داخستبوو.

ئەو هەروا کە لەبەر ئاوێنەکە ڕاوەستاوە، من بیر لە ئەو دوکتوورە دەکەمەوە. کە خاڵەکانی دەموچاوی بۆ سووتاندبووم. زۆر پیاوێکی جوانچاک بوو.

ــ بڵێی بۆ سووتاندبێتی؟!

ئەو دەگەڵ پرسیارەکەی من سەری وەردەسووڕێنێ..

ــ دەیانکووت ژنەکەی دڵی دابوو بە کوڕێکی هەفدە ـ هەژدە ساڵانەی تەمەن بوو.

من هەروا بیر لە ڕووداوەکە دەکەمەوە. جاری وایە بنی ئادەمەکان چیان لێدێت! دانیشتۆتە خوار ئاوێنەکە و دەڵێت: تەواوی دەموچاوم زیپکەی لێهاتووە.

ژنی ئەو دوکتوورەم دیتووە، باڵابەرزە و دەموچاویشی زۆر جوانە.

بەڵام هەر چەند کە بیری لێدەکەمەوە بۆم دەردەکەوێ کە ژنەکە زۆر لە دوکتوورەکە جوانتر بوو و هەم کەڵەگەتتر ..بەڵام هەروا کە بیریان لێدەکەمەوە ئەو بەڵگانە کە من باسیان دەکەم ناتوانێ سووتاندنی ئەو دوکتوورە بە دەست ژنەکەی بە لاڕێدا بەرێ. ئاخ جاری وایە چمان بەسەر دێت. ئەو هاتۆتەوە بەر ئاوێنەکە بە دەنگی وەخۆ دێمەوە.

ـــ دیارە ئەو زیپکانە دەمێکە لە ژێر پێستم شۆلاوگەیان بەستووە. هەروا زەلکاویان لێدێت. ڕەنگە هەر هی دەورانی خۆناسینم بێت. یان ڕەنگە... نازانم. زۆریان پێ قەڵسم.

ــ ئەرێ ژنی ئەو دوکتوورە بۆخۆی دانی بە کوشتنی مێردەکەی هێناوە؟!

ــ ئەو بە پڕتاو بەرامبەرم ڕاوەستاوە..چاوی تێبڕیبووم.

ــ تۆ هەروا بیر لەو ڕووداوە دەکەیەوە؟!

ــ من چەند شێتم، وامدەزانی بە زیپکەکانی سەر دەموچاوی منەوە ناڕەحەتی!... ئەرێ بۆخۆیشی دانی پێدا هێناوە، چۆنی سووتاندووە..

ــ نازانم بۆ ئەوەندە بەو زیپکانەوە قەڵسی؟! چەن دەنکە زیپکەن.. هەر ئەوەندە..

ــ .. نا .. هەر زیپکە نین... ئەمن دەزانم ئەوانە چۆن تەواوی لەشمی داگرتووە، ئەوانە هەر ئەوەندە سەریان بکرێتەوە... تەواوی لەشم دادەگرن. ئێوە نایبینن.. تۆ..دایکم.. هیچ کامتان ناتانهەوێ بیانبینن.

ــ تۆ هەر ئاوای، شتەکان زل دەکەیەوە، بۆ مەگەر هەر زیپکە نییە؟

ــ ڕەنگە وابێت، من شتەکان زل دەکەمەوە، ئەرێ هەر زیپکەیە.

من چاوم تێبڕیوە، دەیانبینم. تەواوی دەموچاوی داگرتووە. هەستاوەتە سەر پێ. بەدوایدا دەڕۆم. ئەو ڕۆیشتۆتە دەرێ. بڵێی ئەوانە هەر زیپکە بێت یا...؟

تاسە

فەوزییە یاهوو

مامە پیرە دواین هەناسەکانی خۆی هەڵدەکێشا، بۆنی ئەو کلووچانەی هەست پێکرد کە زۆری پێخۆش بوو. لەسەر تەختی هەستا و خۆی بە عەرزی دادا و وردەوردە بە دوای بۆنەکەدا ڕۆیشت. ئەو بە زەحمەت هەناسەی دەکێشا، بەڵام دەستی هەڵنەگرت. خۆی گەیاندە جێگای کلووچەکان. لە دڵی خۆیدا گوتی: حەتمەن ئەمن مردووم و ئێستا لە بەهەشتێدا هەم. چونکە ئینسانێکی چاک بووم، فریشتەکان ئەو هەمووە کلووچەیان بۆ چاک کردووم. دەنکەدەنکە کلووچەکانی هەڵدەگرت و دەنێو گیرفانی دەخست. کە لە پڕا ژنەکەی بە کەوچکێک لە پشتی دەستی ڕاکێشا و گوتی: دەست لەوانە مەدە، ئەوانە بۆ ئەو میوانانە دانراون کە دێنە سەرەخۆشی تۆ، نەک بۆ تۆ کە هەمووان بخۆی. پیرەمێرد کە دیتی بە ئارەزووەکەی نەگەیشت، دواین هەناسەکانی خۆی دا و...

سەرچاوە: Funny eleanjokes.com

هەواڵنامەی کتێب

چاوەڕوانی

سەیران چووپان

ئێوارە بو، وێدەچوو تازە حەسابێتەوە، لەمی دابووە سەر مۆبلّەکە... خۆی و بۆ خۆی. گلّۆپەکانیشی دانەگیرساندبوو، هێندەی دیکەش ولّات تاریکتر بەرچاو دەکەوت، تەنیا گڕی ژێر قابلۆمە چێشتەکە و شۆقی چاوەکانی لە دور ڕا دەدرەوشانەوە .وێدەچوو حاڵ و هەوای ئەم ئیوارە بێ کە ئەو چاوانەی ئاوا مات و مەلوول بۆ سووچێک شۆڕ کردبێتەوە، دەیڕوانیە دوورەوە؟ یا ئەوە عادەتی هەمیشەیی چاوەکانێتی کە ئێوارەی لەگەڵ خۆی دەهێنێ؟

ـ ئەوە چاوت لە کوێیە؟ میوانەکە هەر ئاگایان لە و هە موە تەق و شەقەی من نەبوو؟

لە پڕ ڕاچڵەکی و بە دەنگەکە هاتەوە خۆ و بەخێرایی چاوەکانی گواستەوە سەر پیاوو زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوی.

ـ ئەوە ئەتۆی بە قوربان؟ بەخێربێیەوە.

هەستا گلّۆپەکانی داگیرساند، سەری چێشتەکەی وەلانا و ئاورەکەی ژێری کوژاندەوە.

ـ تازە لە کارەکانم تەواو ببووم وێستم پشوویەک بدەم هەتاکووتۆش بگەیەوە.

ـ خۆ ماندوو نەبی، بەڵام زۆریش لەو چاوانە دەترسێم کاتێک ڕادەمێنن و لە تاریکیدا سەر دەبەن هەر لە تاریکیشدا...، نا،لەو ماوە کەمەی ژیانمان، زۆر جاران ئاوایان دەبینم و پێم ناخۆشە... هەست بەوە دەکەم ئەمن ئەو پیاوە نیم کە تۆی تێدا بحەسێتەوە. نازانم...! هەر لە چاوەڕوانیدا دەتبینم.



جوابێکی نەبوو بۆ ئەو قسانە، هەر سوور هەڵگەڕا و نەیزانی بڵێ چی؟! ئاخر هاوسەرەکەی ڕاستی گوتبوو. بۆخۆیشی نەیدەزانی بۆ وایە و هۆیەکەیش چێ؟!

ــ بڵێی بۆچی وابن؟ بڵێی ئەو عیشقەی کە بە هاوسەرەکەم هەیە لە بەین چووبێ؟ بڵێی ئیشقێکی تازەم لێ پەیدا بووبێ؟ نا... ئەوە هۆیەکەی نییە یا پرسیارێکی شیاویش نییە چونکە ئەمن هەمیشە عاشقی جوانییەکان دەبم نەک ئەو عیشقەی کە کۆمەڵگا بۆی دیاری کردووم و بە سەریدا سەپاندووم، نێوانم لەگەڵی نییە و هەمیشە بەرەنگاری دەبمەوە تەنانەت ئاشقی منداڵێکیش دەبم کە کاتێک ئیشێکی پێڕادەگەیەنی یان زوڵمێکی لێدەکەی چاو لە چاوەکانت دەکا و خراپی تۆ پڕ لە قووڵایی دڵەوە، بە پێکەنینەوە وڵام دەداتەوە لەو کاتەدا ئاشقی دەبم و پێم خۆشە دەمێک بە سینگمەوەی نێم و بۆ پاکێکەی فرمێسک هەڵوەرێنم، ئەو کاتە دنیام پێ جوان دەبێ، پێم خۆش دەبێ، ئەگەر ناحەزییەکان و هاڵۆزییەکان ئیزن بدەن.

بڵێی چاوەکانم لەلای کۆرپە ساواکان جێهێشتبێ و نەمزانیبێ؟ بڵێی لە نێو نیگای ئەوان تێکەڵاو ببێ؟... چۆن بیانگەڕێنمەوە لای خۆم؟

چۆن دەبێ ئاواتم هەڵپشتنی فرمێسکیان بێ تا دانە دانە بلورەکانی خۆم بە دەستی جیا کەمەوە و بەرەو خۆم بێنەوە؟ نا... نا ... ڕازی نیم بە وەرگرتنەوەی نیگام لە داڕژانی فرمێسکی کۆرپە ساواکان، هەرچەند پۆژێ دێ کە ئەوانیش، بۆ زەردی گەڵاکان، بۆ ڕەشی ئینسانەکان، دڵۆپە ئاوی زەریای دڵۆپەکان تێراو دەکەن.. ئەی دیسان هاتەوە... دیسان نێو زەینی داگیرساندم ئەو پۆژانە، پۆژانی تاڵی ڕابردوو... لە بیرت دێ؟... خۆ تۆ لەگەڵما نەبووی... تۆ تاکە کوێر بووی، هەر خۆم قسەم لەگەڵ ئەکردی ئەو کاتانەی لە بەر دەرگاتان تێئەپەڕیم و لە ناکاو هەناسێکم هەڵ ئەکێشا... داخوا ئێستا چ بکا؟... ڕاکشاوە، یان نۆتی موسیقاکە دەنک بە دەنک بە سەر پەنجەکانیدا ئەگڕێ و هارمونێکی جوان ئەژەنێ؟ لە بیرت دێ ئەو پۆژەی لە دوور ڕا چاوم لە چاوانت ئەکرد و تۆش "بوو بە گەڵارێزان"ت ئەژەنی؟ چاوەڕوان بووم نیگاکانت لە سەر مۆسیقاکەت هەڵگری و چاوێکم لێبکەی و نیگای ئاشقی، چاوەکانت لێکی دەمەوە و هەر تریشقەی تەمەنایەکیان لێهەستێ. بڵێی ئێستا لە پشت کۆمپیوتەرەکە بێ؟ هەر وەک ئەو خەونەی دیتم... پشتت لە کۆمپیوتەرەکە کرد و بە ڕاشکاوی هەڵت دایە قسەی نەرم و

هەمیشەییت... نازانم بەگشتی چیت گوت بەڵامفارس وتەنی: "ئەدەمی ئینتخاب" یان... نازانم! نازانم! لەوانەشە ئاوا نەبێ، بەڵام ئاوا تێگەیشتم، بۆیەش وەختێ ئەو شەوەی خەبەریان پێدام کە من دوو۲ساڵە هەر شەوەو و بیریگیرۆدەیخۆم،چاوەڕوان دەکەم. ۲ساڵە هەر نیگاکانم بۆ خانوویەکی چۆڵ، هۆنراوە و ڕۆمان ساز دەکا بێئەوەی بزانێ تۆی تێدا ڕۆیشتووە، ئاخ ئەم ئێوارەیەکە ئەم کارانەم لە زەینی شپرێوەدا دەهێناو دەبرد... هاتمە بەر دەرگاتان... بۆ ئەم ئێوارەیەنەخنکام لەناتەبایی و دژ بە یەکبوونی ژیانو لافاوی خەڵکدا؟... دیسانیش کارتەکانی قوماری کۆمپیوتەر، لە زەینمدا ڕیز بوون... لە سەر هەر کارتەی یاد و بیرەوەرییەک،ترسێک و دەردێک، ڕیز بوونە و پەلاماریان بۆ زەینم هێنا وەک ئەو ڕۆژەی کە لە پەناگای هەمیشەییم "ژێر خان "دا دڵتەنگیم، بۆت هێرشی هێنا، وەک شێتان پلیکانێکم ۲دەکرد تا بە هەوای بگەم و ئەوجار، دڵۆپی دەریای دڵۆپەکان. هەر لەوێ زەینم دۆڕاوە بوو.. یانی هەر هەواری خاڵیم چاوەڕوان دەکرد؟ یانی ۲ساڵە، نێو، لام هەبووی؟ دەستم وەک ڕەوانێژەندان بە دوو لاجاینگی سەرم گرتوو و زانیم وەک ئەو شێعرەی «ساڵاهایە کە مردووم » و خەبەرم نێ، بەڵام هەر زیندوو بووم... بە باشی هۆیەکەی نازانم، بە گومانم هاتنی ئەشقێکی تازە هەر لەوێ بە خاکی نەسپاردم، باش بوو ئەو خانوویە، بۆ هەمیشە ڕووخا و هەڵوەشاوە، لەوانە بوو چاوپێکەوتنەکانم ئەمنی ڕووخاندبا... بەڵام ئەتۆم بە خاک ئەسپارد و شینم بۆ گێڕای و بە هەر بار گڵ وەسەرکردنت شینگێڕێکم بۆ وتییەوە و حەوت کێوانت لێ دوور دەکەوتمەوە...وەک ئەو دایکەی کە جگەرگۆشەکەی بە خاک ئەسپاردبێ و شینگێڕی بۆ ئەگێڕا، ئەو دەم نەمدەزانی چ حاڵێکیەتی، دەروونی ئەو دایکە زگسووتاوە، هەر دەنگی ناسک و بە هەستم پێ خۆش بوو، کاتێ شینگێڕی بۆ ڕۆڵە جوانەمەرگەکەی هەڵدەبەست وببۆوە شاعیرێکی پڕ هەڵبەست، ڕاستی ئەوە چ دەردێکی نەناسراو و دەرکنەکراوە کە یەک شەوە شاعیرت دەکا، لە ناوت دەبا و هەتا هەتایە لەگەڵت دەژی، بێئەوەی شتێکی تر بتوانێ جێی داگیر بکاتەوە؟... ئێستا هەست بە چاوەکانت دەکەم ئەو کاتەی کە پاڕایەوە و گوتت توخوداکەتان کارێکم بۆ بکەن ڕەحمتان پێم دابێ، نەزمی قەبرەکان بگۆڕن جوانەمەرگەکەم بەرامبەر بە حەساری ماڵەکەم بنێژن، تا پێش لە هەموو کەس سڵاو لە ئەو وەرگرمەوە و بەو کارە دڵی لەتلەتم تۆزێ ئەهوەن بێتەوە... چ بێڕەحم ودڵڕەق بوو، ئەو بابەی جوانەمەرگت، ئەم ڕۆژەی کە لەبەر هەیوانی ماڵێ دانیشتبووی بەرانبەر بە نیوەی دڵت بە ئەسپایی فرمێسکت دەڕشت... ئاخ لەو بەردەی بە شووشەی دڵتی دادا، هەر هاتەوە و تۆی دیت، دەستی بە هەرایە کرد.

"ئەری دە بەسسی کە ئەو فینگە فینگەی، ڕۆژ تا ئێوارێ ژیانت پێ تاڵ کردووین..." حەک چاوەکانت چەندە گووناح بوون کاتێ ئەو قسەیان بیست لە شەرمی فرمێسکە ڕژاوەکانی سەر کوڵمەت، لێوەکانی ساردو سڕت زەردەخەنەیەکیان هاوکات بە بۆنەی قووتدانی ئاوی زارت هاتە سەر لێوت و پڕی بوغزی گەروتو هەناسەی ساردت، گەڕایەنەوە نێو سلول بە سلولی جەرگت، پاشان ڕەوانەی چاویان کردی و ئەو کات من هەموو ئەوانەم لە تروسکایی چاوەکانتدا هەست پێکرد کە خۆد دەخۆددا ون بوویووی،تواوە،غەمی ئەوەت بوو کە دوای ئەو قسانە هەر دەبێ لە تاریکایی نیگاکاندا لە دڵدا بکوڵێی و هەڵوەڕێنی... هەڵوەڕێنیو دووپات کەیەوە "تۆ هەناسە و غوونچەی نەپشکووتووی من بووی، حەک دایکت کوێربێ، ڕۆڵە بەچی وا زوو چووی؟! ئەو کێل و قەبرە بە مەوداو بەژنی من بڕابوو ڕۆڵە هەناوم ڕەش بێ. ئەتۆی بۆ تێچوو". بڵێی چاوەڕوانی لەو دایکە فێر ببم؟ بڵێی فرمێسکەکانم لەوی وەرگرتبێ یان لەودایکەی نێو تابلۆی مەتەبی دوکتۆری کە دیتم، پێم بە شاکاری چاوەڕوانی بوو، بێئەوەی چاوەکانی ببینم. لە نێوان دەرگاو کۆڵان چاوەڕوانی کەسێک یان شتێک بوو، دەستی لەسەر دەستی دانابوو تەنگی کۆڵان و دڵی تەنگی تەمێکی گەورەیان لە سەر ناخی دانابوو هەستم بە دڵەکووتەکەی دەکرد چوومە ناوتابلۆ و پێمخۆشبوو نیگای چاوەکانی بدۆزمەوە و لێی بپرسم دایە گیان چاوەڕوانی چی ئەکەی بۆ وا ماتی پێتوایە چاوەڕوانیت کۆتایی نایە هەرگیز، ئازیز ؟نیگاکانت بە دوای کام دیدەیە کە لەڕێ بێتەوە ؟ پاشان ببم بە پاڵەوانی داستانەکەت و لە شەڕی ڕۆستەم

و ئیسفەندیار، کەیکاووس وکەیخسرەو و کاوەی ئاسنگەر سەرکەوتوو ببم و دەستی چاوەڕوانکەرەکەت بگرم و بە سەربەرزی و پڕ لە شانازییەوە لە سەری گۆشەکەی وەدەر کەوین و لە دوورڕا هەوەڵ نیگا چاو لە چاوەکانت کەم و شەوقی نیگای ڕوونبوونەوەی دنیایەکەتی تێدابینم و بە خۆشحاڵیەوە دەستتان لە نێو دەستی یەک نێم و بڵێم" ئەوەش ئاخر و ئۆخری چاوەکانی هەمیشە نیگەرانت، ئەوەش کۆتایی ئەو ڕۆژە وێرانگەرانەی بەر دەرگای کۆڵانت، دەبا چیتر دەستەکانی لە سەر دەستی دانا و داماوت، دڵی خنکاوت فشار نەدا " .سەرم خستە خوارەوە و دیسانیش کارتەکان... دیسانیش دڵۆپە زەریای کارتەکان. ئاخ... تۆ چاوی خۆت چاوەکانم چرکەساتێ بحەسێیەوە، بگەڕێیەوە، بگەشێیەوە...ئاخر تا کەی چاو بەڕێوە؟ چاوی من، بۆسۆی هەناسەکانم وردە وردە خەڵکم تێئەگەیەنێ، چاوی خۆت ڕسوام مەکە، چاوی من تاکەی چاوەکانت بەرەو ئاسۆی سوورلە شەپۆلی نەرمی زریاوە دەست بەئەژنۆ دادەنیشی. ڕایاندەگری، گوێ هەڵخە! بڕوانە! لە پەناتن! دەنگە دەنگ و پێکەنینە و لێو بە قاقاوە، بۆ بە لایئەوانداماەلەباسکەی ناکەی؟ تا کەی هۆشت لەو ئەشق و جوانییە نییە، مانای جوانی دەزانی؟ فەرموت کردووە بۆ مااڵی دڵت؟... ئاخ جیهانم... چەندە لێت داخدارم... هەرچەندە دەڕوانم، تۆ بڵێی چیت بە دیاری هێنا بۆ چاوانم،کە هیچم پێنەدیتوو و هەر چاوەڕوانم، دانیشتووم، کەچی چاوەڕوانە و کەی کۆتایی پێدێ، چێ غەمی هەیە و تەواو دەبێ چێ ئاشقە و کەی ویسااڵ دێ... ئەرێ چاوەکانم، لەبیرت ماوم؟! خۆ خۆم باش ئەزانم هەر یادگارم و هیچ نەماوم، هەر فرمێسکە و ئەڕژێ، هەر دڵەو دەسووتێ،هەر چاوە و چاوەڕوانی ئەکرێ، ئەدی ژینت چی، ئەدی ئەشقت چی، ئاخ ئەشق...! بڵێی چاوم تاوانی نەبوونی پڕ نەکراوەت بداتەوە؟! بڵێی دیدەکانم لە پێی کام ئەشقی نەپشکووتوو و هەڵنەهاتوو یاخود ئەشق بە من ڕازییە و دەمخوازێ؟... نا کەس پێی وا نەبێ، نەبووە و ناشبێ کە من وڵام بم بۆ دیدەکانی، بۆیە هەر کات من هەر هەتاوم و ڕووناکایی نەبینراوم بۆ چاوەڕوانی هەموو ئەو چاوانەی کە چاوەڕوانی چاوەکانمن. کارتەکان بۆ وا دەورەتان داوم و خوێنم ئەمژن؟فەلەجتان کردم بەسە چیتر.. چیتان لێم ئەوێ؟ ئەنگۆش چاوەڕوانن کە بزانن کۆتایی بەسەرهاتم چییە؟ دیسانیش دەچمەوە پێشتر، دەگەڕێمەوە بۆ منداڵیم بەڵکوو لەو سەردەمە بیانبینمەوە و بە کۆڵیان دادەم و بیانهێنمەوە.

- نیگەرانم لێی، دایم چاوی لە پەنجەرەی بڕیوە و ئەو بەری حەسارێ چاو لێدەکا، نازانم چی دیوە لەوێ؟

نەمدەزانی یانی چی بەاڵم دەمفامی کە دایکم لە بارەی منداا لەگەڵ بابم دەدوێ ئەمنیش جار جار قومێکم لە نووشابەکەی دەداو لە نێوان کۆشم دەناو دەستم بە سەر ڕۆدەگرت. نەخۆش بووم لە بن کووڕەی کەوتبووم هەر ئەو کەوتنانەی کە لە ژێر فشاری کارتەکان هێندی دیوەکەم لە کەلێن و قوژبنانداا فڕێ دەدرام، لەشی بێهێز و ناتەواوم قەوەتدا کە هەستم، چاوم بە پەنجەرەی کەوت بابۆڵەیەکیان بۆ هێنام تاڵ تاڵ بوو، بە نابەدڵی دەمجووت. چاوم لە هەڵمی شووشەکان بوو کە داخوا کەی شەو دادێ، خەوم لێ کەوێ بەڵکوو وەختێ هەستام هیچ شتم لە زاری تاڵ نەبێ. وەرن چەرخی دنیا ببینن! لە منداڵی غەمی کەی شەو داهاتووم هەبوو، زەمانی کارتەکان غەمیکەی ڕۆژداهاتووم هەیە، وەختێ کارتەکان لە ژێر قوماری شەوانە، بەزەینم لە سەر دۆڕاندنی دونیایە دەست پێئەکەن، دەبێ ئەویش بە چاوانم ببینم. هەرکە چاوم لێک نا لە پڕ هەڵدەستم و تەمێکی گەورە،سارد و گەرمی بە لەشم دەکا ئەو کاتە حازرم خۆم بفرۆشم بۆ مسقاڵێک بێهۆشی و بێخەبەری و بێچاوەڕوانی. نا... چکۆلەتر... چکۆلەتریش چاوەڕوانیم کردووە، من و چاوەڕوانی هەر لە سەردەمی ساوایەتیدا بە یەک ژیاوین. ئەودەم کە بە دنیا هاتم ئۆڵقەکانی ناو زگی دایکم ،ئەو جێگایەی کە مەودایەکی لەگەڵ مەیل و ئیرزای مەیل نییە، پچکڕاند و هاتنە دنیا و جوودایی، خەساڕێکی گەورە بوو، بۆ منی سەر لێشێواو بە شوێنێکی نامۆ و پڕ دەڕەندە گریانی منی بە دوادا بوو، ئەوە بەخێرهاتنی ئینسانێکە، دنیا پێکی دێنێ سەرەڕای ئەوەش چاوم لە سینگی دایکم بوو کە ئەهوەنم کا و ئیتر نەهات...

پێیان بڵێن پەپوولەکان نەکوژن

سەڵاح گوڵئەندامی



ژنەکە کوتی، کوڕەکەم مرد و بوو بە کۆتر.

(ئێدواردۆ گالێ ئانۆ)

تەلەویزیۆن ئاسمانی پڕ پەپوولەی نیشان دەدا و پەیتا پەیتا ئاگادارییەکی بڵاو دەکردەوە: تکایە سەری خواردەمەنییەکان باش داپۆشن، ئەو ئاوانەی پەپوولەیان تێکەوتوە، لێیان مەخۆنەوە، بەرگری منداڵەکانتان بکەن دەست لە پەپوولەکان نەدەن، یارمەتی ئەوانە بدەن وا بۆ سەمپاشی پەپوولەکان دێن.

کۆڵانی ئێمە جمەی دەهات، هەر کەسەی هاتبووە بەر دەرکە، سەیری ئەو کارگەرانەیان دەکرد وا دەمولووت هەڵبەستراو، خەریکی سەمپاشی بوون. لە سەر دەرگای ئۆتومبیلی تایبەتی بەربەرەکانی پەپوولەکان، پەپولەیەکی گەورەی سپی کێشرابۆوە کە باڵەکانی لێکتر گرێ درابوو. کارگەرەکان ماڵ بە ماڵی کۆڵانیان سەمپاشی دەکرد. کارگەرەکان لە دەرکەی ماڵێکیان دا کە بێوەژنێکی سی و پێنج ساڵە لەگەڵ بابی بە تەنیا دەژیا. مام یۆسف دەرکەی کردەوە، سەر گۆچانەکەی دوو پەپوولەی لە سەر هەڵنیشتبوو، پەپولەیەکی دیکە لە سەر کاتژمێرە باخەڵییەکەی . کارگەرێکیان کوتی: مامە گیان هاتووین سەمپاشی بکەین.

مام یۆسف بە سەرسوڕمانەوە ولامی داوە، سەمپاشی؟!

- ماڵی ئەنگۆ بەقەرای تەوای گەڕەک پەپوولەی تێدایە.

- ئەنگۆ چ کارتان بە پەپوولەکان داوە ها؟!

- مامە گیان، نەخۆش دەکەون، خەڵک لێتان دەگرێتەوە، ئێزن بدەن با کارەکەمان دەست پێبکەین.

لەو دەمەدا کچی مام یۆسف هاتە بەر دەرکە، سەر شان و بەرۆکی هەموو پەپوولە بوون، لە سەر قامکێکی پەپوولەیەکی سەوز بە شێوەی نەقیمەی ئەنگوستیلەک بەدی دەکرا، هەر بەو قامکەی کە ڕقێک دەیلەرزاندەوە ئاماژەی پێکرد و قیژاندی: بڕۆن، وەدەرکەون.

ـ دەستوورە

ـ چ دەستوورێک؟!

ـ شار پڕ بووە لە پەپوولە، ئافەتە. دەبێ لە نێو بچن.

ـ کارتان بە مااڵی ئێمە نەبێ، با ئافەت لێمان دا

ـ نابێ ئەگەر سەمپاشی نەکەین ، پەرە دەگرن.

ـ هەر ئەوەیە پێم گوتن، برۆن نەتانبینمەوە.

پاشان دەرکەی لە سەر تووند پێوەدان.

کارگەرەکان چپەیەکیان پێکەوە کرد و چوونە ماڵێکی دیکە، لە گەڕانەوەدا، کاتێک کۆڵان تەواو سەمپاشی کرا، پەیژەیەکی ئاڵمینیۆمیان هێنا بە دیواری حەساری ماڵی مام یۆسفدا، پێی سەرکەوتن. کارگەرێک خۆی پاز دایە حەسار و دەرکەی لە پشتەوەڕا کردەوە. قیژەی ژن بەرز بۆوە. ئێمە چەند کەسێک بە شوێن کارگەرەکاندا چووینە ژوور، دوو کەس لە کارگەرەکان مەچەکی ژنەیان تووند گرتبوو، یەکی دی لە گەڵ مام یۆسف قسەی دەکرد، کارگەرەکانی دیش خەریکی سەمپاشی بوون. ژن چاوی خەفەتبار و تووڕەی بە خەڵکدا گێڕا و بە دڵپڕی کوتی: پێیان بڵێن پەپوولەکان نەکوژن. ئەو جار چاوی بە لک و پۆپی دارەکانی حەساڕێدا گێڕا، کە تەرمی پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگیان لێدەباری، دەتکوت پاییزێکی ناوەختە و با گەاڵی داران دەوەرێنێ. سەمپاشی تەواو بوو، کارگەرەکان دەیانهەویست بڕۆن کە ژن خۆی گەیاندە یەکیان و زلەیەکی لێڕاکێشا . بۆ ساتێک ڕاوەستا و چاوەڕوانی هەڵوێستی کارگەرەکە مایەوە، کە دیتی کارگەرەکە هیچی نەگوت، دایە پڕمەی گریان. پێاوێک لێی پرسی: تۆ بۆچی وات کرد، خۆ ئەو دوژمنت نییە، یاریدەتان دەدا نەخۆش نەکەون. ژن بە دەم گریانەوە گوتی: دیاکۆ دیاکۆ، تاقە کوڕەکەم. ئێمە دەمانزانی کە ئەو تەنیا کوڕێکی هەبوو لە قەراغ چۆم داینابوو کایە بکا، لە ناکاو ئاو بردبووی ، پاشان مێردەکەی تەاڵقی دابوو. لێمان پرسی، جا ئەو کابرایە بڵێ چی؟! ژن چاوی بە شووشەی بوتریەکی پڕ لە پەپوولە کەوت کە بە دەست منداڵێکەوە بوو، لە ناکاو ، تووندوتیژ لە دەستی ڕفاند و بە عەرزیدا کوتا. پەپوولەکان وەک دووکەڵی ڕەنگاوڕەنگ، سووک و خەیاڵاوی بەرەو ئاسمان هەڵفڕین ، ژن چاوی لەو فڕینە ئەفسوناوییە بڕیبوو، ئەوجار وەبیر پرسیارەکە کەوتەوە، زەردەیەکی هاتێ و لە سەرەخۆ گوتی: بابم دەڵێ ئەگەر منداڵ بمرێ، دەبێتە پەپوولە.

هێمن سۆهرابی



لە خاڵی‌دا ئەندێشەم و

دەخنکێمە نێو چاوی نەهەنگێک

کە پیلانە زەوی ئەگەر ببێتە جانپەنا

لە خاڵی‌دا

سیاسی‌ترین هێڵنج

بزەی دوای مژی سیگارێکی ئاوەژووە و

هەڵقرچانی فیلتێری مێشکت

لە خاڵی‌دا

ئێوارەیەک دەمرمە نێو

ئاوڕێک لە وڕینەی خۆرەتاو نەدانەوە

کەچی تەنیا دەیهەویست سیگارێکم بۆ هەڵ کا

ئێوارەیەک هەڵدەفریوم

لە خۆیشم

لە خاڵی‌دا

کەچی نەهەنگێک بۆنی ماسی‌گرتوو مرد

کە ئێوەن ئێوارەمەرگی شێعر و

ژیان کۆتایی من

.....

ـ مەستی جوانترین بیری خواردنەوەی خۆت

هەڵدەقرچێ

پێتوابوونی پەڕینەوەت لە چرا سوورەکانی شەقام

ئەسپێک دەڕشێتەوە بە سەرتدا و

سەفەر دەست پێدەبێ

سەفەر دەتوێتەوە لە سەرتدا و

ئەسپێک ئاوس تێدەفکرێ

با چاو دانەگرێ کەڵاکی بەهانەیەک

با مەرگیش تێبفکرێ لە شەقامی هەناسەسوار

باشاری ڕەشی لەشت

ڕۆژهەڵاتی نیگایەک بێ

کام یەک سۆزانی‌بوون

مەرگ؟

یا؟

ژیان؟

- یا -

تووڕە مەبە قەرارمان بێقەراری بوو

هەوالنامەی کێبڕکێ

عەزیز فازلی

لە باغی مورسەلین

تۆ غەوس من ئاشقی پاکم گوناهبارم مەکە
سەد برین کەوتوونە دڵ بەسە و بریندارم مەکە

من کە دەرۆیشم پەناهم جێ پەناهی ئاشقان
سا پتر ئاوارەیی نێو گوند و شآرانم مەکە

ئاشقی ئەو پرچە ئاشوفتەم کە شانە شێتە بۆی
خۆم کە دێوانەم بە زنجیری ئەشق هارم مەکە

ئاشقی ڕووخساری ویم، کەوتۆتە نێو تیشکی هەتاو
ڕوو لە هەر شوێنێ دەکەم وێرانە وێرانم مەکە

هەر حەکیمێ چوومە لای نوسخەی ئەوینی دامە دەست
داوو دەرمانم ئەتۆی دەی بەسە بێمارم مەکە

ئەی بزەت هەر دەم دەوایە و زییز بوونت مەرگە بۆم
من گوڵی عێشقم لە باغی مورسەلین خارم مەکە

سەید نەجمەددین ئەنیسی "بەهار"

خودای جوانی

سەرم سوور ماوە نازانم لە ئاوێنە کە دەڕوانی
چلۆنە شێتی خۆت نابی لەبەر جوانی خودای جوانی؟

جووانی تاج و تەختی خۆی بە ناز دانا و لێم پرسی
کوتم کێی دەچتە سەر تو خودا؟ بزەی هاتێ لە تۆی ڕوانی

بە ناز دوێنێ بە ڕێگادا دەڕۆیشتی بە چاو دیتم
کەوا خەڵکێکی زۆر بۆ سەیری ڕووت چووبوونە سەربانی

لە خەوما دوێ شەوێ پیاوێکی پیرۆز هاتە لام فەرمووی
خەتی دوو میسرەعی شیعری خودان ئەستی برۆکانی

بە دڵ پێمخۆشە خۆم ونکەم لە نێو بەحری غەزەل تاکوو
لەگەڵ شیعرم لە لێوت بێمە دەر دڵبەر بە ئاسانی

لە دووریت هێندە لاوازم بە قوربانی قەبوولّ نابم
ئەدی چ بکەم بە قوربانی کە خۆم نابم بە قوربانی؟

لە نێو خاکی جووانانْدا نییە وێنەت لە جوانیْدا
بە خوا نەخشاوی خامەی خوای، بە خوا شاکاری یەزدانی

دەخۆم سوێندێ بە ئەو خوایەی کە بێ هاوتایە و یەکتایە
لە تۆ جوانتر نەخوڵقاوە لە ئەم دنیایە هێند جوانی

شەویار گولابی ئازەر



وە ئەو کات...

وە ئەو کات بوومەوە لە خۆ

ڕابەرەوە لە پیاسگەی شاری بە لەخۆبوون

تاقەتم کەنگەشە بوو

لە شڕەکراسی ڕووپەڕێکدا

وە ئەو کات بوومەوە لە خۆ

مەرگ وەرکەوت بووە پەنام

منیش چارۆکەی بەر لە ئێستای گوناهم ڕادەخست

لە ئازادی خۆکڕینەوەی شەقامدا

پەنجەرە ڕندۆک لە گڕبوونەوەی لاتەریک

منیش دەنگی لەزەتی ئینسان بووم

لە تەنگەبەرەی سات و

مێژوو شایەتی ڕەگاژووی دەرئەنجامی بەرزەبالای ژەنین

وە ئەو کات بوومەوە لە خۆ

چ سەرکێش ئەبێ گەوجێتیم و

سەفەرخۆ دەژەنێتەوە بە نێو چڕە خەونێکدا

چ شیرین بارم ئەکا ئێش

وە ئەو کات بوومەوە لە خۆ

لە وێڵۆنمدا نالوێ و

چ قەتیسمانە فامم دەکا

ناسکوێژەی بێدەرەتان

هەوالنامەی کتێب

پشکۆ پیشداد



سروشتی بێگیان

پێشکەش بە کچانی بێنازی هاوشار

نوختە

گرێ

وێنە

نوختە

ڕێژاوی ڕەنگە

لە پڕشەی خەیاڵی وێنەوە

دەپڕژێ

بە باڵای هەودای سپیەوە

گرێ

سەرەتای پڕووشەی ڕەنگە و

دەنگە لە ئەرخەوانی ڕەنگدا

سەرەتای هەڵزنینی زێوی ئاوریشمە

بە تانی ساردی ئەڕشەوە

خەیاڵێکە لە نوختە

ڕۆژەنێکە بە گرێ دەکرێتەوە

درەختێ

زستانە شکۆفە دەپشکوێ و

گەڵای

پاییزە

بەرگی گڕ دەپۆشێ

نوختە

گرێ

وێنە و

کچێکی خەمین!

شەکەتی چوار وەرزی کاڵی ئاوێنە

لە سەر هێڵی ڕەنگ و گڕێ

لە سەر هێڵی پەریشی نوختە گەڵا و

تەختە تەونێکی شەڕابی

دەفە

دەفە

دەف دەف

هەستیار ڕۆستەمی



.....شۆڕەبی....

وەک شۆڕەبی

هەموو ڕۆژێ

تاڵ تاڵ خەیاڵی جوانت

شۆڕ دەبێتەوە ناو گۆمی بیرەوەریم

من دەمهەوێ

وەک گەردەلوول

هەستمە سەر پێ

تۆ ڕاپێچی دەروونم کەم

بەڵام ئەتۆ ڕیشەت لە ناو

دڵم دایە!!!!

تا حەز نەکەی تۆفان کە هیچ

شنەش نایا.....

*****

...نوقم....

دڵۆپ دڵۆپی خوێنی منیان

لە کاسەی هێوری کرد

یەک چرکە لێت بێزار نەبووم

چون تۆم دەدی

تنۆک تنۆک دەبووی بە گۆم و

منیش دیسان نوقمی تۆ دەبووم

******

...پێناسە...

بۆ پێناسەم ناوتم درکاند

بۆ ئەوەی ڕقی خەم

دامرکێنم

تۆزێ باسی دڵداریم کرد

تۆ لە کام درامای

ئەم ژیانە دای

هێندی خوا دوور و نزیکی

هەوالنامەی کێبڕکێ

*****

...نیشتمان....

هەر کات کرا،

ڕووناکی ڕۆژ بسڕنەوە!!!

تاریکی شەو کەلەبچە کەن

ئەو بارانەی،

تێکەڵ بە زەریاکان بووە

دەنکە دەنکە بیناسنەوە!!!

ڕەنگە ئەو کات

هەر بە ڕادەی سریوەیێ!!!

گەردەلوولی نیشتمانم

لە ناخمدا هێدی وەکەن!!!!

******

چ ئەستمە کە تۆ دەڵێی

یەکەم دڵدارم بووی

بەڵام دەڕۆی

ئەی پێنەزان

ڕوحم کە هیچ

جەستەشم دەبەی

*****

چیت لە دەست دێ

بەرامبەرم دەست هەڵێنە

چیت دۆزیەوە لە ناخمدا

جگە لە خۆت

هەتا ماوی مەمدوێنە

******

بۆ هەر شوێنێ سەفەر دەکەم

مەنزڵ هەر تۆی

نازانم قەت سەفەرم نەکردووە

یا تۆ لە گەڵما دەڕۆی

****

جامێکی بە تاڵ بووم

دڵۆپ دڵۆپ پڕت کردم


ئەمڕێژی

یا ماسی دڵتم ئەدەیتێ

تێیدا بژی

******

ک.د.ئازاد



تەشەر!

دواپین گەڵای،

پیرە دارێ کەوتە خوارێ!

پێش ئەوەی بگاتە سەر زەوی،

پەیامێکی بۆ شەختە نارد :

مەرگی من مەرگی دار نیە!

مەرگی داریش،

برانەوەی نزار نیە!

هۆرە

دارەبەنێ،

لە بەندەنێ

هەموو شەوێ ڕادەچەنێ!

خەون ئەبینێ؛ پەلێکی خۆی

بۆتە دەسکی تەورێکی شێت،

بە پیلانی داربڕەکان

کەوتۆتە ویزەی دارستان!

خۆشەویستی

دەمپشکنن؛

پەڕ بە پەڕی شێعرەکانم!

جانتای شانم!

ناو گیرفانم!

ژێر زمانم!

دڵ و گیانم!

نایشارمەوە!

لە لای دۆست و دوژمنانم

خۆشم دەوێی کوردستانم!

مەراق

گوڵمێخێک وا لە دڵم دا!

لەو ڕۆژەوە؛

من بۆ نەریتی دزێوی

ئەم وڵاتە، سوژدەم نەبرد!

دەستێکی تر،

ئەڵقەی لە پەنجەکەی تۆ کرد!

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ڕووانا چووپانی



چەندە درۆ ئاشق ئەبێ بە مێژوو
من لەم خاکە بە تەماحترم

کاتێک ئەستێرەیەک لە قەراخستانی چاوانم خۆی هەڵ
بزانن هیچ گوڵێک نافرۆشم

دێنێ
تا نەیدۆزمەوە

خەیاڵم ئەبێ بە نپتون
دراوێکی بێپشت و پوو

ئەمن حەشاری حژمەتگرتووی ئەم گەڕەکەم

2

جیهان

جیهان گەڵاکانم ئەوەرێنن بە سەر لاشەی زیندووم
لە هاتنەوەم بۆ وەرزی دڵداری

دنیا
گەیشتم بە هەرێمی تەسکی دڵت

دنیا لەق و پۆکانم ئەشکێنن
لەم ئێوارە دموچاو شەکاوەتر



عەبدولقادر نیازی

وەکوو ڕوخساری یەکەمم لە ئەوین

ئەگەر وەکوو عاقڵ بە سەیر و سەرسوورماوییەوە دابنیشم لە زمانـدا

شەوێک لە ماچێکدا دەشکێم کە جارجار شێت زمانی کردۆتەوە و

چاوی باشوور سێ چوار وەعدە

لە ڕوخسەتی سەیرەزاری عاقڵیمدا بەرەو بەختی مانگا و ئازادی دەڕووشێم

لە سات و کاتی لەکلەکدا، ماچ و چاوی ئێوەم بڕی

ئەلەست ئەگەر ئاوەژوو بوو و هەر کە سێو جارجار نەبوو و من لە ئێوەدا پەراوێزێک

کە هیچکات ڕوخسارم نەبوو، قاف بە سەرمدا هەڵگەڕێ و

عاقڵ زمانم گەر بخوا، لە پشت چاوی خۆم تا دەنووم زمانم هەیە جاروبار

شکم پاڵی داوەتە نیوەشێت و شەو ئەگەر بە ماچمدا بچێتەوە قەرائەتی مانگا لەو ئازادیە قەتعییەی من

شکتان نەبێ بەرەو قولانج ئەو لا دەچێ...

بێشک ئەگەر بڕژێمە سێ بەشی باشوور دەڵێی وەک دار دەچێ خیابانەکانی لەشت و

پڕە لە مانگا و ئازادی هەر لە ڕۆژی سەرەتا ماااااا...

وە بەڵام حەزی ئەلەستم پێوە بێ، مانگ لەوە بێکارتر نابێ خەو لە ژێر مەلافەی سۆزانییەک بێنێتەوە/

دەنگم دەبێتە حافزە بۆ ئاوەژووی بەختی مانگا و من عاشقی تۆم شەیتان

هەر نەبێ تۆش فەرەجێکت لازمە بۆ مسۆگەربوونی شکم لە حەنجەرەی سەیرێکی شێت

تاکە مانگیش مەحتەل نەبێ جارجار بەو شەوەدا بڕۆین؟!

دەمهەوێ بە قوربانی نەک تۆ ئەگەر نغرۆی ڕەنگ و دەنگ بم لە پشت چاو خۆم مەحتەلم و

هەولێر بۆ کتێب

هیچ شارێکم حەنجەرەی نییە و دەنگم شەڵاقی دوو جەمسەری سەرەتای ئەو شارەیە

کە دەسەیرمدا دێ و دەزێ

یا کە جمهوور کاتی بۆ خاک ئەسڵەن نییە و من لە مێژە باسم لە شکتاندا سەیر دەچێ و

خیابانم لە خۆیشمدا ڕووت کردووە وێڕای ئێوە...

سێ چوار ڕۆژ دە وەعدەیەکدا ئەگەر سەیر زمانی با

لە بە خۆیەوە من دەڵێم:

کووچەکەمان چەند بە درێژایی ڕادەکا و

دیوار خۆی بڵێند هەڵواسی لە ڕووداوێکی ئاوەژوو و

لەکلەک سەیرترین کات بوو بۆ دەربڕینی ئازادی و

تەوەهمومی ئەم دنیایە بە سەیرترین زمان حورمەتی کراسەکەشم دادەخا

ئەگەر کەنگێ

حەنجەرەی جمهووری بێ خاک

سێ چوار وەعدە خۆی وەبیر قەت ناهێڵێتەوە و دەیبیسم؟!

تا ئەو لاتر بم لە قولانج

درێژایی ئەو کۆڵانە دوور لە چاوی من دەڕەخسێ و

مانگا پڕە لە خیابان و

ئازادی شکی لە سەرەتا نییە لەشت ئەگەر ئاوەژوو بێ

وەک ڕوخساری یەکەمینم لە ئەوین

عەبدوڵڵا گوڵابی



شاڵ

بەشی یەکەم: ماڵگۆڕینی فرۆید و پاییز

بەشی دووهەم: پیاسەی دەلاقە و هایدیگێر

(١)

سێبەرشکانی شەقەی باڵیانە

لە گەوی ڕۆچنەکانەوە

پەرەسێلکە.

ئاسمان لە سێوەکانی پایزا

زمان ڕووتە وەک تۆ

وەک گۆی خەونانت دە زامەکانی شەپۆل پێوت دا

تەنیا نەبووی وەنەوشەکانی هەموو هەستۆکیت

دە لێکەوە ئەو شاڵەت

با لە منی نەنگێون

ئەو وەرزە هەنارسااڵەت

مەمڕەمێنن ئەو دەمی مەمی دەڕمێن بە سەر زستاندا

بە سەر لەشی وەنەوشئاژنی ماسی دە چاڵووکانی دا

دە لێم گەڕێن سەری خۆ هەڵگرم

بیانبژێرم زەردووکە وەڕەزەکانی دەرکی

هەوالنامەی کتێب

کچێ سێبەرت
هەزار پێلوو چۆلەکەی دە خەو کردن
دە لێکەوە ئەو شاڵە
بۆ ڕەوەزی نێو سینگت
هەر دڵە و لە هەرزاڵە
نەرمێ!
با کەڵەگەتی دەریا بە کۆڵی ئەو شەوانەن
ڕادەبری لەگەڵ گەڵاڕێزانی زمانان
خۆ پێم کوتی
ناردوومە پەرێگەنمان
شاڵێکی لە نیسارانت بۆ بچنن
شاڵێکی لە پایز و هەناران
ئەگەر وەنەوش
جێ جێ قوببەی گوڵی کاڵەکوڵمە
پەڵە پەڵە گوڵینگی دەمەلی سۆزەموورووو
پەنجە پەنجە ڕیشاڵی بارانی وردەماچان
ئای لە وەنەوشی شاڵبڕت
خەوێ!
لاوێنەکەی داسگێڕی نێو ئەستێران
ئەوە ناردوومە
بووکە بەڕۆژە
تانوپۆی شاڵێکت بۆ بچنن لە جۆڵایی پایزدا
بۆت لە خمی خەونانم دەن
هەتا تەختی ڕەش بی
ڕەشێکی دە خوناوەی پەپوولاندا
ئەگەر ڕەش
پۆلوو پۆلوو لیمۆی هەورگر

وەدیار دەکەون کچەبەیبوون
بۆت دێنە حەساڕێ
کوڕەهێرۆی سینەدابێشتراوی ئێواران
ئای لە ڕەشی شاڵگرت
کەوێ!
بزوێنەکەی لاوکی ڕۆژبرینان!
قەت سەرماوەز تەیار نابێ بۆ شکۆی دەنگ
بێتوو
لەگەڵ دەستەی شەماڵکاران
کووچان لینگدەێ
قەت سوێسنی بەستەزمانیم نەخوێنێوە
بە گەورەبوون و باوەرێنم
ڕێگەی ئەوینت ناکرێتەوە
مەگەر بە هەڵاڵە و ڕەگەزی کۆسار
تۆ پەراوێزی ئایەت و سیوادی مەرگ
شان بە شانی دارتێلە دڵسووتاوەکان
دە کۆترەباریکاندا
لەو کۆڵانەی
ژن دەڕژێن و باسک و لەنجە و ئەسپی ناڵەنەوس و ڕنووی
خوێ
پاش نیوەڕۆیەکی هاوینی ئەو ساڵ
هەر ڕاست ئەو ساڵ بێپەڕوپۆی خەیاڵێک و
بێخەفەتشکانی بەردێک
دەیانگوت
لە هەناسە و کەزیەی بارانەیەک بە جێماوی
با هەر دەتخوازێ
پەرەسێلکە هەر دەتخوازێ
دەگێڕنەوە دەریای چێرەیی بانگ و سەڵا

مرخی لە مەلەمەمکەی لای منداڵیت خۆش کردبوو
دە بۆ خۆشت دەزانی
بە شووشەی شێتیم بێ
ئەگەر دەستی هێشوو خەیاڵێکت
لە یەخەی بەردەم
کچێ چۆنت نیگا بۆ هەڵبەستم
چۆنت لەگەڵ کلچێوکی شاعیر
لەگەڵ لەچکەی دایکۆڵێ
لەگەڵ بازنەی بازاری
لەگەڵ شامپەختی سەرچۆپی
لە سەر پەڕی دەپایزان بگێڕم

ئینجا زمانم لێ تێکدەچێ
چاوت ڕەش بێ زستان
چۆنت چاوی کەفران پێ سپی کردم
وەی بەژنت با بێ زستان
چۆنت چارۆکەی بارانە لێکردمەوە

کۆترەکتێبەکان جارێکی تر دەخوێنمەوە
جارێکی تر بە فەیلەسووفەکان و فیتووژەنەکانی باخدا
دێمەوە
هەر نەبێ شوولکەبزەیەک
مامزەبێکارێک
فڕکەخەیاڵێک
دەبینمەوە .....

دەی چی لێبکەم
بە چی بگرم؟
بە بەردەڵانی پشووم
تا مەشخەڵی نێو باخەڵی
دەێ نا بە چی بگرم
بە گرێ ماچ شەتەک دراوی شاڵی ئەوێ پایزانی....
ئاە!
سڵاو پاییز
سڵاو ئەی کۆترە گرینۆکەکەی باوانەشارانم
سڵاو دۆستی شەشپەڕە ناڕەنگەکان
ئەو دەمە بە جێت هێشتم
کانی چەمەری و دووکەڵی بەیتت لێکهاڵاندم
نەمدەزانی لاوەتی چییە
نەمدەزانی قەت پەپوولەیەک هەڵبژاردە نییە
ئەویش ئەو کاتەی تۆ لە سەیرە و شۆڕەبی دەس بەر
نادەی
نامەکەت بە دەستم گەیشت
تەڕ بوو لە بێدەنگی و ئاوەژوو بوو لە ئاو
ببووڕە وە مانگم خست
بۆ وەبیرهێنانەوەی
سڵاوێکت لە دڵی گەڵا و خوناوەی لاوەتیمدا جێ هێشتبوو
ئیتر فرمێسکم لێ بوونە عەترەکچ
شەوانە پەنجەرەکە داناخەم و
هەڵۆی قەرار
فێرە برینی شێعر ناکەم.

هەوالنامەی کتێب

پێشەوا کاکەیی

زەمبیلەگێڕ

زەمبیلەگێڕ ..
کە سپێدان هەستایت، ئاگات لە نوور بێت
کە پەمۆ قڵیشا، با نەکەوێتە سەر عەردەوە و بە" با"دا بچێت
با جۆگەلە ڕێڕەوی خۆی بگرێت و ڕوونێتی لێ لێخن نەبێت
زەمبیلەهەڵگر ..کە چوویتە نێو کێڵگەکان
شەق لە هێلانەی کۆفیتەکان هەڵمەدە و با بجریوێنن
با کێڵگەکان گوێیان لە ئاوازی سروشتی بێت
کە ئێوارە داهات، مەڕوانە بۆ دووری شار شار ..
پرپێتی لە بکوژ، پرپێتی لە پارتی سیاسی،
پرپێتی لە سەرکردەی دیکتاتۆر .
کە ئێوارە داهات. سرنجی ئاسمان بدە
پەڕەسێلکە چۆن ئاواز دەخوێنێت
شەمشەمەکوێرە چۆن بە دوای نووری خودادا دەگەڕێت
یار چۆن کۆلارە هەڵدەدات و لە دەستی دەردەچێت
کە چوویتە نێو جەنگەڵستانەکان.. سرنج بدە
دارگوێز چۆن نازی سمۆرە هەڵدەگرێت
کوکوختی چۆن پووش بۆ سەر لخی دار دەکێشێت
مەیموون چۆن لە مرۆڤ دەڕوانێت
کە چوویتە نێو چەمەنزارەکان ..
دوو سێ چڵە ڕێحانە هەڵقەنە و بیدە لە بەرۆکت
کەمێک پونگ و نەعنا بێنە ..تا گوڵاو لە پەنجەکانت بتکێت
زەمبیلەگێڕ ..
کە بەیانیان هەستایت، بە سەر کێوەکانداڕۆیشتیت
بە دەم ڕێگاوە زەمبیلەکەت پڕ مەکە لە نێرگز
با سروشت سەری کەچەڵ نەبێت
کە ماندوو بوویت گوڵە هەڵاڵە مەشێلەوە و لە سەری ڕاکشێیت
کە بە دۆڵ و شیوەکانداڕەتبوویت و،
خۆت لە تەمومژ هەڵکێشا ..
بە ئاسمان بڵێ :کوانێ تیشکی خۆر و تریفەی مانگت
زەمبیلەگێڕ ..کە بە نێو قامیشەڵێنەکانداڕەتبوویت ..مەترسە
با "بەدەم ڕێگاوە شمشاڵت بۆ دەژەنێت
کە بە نێو زۆنگاوەکانداتێپەڕ بوویت ..
مەترسێ، لە چاوی تیمساحی قەراغ زەلکاو
مەترسێ، لە دەنگی سیسرکی شێوە زەردباو
مەترسێ، لە بۆقی مغاویلی زاری پڕ لینجاو
مەترسێ، لەو بەلەمەی تێیدای پڕ بێت لە ئاو
ئیدی زەمبیلەکەت بەسە بۆ فریادڕەسی لە نێو ئاو
ئەی زەمبیلەگێڕ ..
لە دۆخی تەنیاییدا..پەڕەی سیگارەکەت بپێچەوە و
یەک ـ دوو مژی لێبدە، وێنەی ئەنفالت دێنێتە بەرچاو
کە سووتووی سیگارەکەت کەوتە سەر عەردەوە و
وەکوو قەقنەس لە خۆڵەمێشدا بەرەو ئاسمان تێهەڵچۆوە
تەستبێحێک بگرە بە دەستەوە و زیکرێ بگێڕە
ئەوە ڕوحی پاکی هەڵەبجەی دڵ سووتاوە. .دڵسووتاو
زەمبیلەگێڕ ..کە شەوت لێداهات ..
دڵە خورپە دامەگرە بۆ لادێ
زەمبیلەکەت دابنێ و، دەستنوێژ هەڵبگرە
ئەوسا لەسەر گەڵای هەڵیوەری بن دارێ ..
یان تاشەبەردی لای کانییێ ..جۆگەلەیێ ..
نوێژەکەت بکە، تا حزوورت لای خودا بێ
زەمبیلەگێڕ ..
زەمبیلەکەت بدەوە بە کۆڵتدا و بکەوە ڕێ
کە بێواز بووید بچۆ ناو باغێک ..پڕ بێت لە سێو
ڕابمێنە، ئادەم و حەوا چۆن بە دەم سێوێکەوە کەوتوونەتە سەر عەردەوە
ڕابمێنە، نیۆتۆن چۆن لە کەوتنی سێوێکەوە هێزی کێشکردنی دۆزییەوە
ئیدی زەمبیلەکەت پڕ بکە لە سێو، تا دە گەیتەوە لادێ هەر سێو ببەشەوە
زەمبیلەگێڕ ..ئەی دۆستی تەنیایی ..
کە چوویتەوە لادێ، شەوانە لە سەربانی ماڵەکەتان ڕاکشێ
سرنجی ئاسمان بدە، تا چاو بڕ دەکا ئەستێرە دەدرەوشێ
ئیدی هەرگیز مەڕوانە بۆ دووری شار
بە خەیاڵی زەمبیلەکەتەوە بخەوە تا سپێدە دادێ
زەمبیلەگێڕ ..
ئیدی سپێدان ئاگات لە زەمبیلەکەت و ژێر پێی خۆت بێ
ئاگات لە گوڵە هەڵاڵە و چڵە نێرگزی سەر تەپۆلکەکان بێ .

سەحەر مێهرەبانی

چەپڵە لێدەری دەرەوەی مەیدان
بێبایەخە، سەرمایە
بەرهەڵستی مەینەتی قوڵ
مێلۆدی لە ژیان دادەخا
گەورەترین کۆتاڵی شار
سەنگسار دەکا
کەلامێکی هاڵۆز
گرێی خستە سەر گرێ
پرچی شەوم هەڵوەشاند
چرای بیری زامەکانم
بە ژیلەمۆ داپۆشی
ئافرەتی پڕ نەفرەت
لە ڕۆژی تاپۆی ئازاری ژن
بە چارەنووسی ڕەشی دۆعا
لە مۆمێک شێعر
لە ڕەندی بێوچان
دەتوێتەوە
کێژۆڵەی خوێندەواری سەر چنار
یان ژنەگەپیدەی لۆتی
ئەرژەنگی نەریت نەیتوانی دەلاقەی
بیری لێداخا
باسی حەکایەتی لۆتی
(مەنیج حەیران)
یان ئەو کێژەی دەستی بەسەر
دوگمەی شاتێر
والّنتاینی سێوەلاسوورەی کێشا
ئای سێوە لاسوورە زامی نەشتەرت
کێشا؟

ڕازایەوە ...
گوڵە مەسنووعیەکانی پاش ویترین
بەستوویەتی
شەهیدی نێژراو
یان تەرمی نێو قەبرستان
شاهیدن
کارنەڤاڵی ئەوین هەلینگ دەدەن
بۆ دەرفەتێک
بۆ خۆنواندن
بۆ ڕەکەبەرەکایەتی
بۆنی میخەک
بە قامکە خەناوییەکان
یان مانیکۆڕ لێدراوەکان
هەر دووک مۆسیقان
دڵەکان لێک لەبان
ئافرەتی پڕ لە نەفرەت
خۆی بەسەر دار هەلووچەکان
هەڵواسیوە
خەڵوزی لێهەڵناستێ
کۆڵانە حەرامەکان چاویان بە مەمک
ئاوسە
نازانم چاوی کۆڵان پیسە یان
یاناتۆمی جەستەم
قەڵەمێک بە قەد شارێک
دەفتەرەکەم ڕەش دەکا
تابلۆیەک لە گزینگ و سێو و خولیا
و ئەوین
دەریا دەدەم بە ئێوارە

ئێوارەیەکی سوورهەڵگەڕاو
لە سەر هەتاوی زەردی ئاڵتوونی
چەندە خۆشە پیاسە...
لە سەر تابلۆی شار بەدەگمەن
بۆنی زۆڵی لێبێ
ئێستا سێو قەپاڵ لێدەدرێ
لە ژێر چەتری ئاسمان
چڵکنی نیگا ئاوێتەی بلوتوسێکی
وە کەیسی ئازاد
چاوی نەریت ؟
کەیسی ئازاد ؟
من ئازایەتیم دا بە سێو
کە دژبەر بوو لە ڕۆژی ئادەم و
هەوا
ئێستا لەتە سێوەکان بێباغەوان
هیوا بە کەیسی ئازاد
خۆ دەدۆزنەوە لە وڵاتی ئازاد ...
....
سێوی والّنتاین
دایەپیرە دایبوو بە گوڵ
دەگەڵ دەسرۆکە گوڵدۆزێ
ئەسپی بێسوار گەڕایەوە
ئێستا میراتی وی
دوای نیو جیل
سێوی مێخەکڕێژ
ڕێژنەبارانی خۆشەویستی ئاسمان
زەوی قاقڕی بووژاندەوە
لە سەر زەوی ئەوین پێک هات.

هەولێر کتێب


دیمانەیەکی تایبەتی بەرهەم لەگەڵ شاعیر و ڕەخنەگر " ئەحمەد ڕەزا"

هەوار خزرزادە "شەفەگەش"



پ: باڕت لە وتەیەکدا دەڵێ "مەرگی نووسەر بۆتە هۆی دروستکردنی خوێنەر " و لە لایەکی تردوە دەڵێ " ئەوەی لە دەقدا دەدوێ خوێنەرە نەوەکوو نووسەر" هەر بەم پێیە ـ لە ئەدەبی کوردیدا تا چەن لە دەقدا بۆ دروستکردنی خوێنەر هەوڵ دراوە؟ تا چەن بیرۆکەی مەرگی نووسەر لە ئاست بەرزکردنەوەی تایبەتمەندی دەقییەتی دەق لە زەینی خوێنەردا چالاک بووە؟

ئەحمەد ڕەزا: لە ئێستەدا پرۆسەی نووسین، لەوە دەرچووە خود لە دەرەوەی پرۆسەکە بێتوو تەنها دەق ببێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی مانا، وەک تیۆرەکانی بونیادگەریی پێشنیازیان کردبوو.. هەرچەند لە دوایدا هەر لە لایەن تیۆریستەکانی خۆیانەوە و بە درکەکردن بە ئەوەی ئەم ڕێبازە ڕەخنەیی‌یە کۆرتی هێناوە، بە کردنە دەرەوەی خود لە پرۆسەی داهێنانداو هەروەها بە داخستنی دەق بە سەر خۆیدا، هەوڵی تریان دا بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان؛ دیارترینیان لە لایەن ژولیا کریستیڤاوە بوو.. ئەویش پاش ئەوەی لە قۆناغی پاش بونیادگەریدا چەند ڕێبازێکی ڕەخنەیی نوێ دەرکەوتن، کە دیارترینیان هێرمنیوتیک بوو، هانز جۆرج گادامێر بە سوودوەرگرتن لە فینۆمینۆلۆژیای هۆسرێل پێشنیازی کرد و قوتابخانەی ئیستاتیکای وەرگرت و ڕێبازی بە دەنگەوەهاتنی وەرگر بوو.. لەبەر ئەوە ئێستە دەسەلاتی دەق بەو شێوە ڕەهایەی بونیادگەراکان سەپاندبوویان، لە کورتی داوە و پرۆسەکە لە بازنەیەکدا هەر سێ ڕەگەزی "نووسەر، دەق، وەرگر " بە یەک ئەگەیەنێت. کردنە دەرەوەی نووسەر و وەرگر لای بونیادگەراکان و هەوڵدانیان بۆ بەرهەمهێنانەوەی مانا لە میانەی دەقەوە و پێیان وابوو دەق پرۆسەی بەرجەستەکردنی سیستمی زمانە، زمانیش بە تەنها هەڵگری مانا نیە، بەڵکوو بەرهەمهێنەریشیەتی.. ئەم تووندڕەویی‌یە گۆشەگیریی لای بونیادگەراکان هێنایە ئاراوە، باڕت لە وەرچەرخانێکدا لە کۆتایی شەستەکان، ئەڵێ:" بەردەوامیی ئەدەبی و بە دەنگەوەهاتن، پەیوەستن بە بەدیهاتنی چێژەوە"، بەڵام ئەو جارێکی تریش لێرەدا مەبەستی لەو چێژە بوو کە لە ناوەوەی دەقدا سیستمی زمان بەرهەمی ئەهێنا، بەڵام وەرچەرخانەکە بە گرینگ وەسف ئەکرێ بە هۆی ئەوەوە کە "خود/ وەرگر"ی بەشداری پێکرد لە پرۆسەکەدا. دروستکردن و کۆکردنەوەی وەرگر چ کاری بە ڕێباز و قوتابخانە ڕەخنەیی‌یەکانەوە نیە، بە قەدەر ئەوەی ئەو لە دیاردەی بە دەنگەوەهاتن و چێژەوەرگرتن ئەکۆڵێتەوە، لە هەموو کاتێکدا خود جەمسەری گرینگی "بەرهەمهێنان / نووسەر، بەرهەمهێنانەوە / وەرگرە"، ئەو دەقەی نەیتوانی تەفاعول بکا لەگەلی هەموو هەڵچوون و گرژبوونەکانی وەرگر و ئاسۆی چاوەڕوانیەکانی تێک نەشکاند، هەرچەند لە ناوەوەی خۆیدا و بە سیستمێکی ڕێکی



زمانەوانی کار بکات، نابێتە مایەی بە دەنگەوەهاتنی وەرگر.. کەواتە وەرگر بە بەرکەوتنی دەگەڵ دەق، هەم مانا بەرهەم ئەهێنێت و هەم چێژ کە لە دواییدا ئەم دەسەڵاتی ڕەهای پێئەبەخشرێت. بە ئاگابوونی وەرگر لە فەلسەفەی پشتەوەی دەق، وا ئەکا ئەو پەیوەندی تووندوتۆڵی هەبێت دەگەڵ دەقدا، ئەمە تایبەتمەندییەتی مەرگی نووسەر نییە، بەڵکوو ڕێئاکشنی بەرهەمهێنانەوەی مانایە لە ساتی بەرکەوتنی هەر کارێکی هونەریدا.. وەرگر بەو جۆرە هەر کارێکی داهێنراو ئەبینێ، ئەویش لە سەر ئاستی ئەو جیهانەی کە لە دەقەکەدا خولقێنراوە و لۆژیکێکی تایبەت بە خۆی ئەسەپێنێ، وەک "ڕۆل ڕیکۆر" ئەڵێ :پیییر ماشری پێی وایە کە: " دەق پتر لەوەی کە تریبوونی ئایدیا بێ، دەبێ حوکمی نیشاندان و بەرجەستەکردنی ئەو کەمایەسیانەی بێ کە ئایدیا هەڵگریانە، لێرە دایە کە ئایدیا دەوری دژی خۆی دەگێڕێ". لە ئەدەبی ئێمەدا، بەگشتی شوێنپێی ئایدیا بە چ شێوەیەک دەبینین یا خود ئایدیا تا چەن ژیان و ژیاری وێژەی کوردی داگیر کردووە و خەساری پێدەگەیەنێ؟ ئەحمەد ڕەزا: فکری باوی کۆمەڵگە و شۆڕکردنەوەی تا بێبەریکردنی لە مانا و تەوزیفکردنەوەی بە هەمان سیستم و زمانی باو، ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبووە بە سەر ئەدەبی ئێمەدا، بە ڕادەیەک کە لە جەنگی ئیستاتیکادا، سەرکەوتوو بووە لە تێکشکاندنی تەکنیک و ستایلی جیاواز و فرە دەنگیی.. خەسارەتی گەورەی ئەدەبیمان لەو چەندین دەیان ساڵەی پێشوودا، کۆدەنگی فیکری منەوەرانی کورد بووە لەسەر یەک ئاراستەی جیاواز و بەمەش لە چەند دەیەیەکی سەدەی ڕابردوودا دەنگی داهێنەرانە خامۆش بووە.. ئەگەر بمانەوێ لە دوای ئەدەبی کلاسیکەوە دەنگە جیاوازەکان و داهێنەرە مەزنەکان جیا بکەینەوە، دوور نییە شەرمندە بین لە کارەکەماندا و لە پەنجەکانی دەستێک کەمتر ئەبینینەوە.. بەڕاستی ئەمەش مێژوویەکی سەربەرزانە نییە بۆ نەتەوەیەک.

پ: چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر گەلی کوردی پێش ئەوەی کە خوێنەری ڕۆمانێکی سەرکەوتوو یا خود دیوانێکی شێعری داهێنەرانە بن، بەردەوڕووی کۆمەڵێک کتێبی شێعری کە بە زۆری لە ناو بازاڕی کتێبی کوردیدا دەبیندرێن، دەبنەوە. چ لایەنێک لەم بەشەدا بەرپرسیارە؟

ئەحمەد ڕەزا: "ڕۆشنبیریی و فکری سیاسی و ئایین" سێ کۆڵەکەی گرینگی کۆمەڵگەن و بە سەرخانی کۆمەڵگەشەوە، سیمایان بە ڕوونیی دیارە. پەککەوتنی هەر یەکێکیان ئەبێتە هۆی پتەوکردنی پایەی ئەوی تریان..لە ئێستەی کۆمەڵگەی ئێمەدا غیابی ڕۆشنبیریی هەیە.. ئایین و سیاسەت لە بەربەرەکانیدا نین و هاوبەش و تەواوکاری یەکترن، هەر دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی سەر بکەوێتە سەر سەرخانی کۆمەڵگە، ئەوان پێکەوە هاوبەشن بۆ سەرکوتکردنی، لە بەر ئەوەی بە مەترسی ئەزانن بۆ سەر پێگەی خۆیان.. ئەوان لە ئێستەدا بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیریی زارەکین، بە هۆی تەکنۆلۆژیاوە پێشبڕکێ لەسەر بلاوبوونەوەی ئەکەن، بەهەند وەرنەگرتنی پرۆژە ڕۆشنبیرییەکان و هەستنەکردنی ڕۆشنبیران بە مەترسی ئەم کەوتنەی ڕۆشنبیریی و پاشکۆیەتی بۆ دوو کۆڵەکەکەی تر، بە هۆکاری گرینگی لە بەینبردنی چێژی ئەدەبیش ئەزانم، نەک پەروەردەکردنی نەوەیەک لەسەر دیاردەی تۆڕی کۆمەڵایەتی.. لە کاتێکدا چەندین پرۆژەی گرینگ لە بیری ڕۆشنبیرانی ئێمەدا هەن.. کاریزما دروستکردن لە ڕۆشنبیرییدا، چ جیاوازییەکی نییە دەگەڵ بەشداریکردن دەگەڵ ئەو دووەی تردا بۆ دامالێنی ڕۆشنبیریی لە وەزیفە سۆسیۆ/مێژوویییەکەی، لە بەر ئەوەی مێگەل دروستکردن لە هەر کایەیەکدا مانای گێڵاندن و تەفرەدانی نەوەیەکی پاش خۆیەتی.

هەولێر ناوەندی کتێب

پ: کۆمەڵێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران و تەنانەت کۆمەڵگای ئەدەبی لە سەر ئەو بڕوایەن کە شێعری کوردی تووشی قەیران هاتووە، ئێوە وەک ڕووناکبیرێکی چالاکی ئەم بواڕە لە ئەدەب ئەم قەیرانە لە چیدا دەبینن؟

ئەحمەد ڕەزا: ڕەنگە بە تەنها شێعر نەبێ لە قەیران دایە، ئەوە بە ڕای من باش نەخوێندنەوەی دۆخەکەیە، ڕەشبینی نییە و پێویستە ڕووبەڕووی ئەو واقیعە ببینەوە کە ئەوەی لە قەیران دایە ڕۆشنبیرییە بەگشتی نەک تەنها شێعر.. ئەو کتێبانەی تیراژیان لە سەروو هەزارەوەیە زۆر دەگمەنن، لەو هەزارەش چەندی لێ ئەخوێنرێتەوە ئەوەیان شتێکی تڕە. بەڵام بە لانی شێعرەوە، ئەوەیان حاڵەتێکی تڕە، لە بەر ئەوەی شێعر پەیوەندی بە هەست و سۆزەوە هەیە.. شێعریش وەک هەر ڕەگەزێکی تری ئەدەبی و هەر کایەیەکی تری مەعریفی لە گەشەکردن و پێشکەوتن دایە.. بەهۆی پێشکەوتنی خێرای هەموو بە یەکەوە، پەیوەندیگرتنی کایەکان لاواز بووە، ئەمەش وای کردووە نەپڕژێنە سەر خوێندنەوەی بەردەوامی یەکتر و بەئاگابوون لە پێشکەوتنەکانی، بەپێچەوانەی سەردەمی نوێگەرییەوە کە تەواو ئاگاداری یەک بوون.. لەم سەردەمی گلۆبالەدا زۆرێک لە زانستەکان لە گۆڕانکاریی دان و تەنانەت شوێنیشیان ئەگۆڕێ و هەندێک لۆژیک هەر لە بەین چوون.. بەڵام شێعر تایبەتترە بە خودەوە، لە بەر ئەوە ئەگەر لە ئێستەدا ئەویش بەر تەوژمەکە بکەوێ، مانای سڕینەوەی نییە، بەڵکوو بە دوای ڕێگەیەکدا وێڵە بتوانێ بگونجێ دەگەڵ سەردەمێکدا کە هیچ لە مێژووی پەرەسەندنی ئەو ناچێ.. شاعیرێکی گەنجی عەڕەب بە ناوی ڕۆزا میرزاوە، هەوڵێکی جوانی بۆ قوتارکردنی شێعر لە قەیراندا، بە تێهەڵکێشکردنەوەی دەگەڵ بونیادی گێڕانەوەدا، ئەو کات لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر نووسی و لە مانیفێستەکەیان بڵاو بووەوە. لە ئێستەدا درامـا تەلەفزیۆنییەکـان ئاخـاوتنی ڕاسـتەوخۆی هەیە دەگەڵ تـاکدا، ئەو گێڕانەوەسـازییەیە کە پەیوەنـدی بە کۆئاگـای مرۆڤایەتییەوە هەیە، بە هۆی تەکنۆلۆژیاوە، سوودی زۆری بەرکەوتوو و توانی زۆر بە خێرایی جێ بە ئەدەبی نووسراو لێژ بکات.. شێعریش ئەتوانێ بە جۆرێکی تر سوود لە تەکنۆلۆژیا وەرگرێ.

پ: بە ڕای ئێوە هۆنەری تەئویل و هێرمنۆتیک تا چەن بۆ خوڵقاندنی دووبارەی دەقێکی شێعری دەرەتانی هەیە؟

ئەحمەد ڕەزا: ئەم میتۆدە میتۆدی وەرگرە.. خودی نووسەر خودێکی دیاریکراوی مێژوویی و ئەنتۆلۆژی نییە، بەڵکوو بەشێکی تێکەڵ بە کارە ئەدەبییەکە ئەبێت و ڕۆڵی هەیە لە ئاگایی دیاردەکاندا. گادامێر داوای تێگەیشتنی مێژوویی و ئاگای مێژووی ئەکا و ئەیکاتە مەرجێک بۆ موماڕەسەکردنی هەر کارێکی هێرمنۆتیکی. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو ڕەوتە مێژوویییەی کاریگەرییەکەی خوڵقاندووە، دەگەڵ بیری خودی ڕاڤەکار/ وەرگر یەک ئەگرێت، بەڵام ڕای یەکلاییکەرەوە لای ڕاڤەکارە بۆ ژیاندنەوەی مانای دەق. ئەمەیە کە گادامێر ناوی ناوە "تـوانەوە یـان یەکگرتنـی ئاسـۆکان" واتە ئاسـۆی دەق و ئاسـۆی وەرگـر. ئەمە بـۆ لێکـدانەوەی شـێعرێکیش ئەگـونجێ، بە لەبەرچـاوگرتنی مێـژووی ڕەگەزەکە و بەرکەوتنـی دەگەڵ وەرگر، وەرگـر هەمـوو ئەگەرەکـانی تـری ئەخـاتە لاوە و لە ڕێـگەی دالەکـانی دەقەوە جـارێکی تـر لەو ژیـنگەیەدا، بەرهەم ئەهێنێتەوە.

پ: سەرچاوەی ڕاڤەکردنی دەقێکی شێعری لە لایەن خوێنەرەوە بە چ ئاقارێکەوە بۆ نیشاندانی فرەدەنگی لە دەقدا دەرفەتی ڕوانینی هەیە؟ ئایا تەنیا لە دەڵاقەی شێعرەوە بۆ ڕاڤەکردنی شێعر و دووبـارە خوێنـدنەوەی شێعر ڕێ بپێـوێ؟ یـان خـود بە

هەموو لایەنەکانی زانستی هۆنەرییدا، بێسرنجدان بە بارووداوخی نووسەر وەک ژیاننامە و تێفکرین و هتد، بۆ نووسینەوەی دووبارەی دەق هەنگاو بنێ؟

ئەحمەد ڕەزا: ئەگەر مەبەستتان لە فرەدەنگی، فرەلایەن یان ئەوەی پێی ئەوترێ ڕەهەند"بعد" بێت: ئیمبرتۆ ئیکۆ هەموو دەقە فرەڕەهەندەکان، ئەوانەی زۆرترین خوێندنەوە هەڵئەگرن، بە دەقی کراوەیان پۆلێن ئەکات، ئەمەیان جیاوازە لە دەقی والا کە پەرەسەندنێکی شێعرییە.. هەروەک ئەو دەقەی کە تەنها خوێندنەوەیەک هەڵئەگرێت و بە تەنها خوێندنەوەیەک خۆی ئەدا بە دەستەوە، بە دەقی داخراوی ناو ئەبات. بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێک پێویستیمان بە گونجاندنە دەگەڵیدا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانێکی خوڵقێنراوی نوێ، کە تا ئەو کاتە مەزەنەمان نەکردووە.. دەقی زیندوو پێویستی بە شوناسی خاوەن و سەردەمی نووسینی نییە، لە بەر ئەوە چ پێویستییەک نییە بگەڕێینەوە بۆ شوناس و ژینگەی نووسینەکەی، تەنها لە حاڵەتێکدا کە بە میتۆدی سایکۆلۆژی دەقەکە وەربگرینەوە.

پ: لەم بەشەدا پێم خۆشە هەندێ لە نووسینەکانی خۆتان بدوێن؛ و بەرانبەر بە بەرهەمە بڵاوکراوەکانتان چ چاوەڕوانێکتان لە کۆمەڵگای ئەدەبی هەیە؟ چ شتێک پێویستە لەم بارەیەوە، تکایە بفەرموون.

ئەحمەد ڕەزا: ئەو بەرهەمانەی چاپم کردوون و ئەوانی لە بەر دەست دان، یان لە ڕێگەی تەوە ئەیانگەیەنم بە وەرگر، لە جووڵەی بەردەوام دان.. بە ڕەگەزێک ناوەستمەوە و خۆیشم پابەند ناکەم.. ئازادییەکم لە نووسیندا بۆ خۆم بە دەست هێناوە.. "شێعر، ئەدەبی منااڵ، چیرۆکی فەنتازیی، زنجیرەی درامیی، شانۆنامەی شێعریی ئۆپێرالی، ئەفسانە، ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری، شێوەکاریی و خۆشنوسیی" کارم لە هەموو ئەوانەدا کردووە.. بەاڵم شانازیم بە هیچیانەوە نەکردووە.. بەردەوام ئەوە لێئەگەڕێم بۆ وەرگر، لای من شانازیکردن بە نووسینەوە، خاڵی لاوازییە و نازکردنی ڕۆشنبیریی بەرهەم ئەهێنێ، کە بۆ خۆم ئەو جۆرە نازکردنە بە نائاگایی ئەزانم. بەرهەمەکان ئەگەنە بەر چاوی ئێوە و ئیتر بڕیاری یەکلاکەرەوە لای ئێوەیە، چەند "سوود، چێژ، جوانی، دزێویی، کەمبایەخی" تیا ئەبینێوە.. من نابمەوە بە پاڕێزەری ئەوان، خۆیان ئەگەر توانییان بەرگری لە خۆیان ئەکەن. ئەحمەد ڕەزا، دانیشتووی شاری سلێمانییە و خاوەنی بڕوانامەی بەکاڵۆریۆس لە یاسایە. هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە ئەنووسێ، لە 1983یەکەم شێعری بڵاو بووەتەوە و لە ١٩٩٦ یەکەم بابەتی ڕەخنەیی بڵاو بووەتەوە، لە بواری شێعر، چیرۆک، سینەما، شێوەکاریی، فەلسەفە، موزیک و شانۆ، ڕەخنەی نووسیوە، بۆ یەکەمین جار لە کوردستان کار لە هونەری digital graphic دەکات. نووسەری درامای ئاریای ڕاگیراوە، کە تەنها ٤ ئەڵقەی نیشان درا.. درامای گورگەزێ و بانەجن و شمشێرەکانی مێژووی هەیە.. کتێبەکانی: سۆراخ: شێعر، داستانی مەسیح: داستانە شێعر، ئۆقیلیای سپی: شانۆیی شێعریی، پەندی ئاوێنە: چیرۆکی درێژی ئەفسانەیی بۆ منااڵن، پۆل ڕیکۆر: دەربارەی ژیانی فەیلەسوفی فەڕەنسی پۆل ڕیکۆر، هونەری شێعر نووسین: لێکۆڵینەوە، لە دەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە: کۆمەڵە بابەتێکی ڕەخنەیی.... ئامادە بۆ چاپ(هونەری شێعر نووسین: بەرگی ٢: لێکۆڵینەوە، ژێر داربەڕووە پیرەکە: چیرۆکی درێژی ئەفسانەیی بۆ منااڵن.

هەواڵنامەی کتێب

بەرهەم ۶

دیمانەیەک لەگەڵ چنار نامق

ئامادەکردنی: عەبدولستار جەباری



شێعر لای من خودی ژیانە...

شاعیر خاتوو چنار نامق، خاوەنی بڕوانامەی دیپلۆمە لە بواری ڕاگەیاند. و بەکالۆریوسی هەیە لە بواری ڕاگەیاندن.

لە ناوە و دەرەوەی وڵات بەشداری چالاکییە ئەدەبیەکانی کردووە، وەک پاریس ,ئیران , تورکیا...ئێستا موعیدە لە زانکۆی سەلاحەدین. بە کوردی وعەرەبی دەنووسێت. جگە لە شێعر چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی لە بواری ڕاگەیاندن و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی نووسیوە. تاکوو نهۆ ۷ کتێبی چاپ و پەخش کراوە و چەندین کتێبی تریشی ئامادە و لە نۆرە چاپ دان..بۆ قسەوباس لە سەر شێعر و تایبەتمەندییەکانی خودی شاعیر ئەم گفتوگۆیەمان لە تەکی سازدا...

پ: بەڕای تۆ نووسین بەتایبەتی شێعر ئیلهامە یان ئەزموون؟ یان چی؟

چنار: بێگومان عیشقێک کە ئاوێتە بە ژیانی مرۆڤ دەبێ لە ناخیدا بەرجەستە دەبێ و فەرمان بە کرداری دەکا و ئاراستەی دەکا، دەبێ بە خودی ژیان، کە مرۆڤ بۆ شتێکی تایبەت بژیت و قوربانی بدات لە پێناویدا، ئەمە بۆخۆی ئەوە دەگەیەنێ خودی ژیانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حەزە خۆڕسکەی لە خودی تاکدا هەیە فاکتەریکی گرینگ و کاریگەرە لە پڕۆسەی نووسین، وبڕای ئەمەش ناکرێت ئەزموون و باکگراوندی مەعریفی تاک پشتگوێ بخرێت کە پێوەرە لە پەرەپێدان و گەشەکردنی.

پ: تا چەند شێعر کاریگەری لە سەر ژیانی ڕۆژانەتان هەیە ؟

چنار: شێعر لای من خودی ژیانە، بەو پێیەی شێعر جیهانێکی تایبەتی بەخۆی هەیە، مرۆڤی نووسەر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ژیان دەکات، و ئاوێتە بە خەمەکانی دەبیت، بە ڕادەیەک هەموو جووڵەیەکی بچووک کاردانەوەی بە سەر هەستییەوە دەبێت و بگرە پێکهاتەی سروشت و ناتەبایی بوونەوەر و وەرزەکانیش خەمێکی گەورەن بە سەر نەستییەوە.

من بە هەڵوەرینی گوڵێک خەم دامدەگرێت بۆ مردنی بیچووە کۆترێک دەگریم، ئیدی نازانم تاوانی هەستیاری خۆمە یان دڵناسکی شێعر..

پ: نامیق هەورامی هاوسەرت تاچەن کاریگەری لە سەر نووسینی تۆ هەبووە؟

چنار: دەکرێت بڵێم ژیان لەگەڵ شاعیردا زۆر جیاوازە لەگەڵ هەر کەسێک. گومانی تێدا نییە کەسێک خودی خۆی نووسەر بێت لە خواست و خەم و ئازارەکانی بەرامبەری دەگات و بە زمانی پەیڤینیشی نامۆ نابێت، چونکە شێعر جیهانێکی فراوانە و هەموو بەربەستەکان ڕەت دەکاتەوە.



بۆیە نووسەر پێویستی بە سەربەستی هەیە تا دەقی سەرکەوتوو بەرهەم بهێنێ و ئەگەر هاوڕێکەت کەسێکی ڕۆشنبیر نەبێت ئەوە ڕەنگە وشەکانت سانسۆر بکرێن ئەو دەم شێعر چووە مەلێکی بااڵشکاو خۆی دەنوێنێ.

لە پڕۆسەی هاوسەرگیریشمدا الم مەرج بوو کە دەبێ نووسەرێک هەڵبژێرم، نەبا ئەو کەسەی لەگەڵیدا دەژیم دەستم لە شێعر پێ بەر بدات، دوورم بخاتەوە لە شێعر و کەشێکی لەبارم بۆ نەڕەخسێت بۆ بەردەوامبوون لە نێو دنیای خەیاڵ و فەنتازیا و ئەندێشەدا.

گرینگە بەرامبەرەکەت لە ناخت بگات، بە لای منەوە هاوسەرەکەم بەر لەوەی هاوسەرم بێت هاوڕێی شێعریمە بۆیە هەر دەقێک کە دەینووسم بەر لە بڵاوکردنەوە بۆ ئەوی دەخوێنمەوە.

پ: ئایا شتێک هەیە بەناوی ئەدەبی ژنانە و پیاوانە...چۆن جیا دەکرێنەوە؟

چونکە نەکراوە بە زمانی گەورە بۆ منداڵ بنووسرێت، یان منداڵێک چیرۆک چوون بۆ گەورە بنووسێت. بە شێوەیەکی سروشتی ژن و پیاو لە زۆر شتدا لێک جودان، بگرە تێفکرین و تێڕوانینیشیان لە زۆر شتدا یەک ناگرێتەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە منی مرۆڤ وەک خۆم بیر ئەکەمەوە چوون خۆم دەربڕینەکانم دەنووسمەوە هەر ئەمەشە لە یەکترمان جوێ دەکاتەوە و پۆلێنێکی سروشتیمان بۆ دەخاتە ڕوو،

تەنانەت ستایلی ژنێک لە ژنێکی دیکەش جیا دەکاتەوە و شێوازناسی دێنێتە ئاراوە کە دەق بە شێواز و تایبەتمەندییەتی کەسایەتی دەناسرێتەوە، لە ڕیگەی دەستەواژە، دەربڕین و وێناکردنی وینەی شێعری جودا کە تایبەتمەندی کەسی تێدا ڕەنگ دەداتەوە. کەوابوو لە ستایلی نووسەرەوە ڕەگەزەکەشی بە ئاسانی لای خوێنەر بەرجەستە دەبێت، هەرچی وابەستەگی بە

هەواڵنامەی کتێب

خوێنەرەوە هەیە بۆ جوداکردنەوەی ئەوەی ئایا چۆن لێکتر جودا بکرێنەوە، پێویستە خوێنەری جدی ئەوە بزانێت کە شێواز و ستایلەکان بناسێتەوە.

پ: بە ڕای تۆ شێعری کوردی بۆچی نەیتوانیوە سنووری جیهان ببەزێنێ و بگاتە شوێنە دوورەکان؟

چنار: نەبوونی دەزگای تایبەت بە وەرگێڕان و نەگەیشتنی بەرهەم و دەقە کوردییەکان ڕۆڵی گرینگی هەیە لەم پرسەدا، ئەگەر دەزگای وەرگێڕان نەبێت و دەقەکان وەرنەگێڕدرینە سەر زمانە جیهانییەکان چۆن دەق بگاتە سنووورەکانی دیکە، بوونی ئەو دەزگایانە زۆر گرینگە بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی.



پ: لای هەندێ شاعیری مییەی کورد بەزاندنی سنووری داب ونەریتی کۆمەڵگە بە بوێری دادەنێن. لای تۆ بوێری واتە چێ؟

چنار: ئازادیدەربڕین فاکتەرێکی هەرە گرینگە لە پڕۆسەی نووسیندا و مافێکی ڕەوای مرۆڤەکانە، مرۆڤ دەکارێ وەک ئەوەی دەیەوێت گوزارشت لە ناخ و لە خود و هزری بکات. دەکرێ مرۆڤ هەموو ئەو شتانە بنووسێت کە بڕوای پێی هەیە، بە مەرجێک سنووری ئازادی ئەوانی تر تێنەپەڕێنی و نەبێتە هۆی ئازاردانی کەسانی دیکە یان بریندارکردنیان، لێرەدا مەسەلەی خودسانسۆری دێنە ئاراوە، واتە مرۆڤ خودی خۆی، خۆی سانسۆر دەکات، ئەمەش وابەستەیە بە ئاکار و ڕەوشتی نووسینەوە، بەگشتی نووسین پڕۆسەیەکە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بۆیە نووسین بە تەنها قەڵەم بە دەستەوەگرتن و ناو و ناوبانگ نییە بەڵکوو بەرپرسیاریەتییە، ڕەچاوکردنی ئەو بەرپرسیایەتییە، ئەرکی نووسەرە.

پ: تا چەند بەرهەمەکانت سەدای هەبووە، و تا چەند وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی تر؟

چنار: هەڵبەتە بە ڕادەیەکی باش شێعرەکانم سەدای هەبووە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کۆمینتانەی بۆم گەڕاونەتەوە، یان دێڕەکانی خۆم لە سەر زاری کەسانی تر بیستۆتەوە. جگە لەوەی لە پڕۆسەی ڕەخنەی ئەدەبیدا جێی خۆی هەیە و چەند کتێبێک لە لایەن ڕەخنەگرانەوە لە سەر دەقەکانم نووسراوە، هەروەها دەقە عەڕەبیەکانم هاوکار بوون لە ئەوەی بەرهەمەکانم زیاتر بناسرێن لە لایەن نووسەرانی عەڕەب کە لە ڕێگە ئینتەرنێتەوە بەر چاویان کەوتووە، وێڕای ئەوەی لە لایەن نووسەرانی کوردەوە نووسراوە.

لە بواری وەرگێڕانیشدا دیسانەوە تەکنۆلۆجیای زانیاریەکان ڕۆڵی کارای هەبووە لە بچووککردنەوەی جیهان و گەیاندن و ناساندی بەرهەمەکان بە جیهان، لێرەشەوە من سوودم لەم تەکنۆلۆجیایە بینیوە، نووسەران لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەقەکانمیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەڕەبی، فارسی و ئینگلیزی و لە بڵاوکراوەکانی وڵاتی خۆیان بڵاویان کردەتەوە، بۆیە

بەپێی ئەم پرۆسەی ڕەخنە و وەرگێڕانە دەتوانم سەنگی نووسینەکانم لا ڕوون بێت، لە ئێستادا کتێبێکم کە مامۆستایەکی زانکۆ لە ئێران وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی بڕیارە لە ئێران چاپ بکرێت. هەروەها کتێبێکم وەرگێڕدرایە سەر پیتی لاتینی و دیالیکتی کرمانجی، ئەم ساڵ لە تورکیا لە شاری ئامەد بۆ مەڕاسیمی ئیمزاکردنی بانگهێشت کرام لە لایەن وەشانخانەی ڕووناهی، ئەم کتێبە سەدایەکی باشی هەبوو.

پ: بەرهەمە نووسراو و چاپکراوەکانی چنار چەند کتێبە؟

چنار: بەرهەمە شێعرییەکانم کە چاپ کراون بریتین لەم بەرهەمانە:

١. بیرەوەرییەکانی ڕۆژنامەڤانێکی شەکەت ١٩٩٩ – لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخوازی کورد .

٢. پیکەکان بیریان دەچێت بمخۆنەوە ٢٠٠٤ – لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخوازی کورد .

٣. بە پیکیک دەڵێم بمبورە ناتخۆمەوە – ٢٠١١ لەبڵاوکراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ، وەزارەتی ڕۆشنبیری .

٤. وەرزەکانی هەڵوەرین، تێکستێکی شانۆییە بۆ خوێندنەوە – لە بڵاوکراوەکان چاپ و بڵاوکردنەوەی ، وەزارەتی ڕۆشنبیری

٥. کۆ شێعر لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس – هەولیر.

٦. بە تۆ دەچم ٢٠١٢ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی.

٧. ئەنفال و جینۆسایدی کورد" توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکانی گۆڤاری ئەنفالستان....

ئەو کتێبانەشم ئامادەی چاپن: ١."اخر المتاف" کۆمەڵە شێعرێکی عەرەبیە کە بە زمانی عەرەبی نووسیومن.

هەواڵنامەی کتێب


پێشەکییەک بۆ وتووێژ لەگەڵ سەید عەلی ساڵەحی بە بۆنەی "فراڕۆشتنی*" ئیمپراتۆری شێعریی جیهان؛ مامۆستا شێرکۆ بێکەس و "دەق" و "پەراوێز"ەکانی دوای "ئەو"**


نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕان: عادڵ قادری

هەموو هەناسە و عارەقە ڕۆحیی و جەستەییەکانی ئەم گێڕانەوەیە پێشکەش بە هەموو ئەو هاوڕێ زمانییانەم[1] (بە تایبەتی ئەوانەی کە نایانناسم!) کە لە کەڵــکەڵــە و سەودای گرتنی کۆڕ و ڕێوڕەسمێک لە ڕۆژهەڵات بۆ مامۆستا شێرکۆ پاڵیان دایەوە و نەلوا![2]

بەراییەکی ڕەش بۆ کۆچێکی سپی؛

دوای کۆچی ناوادە و ڕاچڵەکێنەری قەڵای وشە و هزری کوردیی؛ مامۆستا شێرکۆ بێکەس،"ئێمەمانان[3]" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک پرسیاری تەژی لە دڵەڕاوکێ لامان گەڵاڵە بوو(کە هەندێکیان ولّامیان ڕوون و ڕۆشن بوو، بەڵام لامان پەسەند و قەبوولّ نەدەکرا و باوەڕی سامناک و تۆقێنەر بوو، هەندێکیشیان ولّامیان نادیار و زانستئاوی! بووون و هەندێکی تریان پرسیارگەلی مامناوەندی بوون کە زۆرێک بە لایدا نەدەچوون![4]) کەوتینە ناو کەشێکی پڕ هاتوچۆ و دڵەکورکێ وە. دەکرێت لە سەر بنەمای ئەو پێکهاتە گشت و باوەی کولتوورمان پەرچەکرداری





ئێمە بۆ مەرگی "من" یان "خود"ێکی کۆیی بە ناوی شێرکۆ بێکەس، خەم و تاسە و ئاخ و ئۆف بێت، بێگومان لانیکەم "گەردیلەیەکی مەزن![5]" لەو هەست و سۆزانەمان تێدا بوو. ئەگەرچی ئەکرێت باس و گێڕانەوەیەک لە مەرگ و تێڕوانینی مرۆڤ لە بارەی مەرگەوە هەر لە سەرەتاوە تاکوو هەنووکەی شارستانییەت یان دژە شارستانییەتی مرۆیی! بدەم بە دەستەوە. بەڵام لە چرکەساتی وادا کە زۆرتر نەست و ناوشیاریمان گەڕێنەر و سووڕێنەری بوونمانە، لە هەمبەر پرسی مەرگ، خستنە ڕوو و بە دواداچوون بەرەو مەرگ و پرسە هەمیشەییەکانی مەرگ؛ ژیان، جاویدانی، دۆزەخ، فیردەوس و... نەکردە و ئەستەم یان لانیکەم زۆر دژوار دەینواند. بە بیرم دێنمەوە کە مەرگ هەر لە کۆنترین ئەفسانەی مێژووی مرۆڤەوە واتە ئەفسانەی گیلگامێشی بابێلییەوە کە شێرکۆ لە پاییزە میواندا باسی قڵێشانی ولّاتی گیلگامێش واتە کوردستان دەکات[6]، گەڕان و عەودالّبوون بۆ گیای ژیانی هەرمان و جاوید، ڕێگەچارە و بگرە وەکوو تاقە پردی پەڕینەوە لە مەرگ وخۆڕاگری لە هەمبەر مەرگدا، ئامادە بووە، تاکوو ئەمڕۆ و بە تێپەڕین بە ناو ژیان و دەقی تالیس، ئەفلاتوون، ئەرەستوو، قەشە ئاگۆستینۆس،

توماس ئاکیوناس، کانت، دیکارت، هیگڵ، مارکس، نیچە...گارسیا مارکیز، کامۆ، کافکا، ڕابیندرانات تاگوور، کارلۆس کاستاندا، بێرتولت بریشت، سامۆیل بێکت، هاروکی موراکامی، بەختیار عەلی، شێرزاد حەسەن، شێرکۆ بێکەس، جەمال غەمبار و...و درێژەی هەبووە و دەشیبێت! بەشێک لەم پەرچەکردارەی ئێمە بۆ مەرگی مامۆستا بێکەس، "وێنا و شیمانەی مەرگی (خود)یکمانە لە قەوارەی کەسایەتی و بوونێکی وەکوو شێرکۆدا (عومەری خاوەر، ئەگەڕێ و ئەگەڕێ... "ئەو" تاکە و کۆیە (ئێمەیە) لە یەک کاتدا نادیارە و لە گەڵمانە[۷])، شێرکۆ بێکەس بەڕاستی (خاس یان خراپ، کارم بەسەر ئەوەوە نییە) بە شێوازێکی بەرین ئێمەی هەڵلووشی بوو، لە پلەی یەکەمدا ئێمە "ئەو" بووین و دواتریش "ئەو" ئێمە بوو! تێڕامان لە مەرگی "ئەو" تێڕامانە لە هەنووکەی "خود"یک کە هاومەرگی و هاونەبوونی دەتوانێت هەست پێبکات، ئەویش لە قەوارەی "خود"گەلێکی زۆر و زەبەندەوە کە کۆمای ئەم "خود"گەلە "خودانی خود" پێک دێنێت، ئێمە لە مەرگ و ئەزموونی مەرگی شێرکۆ بە شێوەیەکی جیا لە خۆی بەشدار بووین، ئەگەرچی دەکرێت بڵێین: کە (مەرگی شێرکۆ جگە لە میتافۆرێکی شێعری هیچ نییە و مەرگی ئەو لەو مەجاز و فرەمانایانەیە کە هیچ کات ناتوانین بە حەقیقەتەکەی بگەیین...یان لە ئاستی شێرکۆدا مەرگ ناتوانێت ئەرکی خۆی تەواو و چڕوپڕ بگەیەنێتە ئەنجام[۸]) بەڵام گەر بە ڕوو و ڕەهەندێکی بەرینتر و هەراوتر لێکی بدەینەوە، مەرگی شێرکۆ وەکوو میتافۆڕ یان خوازە ماناپژێنی و زەینفرێنی و دڵ بە دوایی دوای خۆی و بۆ "خود"ە کانی بەجێدێڵێت، "ئەو"، لە منەدا بەردەوام دەژی و دێت و دەچێت، دەمرێت و دەژێت، بەڵام نابوود و عەدەم نابێت، ئەگەرچی خۆیشی نەبێت و ئاگای لێ نەبێت، هایدیگەر گوتەنی: دازاین کە مرد، ئەو نازانێت کە مردووە، واتە سووژەی هایدیگەری مەرگی خۆی نابینێت! بەڵام ئێمە مەرگی "خۆمان"مان بینی، مەرگێک کە هەنووکەش لە من و ئەم دێڕانەمدا و ڕۆشتنم بۆ تاران و وتووێژ لەگەڵ شاعیرێک بە ناوی سەید عەلی سالەحیدا بوونی ئامادە بووە، مەرگێک کە بەردەوام چ لە کاتی ڕوودانی مەرگی "خود"یکمدا و چ لە ساتی ڕوودان و هاتنەئارای مەرگی خۆم و "خود"ی خۆمدا، لە ژیانمدا پاساو و قیمتوقوت و ئامادەیە! هەموو ئەم باسە و گێڕانەوەگەلی فەلسەفی و دەروونشیکارانەی لەم چەشنە لایەنێکە لە خوێندنەوەی مەرگ کە لێرەدا ناپرژێمە سەری، تەنها هۆی ڕووژاندن و کردنەوەی ئەوە بوو کە لە سەر بنەمای کولتووریکی مەرگبێز و پێکهاتێکی هەستەوەرانە[۹] بڵێم: دوای مەرگی مامۆستا بێکەس، کەوت"م/ین"[۱۰]ەئەم حاڵەت و هەڵوێستە و هەڵوێستەوە کە داخۆ چۆنچۆنی ڕۆڵێک لەم کۆچ و سەفەرەی "ئەو" دا بگێڕ"م/ین"،هۆکاری ئەم هەڵەداوانی، دڵەتەپێ و دڵەڕاوکێیەش دەگەڕایەوە بۆ دەربەستی و پەیوەستبوون بە جیهان و پێکهاتێک لە هزر و شێعرییەت کە خوازراو یان نەخوازراو، شێرکۆ بێکەس ئامێزانی ناخمانی کردبوو! "من"[۱۱]،ڕاهاتووی شێوازێک لە وشەدارێژی و فۆرمێک لە ماناپژێنی بووم کە دنیای شێعر و سەفەرە زۆر و زەبەندەکانی "ئەو" هەر لە تریفەی هەڵبەست و کەژاوەی گریان، کاوەی ئاسنگەر و... تاکوو دوو سروودی کێوی و هەڵوی سوور و...دەربەندی پەپوولە، ئافات، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک و بۆننامە و چراکانی سەر هەڵەموت، ڕەنگدان و پاییزە میوان و گۆڕستانی چراکان و...حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک، تاکوو دەگاتە دواترین "خێراکە، مردن بەڕێوەیە" بە قەوارەگەلی جۆراوجۆری جوانیناسانە، ماناخوازانە و شوناستەوەرانە سازاندبووی و منی گوێقوڵاخ و دەمکوتی سیحری زمانیی خۆی کردبوو! بەم ڕاستییەوە ڕەنگە بتوانین لە سەر یەک بنەما و بڕیار ڕێک کەوین کە ئەویش ئەمەیە کە: شێرکۆ بێکەس پڕ دەسەڵاتترین "بوون و بوونەوەر"ی ناو زمانی کوردی بوو، سوڵتان و ئیمپراتۆری زمانی کوردی و دواتر و بە گوێرەی ئەوەش ئیمپراتۆری شێعریی جیهان[۱۲]. هەر کەس شێعرەکانی بێکەس بخوێنێتەوە دەڵێی: لە سەرچاوەیەکی پاکی کوردستان[۱۳] ئاو دەخواتەوە، سەرچاوەکە زمانە! سرووشتە! سرووشتزمانە! دووانەن، سێیانەن، چوارینەن و... شێرکۆ بێکەس خۆی لە خەیاڵ دەچێت! بەختیار عەلی دەڵێت: (شێرکۆ لەو دەگمەن شاعیرانەیە کە هەر شتێک، دەکات بە شێعر و وەری

دەگێڕێتە سەر شێعر، بە ڕای من لە هەموو شتێک گرینگ‌تر هێزی لە بزنەهاتووی شێرکۆیە بۆ هەڵگەڕاندن و گۆڕاندنی سیاسەت بۆ سەر شێعر، هیچ کات بە چاوی سیاسەتەوە چاوی لە شێعر نەکردووە بەڵکوو شاعیرانە لە سیاسەتی ڕوانیوە و... ئەمە شێرکۆ نییە زمان دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی شێعر بڵێت و بگێڕێتەوە، بەڵکوو ئەمە "زمانە" کە شێرکۆ دەکار دەکات و دەیخاتە گەڕ تاکوو داکۆکی و نیشانەیەک بێت لەسەر مەزنی و بەرزی و ناکۆتابوونی[١٤]). مەنووچەهر ئاتەشی لە وتوویژێک لەگەڵ "ئەو"دا پرسیارێکی هاوکات بوونناسانە و دەروونناسانە دەخاتە ڕوو، ئاتەشی دەڵێ: چۆنچۆنی لە دۆخێکی پڕ هەراوهۆریا و پڕ شەڕ و خوێناوی لە کوردستان (باشوور) تۆ توانیت ئەزموونێکی جیهانی لە شێعر بژیت و تاقی کەیتەوە[١٥]؟! واتە مەبەستی ئەوەیە کە (شێرکۆ شاعیرێکە کە زمانی کردە نیشتمان بۆ گەلە بێنیشتمان و لێکترازاوەکەی، "ئەو"، شکۆی دۆڕاوی بۆ زمان گەڕاندەوە و گەندەڵی لە وشەکان سڕییەوە، زمانی لە قەیرانی چەقبەستووی بێمانایی ڕزگار کرد![١٦]) هەموو ئەمانە و زۆر و زەبەندی تریش بەڵگەی "ئەو" ڕاستییەن، بەڵگەی ئەمەی کە بوونەوەرترین تاک بوو لە زمانی شێعریی کوردیدا و زمانیترین بوونەوەر بوو لە شێعری زمانی کوردیدا! ئێمە ئەگەرچی دواتر و هەنووکەش لەم ڕێبازە و جیهانەی "ئەو"دا نەمێنینەوە و هەر وەکوو "ئەو" بزۆزی و ناکۆتاخوازیی خۆمان بپارێزین، بەڵام ڕۆشتن بەرەو هەرێمێکی ناشێرکۆیی بۆ ڕۆنانی بوونێکی سەربەخۆی "خود"یانە و جیا لە "ئەو"، لەو ڕاستییە نامانبوێرێت کە ئێمە ساتێک لە ساتەکان و زەمەنێک لە زەمەنەکان شێرکۆییانە دواوین و "ئەو"ئاسایانە هەڵبەستوانیمان کردووە و چەشنی "ئەو" سەرمان لەقاندووە و دەستمان فرێ داوە، کۆیەک لە ئەمانەم بینیوە، ئەگەرچی هەنووکە هەموو ئەم بینراوانە پێچەوانەی "ئەو" شێعر بڵێن و سەر ڕاتەکێنن و ... کە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە باسم کرد چوونکوو لەم حاڵەتەشدا دەبن بە "نائەو" ، "نا""ئەو" چەندەی "ئەوە" ئەمەش پرسیارێکە؟! بە هەر حاڵ دوای "ئەو" کۆچە کەسانێکی زۆرم دوور و نزیک دەدیت و دەنگانێکی جیاجیای نزیک و دوورم دەبیست کە تاسووق و تامەزرۆی بوونن لەم سەفەرەی ئەودا. لە ڕاستیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بڕێک شاردا بە ململانێیەکی زۆرەوە ڕێوڕەسمانێک بەرز یان نابەرز بەڕێوە چوون، بەڵام شوێنانێک بوون کە هەوڵی زۆریان دا و بە دواداچوونی زۆریان کرد، بەڵام ودمی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم نەدرا، هەر چەند لە شوێنێکی وەکوو تاران کە کوردنشین نییە! (بەڵام کوردی لێیە) لە هۆڵی وەحدەتدا بە تێکۆشانی د.قوتبەدین سادەقی و بەشداری هەندێک لە شاعیران و نووسەران و چالاکانی زمانی کوردیی ڕێوڕەسمێکی شیاو گیرا، بەڵام لە فرەیەک لە شارە کوردنشینەکان‌دا بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم بۆ هزرڤان و وشەدانێکی وەکوو شێرکۆ بێکەس وەکوو بڤە وابوو! بە هەر حاڵ دوای ئەم کردە و نەکردە و بکە و مەکە زۆرانە، خەم و دەربەستیم بۆ شاعیرێک کە وەکوو دایکم؛"زمانی زگماکیمی لە ناخ و هەناوما پڕتر و ڕیشەدارتر چاند و زمانمەندی کردم"، هەنگاوێک هەڵگرم، بەر لەوەی لە مەودا و ماهییەتی ئەم هەنگاوە بڵێم، دەشێت ئاماژە بەوە بدەم کە شێرکۆ بێکەس بەر لەوەی بۆ من شاعیرێک بێت، هێمایەک بوو لە "بوونم"، بوونێکی شڵەژاو بەڵام ئامادە و پڕ دەنگ، بوونێکی بەردەوام و بزۆز، بوونێکی یاخی، بەڕاستی "ئەو" لە یەک پێناسەدا جێگای نابێتەوە. ئەو، هێمای بوونیی زمانیی ئێمە بوو. زمان بەو واتەیەی کە هزردانمانە، مۆرکی شوناسمانە و نیشانەی کیانیشمانە[١٧]، بەتایبەتی ئەگەر سرنجێکی ڕاڤەکارانە بدەینە پێناسەیەکی کورتی خودی شێرکۆ بۆ شێعر لە یەکێک لە کۆڕەکانی‌دا ئەم ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ڕاستی ئەوەی کە شێعر و زمان و بوون چۆنچۆنی لەگەڵ یەکدی هەڵپێکراون. "ئەو" لە پێشەکی کۆڕی خوێندنەوەی گۆڕستانی چراکان‌دا دەڵێت: لای من شێعر هونەرە و پەیام[١٨]. واتە بە ڕاڤە و خوێندنەوەی من ئاوای دەگێڕمەوە: شێعر، هەم زمانێکی پڕتەکنیک و بە بریق و باقە و هەمیش پەیام و هەڵوێستێکی مانایی تایبەتی تێدایە کە ئەم دووانە، پێکەوە جووتگیر و تێکەڵ دەبن و ڕمووکی و تاتار[١٩]ی زمانیی لێیان شین دەبێت."من[٢٠]" گەلێک کە لە سەرەتای ورینگەی شێعرییانەوە سێبەری شێرکۆیان بە

سەرەوە بوو، حەشیمەتێکی زۆر لە شاعیرانی ئەمڕۆ دەگرنە خۆ، خۆ ئەگەر هەنووکە زمان و ئەزموونی خۆیان دەژین و دەئاخفن، شەوگارانێک یان ڕۆژگارانێک! بە پێدزکێ و پێخشکی لە هەرێمی هزری و قەڵای زمانی شێرکۆ لایان داوە، ئەگەرچی بەرهەمی ئەو شەوە پێدزکێیانەیان دەرنەخستبێت و بڵاویان نەکردبێتەوە! بە هەر حاڵ خاس یان خراپ لەم ڕووەوە بە هۆکارگەلێکی زۆر، شێرکۆ ڕۆڵ و پێگەیەکی نەستییانەی لای ئێمە وەرگرت، "ئەو"خۆی دەقێک بوو[۲۱] لە توخمی واڵابوون و چوون! "ئەم"ە "من بووم"! ئەگەرچی بەهۆی ئەوەی لە نەخۆشخانە بوو ئەگەری ڕۆیشتنی هەر دەدرا، بەڵام کە ڕۆیشتیش هەر وەکوو لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا باوەڕی سەخت و ئەستەم و مەحاڵ بوو، "ئەو" ڕۆیشت و ئەم پرسیارە گەورەیەی بۆ من جێهێشت کە شێرکۆ چۆنچۆنی جێگای "بوون"ی پڕ دەکرێتەوە؟جێگای وەکوو شاعیر نا، کە ئێمە ببین بە قوتابی ملکەچ و لاسایی‌کەرەوەی ڕێبازەکەی! چوونکوو لە ڕاستیدا "ئەو" بەو داکۆکی و خواست و وزەیەی لە سەر داهێنان، خۆیشی ئەوەی نەدەویست، بەڵکوو جێگای وەکوو نەستی زمانیی، وەکوو زمانەدان، وەکوو دەقێکی پڕ زمان، وەکوو شۆڕپی ناکۆتا و تیلماسکانەی زمان بە ناو و لە ناو زماندا! مەبەستم "ئەم"ە، واتە خەم و ئەرکی بەشداریم لەم سەفەرە بەرەو تاران بردمی! هەموو "ئەم" شتانە وای کرد لانیکەم جوواڵانەوەیەکی کورتیش بێت بۆ بەشداری لەم سەفەرەی "خودانێ وشە و هزرا کوردی" بخەمە بەردەم.

ناوبڕێکی خۆڵەمێشی بۆ کۆچێکی سپی بە ڕێگایەکی ڕەشدا

ئەمڕۆکە ئیدی بۆ هەموان یان لانیکەم بۆ ئەو دەستە بیرمەند و تاکانە کە نەختێک لە مودێرنیتە و میتافیزیکی هەنووکەیی دونیا تێگەیشتوون یان تەنانەت تەنها لە ڕێگەی نەستەوە کەوتوونەتە بەر کاریگەریی، ڕوون و بەڵگەنەویستە کە بابەت و دیاردەکانی ئەقدونیای/ ئەقدونیایی[۲۲]، پێناسە هەڵنەگر و هەڵهاتوو و خزۆک بوونە، ئەم تایبەتمەندی و بارودۆخە سەبارەت بە شێعر و بزۆزییەکەی ڕاستتر دێتەوە. "شێعر"ێک کە تەمەن و پێشینەیەکی بە باڕستایی و درێژکۆڵەیی گوناهی یەکەمینمان هەیە، "ئەو" کە زمانی زگماکیمانە، نامۆیی و ئاوارتەبوونی ئانتۆلۆژیکاڵ یان بوونناسانەمان لە جیهانێک کە تووڕ دراوینە[۲۳] ناوی، دادەبەزێنێت و هێوری دەکاتەوە، بەڵام لە خەستی و بڕستی ناخات! و نامۆیی و غوربەتێکی دیکەمان بە دیاری بۆ دێنێت تا "دیتربووگە[۲۴] بووین و بژێین. "ئەو"، فیدیە[۲۵] و بارمتەی بوون و بوونانەیی ئێمەیە لە جیهانێکی بێبااڵندە و نادەرەخت[۲۶]!

ئەم بڕگانە نواندنەوە و نۆژەنینەوەیەکی گوشراوە بوو لە دۆز و تێڕوانینێک کە لە گوتاری کوردیی (کوردستانی ڕۆژهەاڵت و باشوور) لە مەڕ شێعرەوە بوونی هەیە، وا دێتە پێش چاو کە داکۆکیکەر و دەمڕاستی ئەم ڕاستییە بن کە شێعر لەم کۆمەڵگایە و بە گوێرەی ئەوەش لە گوتارەکەیدا پێگە و شوێنگەیەکی واڵا و بەرزەڕۆی هەیە، چ لە ڕوانین بۆ پێشینە و کەونینەبوونی مێژوویی و دیرۆکیی شێعر لە کوردستان (لە پێگەی شارستانییەت)دا و چ لە نیگای کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە کە شاعیران هەڵگری ڕیسالەت و ئەو ئەرکە بوون و هەن.

ئەم واقیع و دەرکەوتە تیۆریکانە بەشێک لە بوونی ئەدەبی و شێعریی ئێمە دەتەننەوە، بەڵام لە جیهانی "دیتری" ئێمە واتە زمانی فارسی، کە بەردەوام و لە مێژە بە پێوەندیگەلی دانوستانی و هاوکێشەگەلی سەیر و غەوارە لە گەڵ زمان و گوتاری کوردیی لە دیالیکتیکدا بووە، چۆنچونی لەمەڕ شێعر و بوونیی شێعرییانەوە دێنە زار و بە گوێرەی ئەوەش چۆناوچۆن ئێمەیان" وەرگرتووە[۲۷]" و وەریان گێڕاوین و گێڕانەوەیان لە سەر کردووین؟ ئەدەبی کوردی لە مێژە لە پەراوێزی باس و خواسە گوتارییەکانی ئێراندا بوو تاکوو شەپۆلێکی مۆدێڕن و تازە سەریان هەڵدا و "ڕوانگە[۲۸]"کانیان هەر لە "کفری[۲۹]"یەوە تاکوو هەولێر و لەوێش بەرەو سنە و سەقز و سابڵاغ و لەوێندەرێش بەرەو تاران، کـــــشـــا. دەنگدانەوە و دەرکەوتنی وزە و

بڕستی ناوەکیی ئەم شەپۆلە مەزن و کەڵەباڵایە لە دەرکەوتن و ناوبانگ و قەڵەم و زایەڵە و ئۆقرەنەگرتوویی شێرکۆ بێکەسدا لە ئێران دەتەقێتەوە[۳۰]. لەو ساتەوە زۆرێ لە شاعیران، نووسەران، وەرگێڕان و چالاکانی ئەدەبی بە تاسە و تامەزرۆییەوە بەرەو ئەدەب و شێعری کوردیی هاتوون و هەوڵیان داوە بیناسن و بیناسێنن، زۆر کەسیش وەکوو هەموو دیاردەیەکی جیهانی بازاڕی ئەمڕۆی سەرمایەداری، کاسپی و سەودای پێکردووە، ئەگەرچی خۆی دژەسەرمایەداری و ماڕکسیست و چەپڕەویش بووبێت! لەو کەسانەی کە ڕۆڵێکی ئەرێنی باش و بەرچاو و ڕاستەقینەیان لە ناساندنی ئەدەبی مودێرنی کوردی و تا ڕادەیەکیش ئەدەبی کلاسیکەوە بۆ ناو گوتاری ئەدەبی و شێعری فارسی گێڕا شاعیری ناودار سەید عەلی سالەحی بووە. سالەحی هەر لەو سەردەمانەوە کە شێرکۆی مەزن سەردانی شاملووی دەکرد لە ئێران، دەرفەتی بینین و دیدار لەگەڵ شێرکۆ بە دەست دێنێت و هاوڕێیەتی شاعیرانە و دۆستایەتییان دەست پێدەکات. لەو ساتە بەم لاوە سالەحی گیرۆدە و سەوداسەری شێعری شێرکۆ و دواتر ئەدەبی کوردی دەبێت.

دریـــژەی ناوبـــڕ...بێڕەنگ...

سالەحی لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە تاکوو ئێستا وەکوو تاک(شاعیر)یکی چالاک و درەوشاوە لە پانتای ئەدەبی فارسیدا جووڵاوەتەوە. سەید عەلی سالەحی سالّی ١٣٣٤ لە گوندی مەرغاب سەر بە قەزای ئیزە لە پارێزگای ئەهواز لە دایک دەبێت. ئەو بنایاتنەری دوو ڕەوت و شەپۆلی کاریگەری شێعریی لە شێعری هاوچەرخی فارسیدا بوو. ڕەوتی"شەپۆلی شاز" و "شێعری گوفتار". سالەحی ڕەوتی"شەپۆلی شاز" لە سالّی ١٣٥٣تا١٣٥٤لەگەڵ چەند شاعیری هاوبەرەی خۆی بونیات دەنێت، مەنووچێهر ئاتەشی و نوسرەت ڕەحمانی تێکەڵی ئەم ڕەوتە دەبن و پشتگیری و پشتیوانی خۆیان لێی ڕادەگەیەنن. سالەحی لەم وێستگەیەی ژیانی ئەدەبی واتە لە سالّی ١٣٥٦ دایە کە وەکوو براوەی خەڵاتی ئەدەبیی "فروغ فەروخزاد" هەڵدەبژێرێت. ڕەوتی دووهەم واتە "شێعری گوفتار" لە سالّی ١٣٦٣دا بۆ ڕۆنان و جێگیرکردنی شێوازێک لە پێکهاتی وەزن و کێشی شێعری کە بە ئاڕاستەی سادەبێژی و ساکارهۆنین دەجووڵێتەوە (و بۆیەش دژی دابەشکاریی کێشییانەی سەنگین و سوننەتی ئەدەبی کۆن و کلاسیک دەجووڵێتەوە) هاتە ئاراوە و لە سەرەتای دەیەی حەفتادا ئیدی وەکوو ڕەوتێکی ئەدەبی گونجاو و جێکەوتوو پەسند کرابوو. ئەو دەڵێت: ڕەگ و ڕیشەی شێعری گوفتار دەگەڕێتەوە بۆ گاتاکانی زەردەشت. لە سالّی١٣٦٩تاکوو١٣٧٩ نووسەر و بەرپرسی ئەدەبی و شێعریی گۆڤاری "دنیای سخن" بوو. لە ڕۆژی پێنج شەممۆی ٨ی ڕەزبەری سالّی ١٣٨٩ دا واتە لە ڕێوڕەسمی دووهەمین خەڵاتی شێعریی نیما کە کۆمەڵە شێعری سالّەحی لە ژێر ناوی" ئەنیس، لە کۆتایی ئەم حەوتەدا دێت" وەکوو کتێبی هەڵبژاردە لە لایەن لێژنەی داوەرانەوە بڕیاری لە سەر درا، سالّەحی پەیامێکی نواند و بە ڕای من شێوازی هەڵسوکەوت و پەرچەکرداری ئەو لە هەمبەر ئەم خەڵاتە!دا زۆرترین پێناسە لەو دەدات بە دەستەوە، سالّەحی سەرەڕای ئەوەی کە لەم ڕێوڕەسمەدا بەشداری نەکرد و خەڵاتەکەی قەبوڵ نەکرد، وتیشی:خەڵکی بە حورمەت و ئابڕوو بڕسییانە، بە شەپازلە ڕوویان سوور دەکەن[۳۱]. خەڵاتەکان دانێن بۆ دواتر، ڕێز و حورمەتی خەڵک لە سەرووترە. لەم بارودۆخە شەرەفکوژە دا، پێدان و وەرگرتنی خەڵات، واتە داکۆکیی و پەسندکردنی هەر ئەم بارودۆخە. ئایا شەرمهێنەر نییە؟ ئەم کایانە دانێن بۆ دواتر. شتێک کە ڕوون و حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە سالّەحی بە ڕاستی بە شێوەیەکی سەیر فرەکار و پرکارە. بە ڕاستی دەکرێ لە سەر سالّەحی زۆر بڵێین بەڵام لێرەدا تەنها بە خستنەڕووی ناوی کۆمەڵێک لە بەرهەمە شێعرییە بڵاوکراوەکانی، ئەم پێناساندنە کورتە دوایی پێ دێنم و لە درێژەدا دەچمە سەر دەقی باس و بابەتە سەرەکییەکە:

پێشڕۆ و پیادەی شەترەنج – ١٣٦٧،

سێ گۆشەکان و ئیشراقەکان،

دێر هاتی "ری را"... نامەکان- ۱۳۷۳

ناونیشانەکان- ۱۳۷٤

سەفەر بەخێر، موسافیری خەمگینی پاییزی پەنجاوهەشت- ۱۳۷۵

سلێمانی و بوولێڵی جیهان-کۆمەڵە شێعری هەڵبژاردەی کوردی لە شاعیرانی هاوچەرخی کورد

عاشقبوون لە بەفرانبار، مردن لە خەرمانان- ۱۳۷٦،

ئاسمانییەکان- ۱۳۷٦

دوایەمین عاشقانەکانی"ری را"- ۱۳۷۸

دۆعای ژنێک لە ڕێگادا کە تەنها دەڕۆیشت- ۱۳۷۹

مەخابن مەڵا عومەر- ۱۳۸۰

کۆمەڵە شێعرەکان (بەرگی یەکەم)- ۱۳۸٤

و...

ئەمانە بەشێکی هەرە کەم لە کارەکانی سەید عەلی پێک دێنن، ئەو شاعیرێکی چالاک و مرۆڤێکی بە کەڵکەڵەیە و هاوڕێ و هاوخەم و هاوسۆزی شێرکۆ بێکەسە.

گێـرانـەوەیەکی بـۆن ڕەش و سپی و خۆڵەمێشی واتە بـێڕەنگی"ڕەنـگـــدان[۳۲]"

هەر ئان و سات دوای مەرگی شێرکۆ بێکەس، سالّەحی بە هەموو وزە و بڕشتییەوە دەرکەوتوو و گێڕانەوەی خۆی لە شێرکۆ و شێعر و دونیاکەی و هەروەها ڕوانینێک کە شێرکۆ بۆ مرۆڤ، مێژوو، شوناس، بوون و شێعر و...بووی، جارێکی دیکە خستیە ڕوو و دەنگی شێعری کوردی بوو لە تاران، لانیکەم لەو ئاست و ڕادەیەی کە زانیاری و ناسیاوەتی لەسەرە. سالّەحی لەو هەنگامە و سەروبەندەدا لە گەڵ زۆرێک لە دەزگا هەواڵدەری و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان (تەنانەت هەندێکیشیان بە تەلەفۆن) لە بارەی شێرکۆوە هاتە زار و وەکوو خۆی ڕۆڵێکی باشی گێڕا لە گێڕانەوەیەکی تری مامۆستا بێکەس، هەر چەندە کە من پێم وایە هەر دەبوو و دەبوایە ئەم ڕۆڵەی بگێڕێت! سالّەحی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: شێرکۆ بێکەس بۆ من هەڵگری بایەخ و نرخێکی تایبەتە. هۆگریی من بە شێرکۆ لە چەشنی هۆگریمە بۆ یانیس ڕیتسۆس، پابلۆ نۆرێدا، نازیم حیکمەت، گارسیا لۆرکا، مەحموود دەرویش و ئەحمەد شاملوو؛ شاعیرانێکی پێشڕەو و پێشەنگ کە بۆ من سەرچەشن بووگن، بەتایبەتی لە پاراستنی دەربەستی و دەرەوەستی بۆ مرۆڤ[۳۳]. ئەو دەڵێ: ڕوانینی شێرکۆ بۆ کۆی چارەنووسی مرۆڤ بە مانا مێژوویی‌یەکەی و بە واتەی بوونەوەرێک کە سیاسی تێدەفکرێت، زۆر بۆم بەنرخ و بایەخ بوو. شێعری پاستۆرالّ، شێعری شوانی، شێعری سرووشتیی ئازاد و شێعری کۆمەڵگای کراوە بە شێوەیەک بوو کە منی دەخستەوە بیر و یادی ڕەگ و ڕیشەکانی خۆم. سالّەحی باس و خواسی زۆری بە نیسبەت شێرکۆوە خستە ڕوو، بەڵام بە ڕاستی دەرفەتێکی تر و شێوەیەکی تری لە گێڕانەوە دەوێت و لێرەدا مەودای باس‌کردنی نییە. هەموو ئەم نیشانە و باس و ڕووداوانە لەمەڕ مامۆستا بێکەسەوە بوونە هۆی ئەوەی کە پێوەندی بەو شاعیرە هاوچەرخ و ناوداڕەی فارس واتە سالّەحییەوە بکەم و بەڵێنی وتوویژێکی سەبارەت بەم کۆچەی بێکەس لێبستێنم. پێشتر لە تاران لە یانەی هونەرمەندان[۳٤] دا چەند جارێک لە دوورەوەڕا سالّەحیم بینیبوو، بۆیە بە کورتەنامە پێوەندیم پێوە کرد و باسم لە سەفەرێک کرد کە دەبێت ئەویش بەشدار بێت تێیدا! هەرچەند کە دواتر تێگەییم کە ئەو پێشتر دەستی بە سەفەرەکەی کردووە! بە کورتەنامەوە چەند وشەیەکی پەرتەوازەی ناردەوە بۆم و تێی گەیاندم کە نەخۆشە و بەگشتی پێی گەیاندم دەبێ تەلەفۆنی قسان بکەین و منیش پێوەندیم

پێوە کرد و کاتێ هاتە زار لە چەند نەخۆشی هاوکات لە خۆیدا دووا و داوای کرد بیخەمە کاتێکی تر، منیش گوتم: دەتوانم تا ٣ ڕۆژی تر کاتی بدەمێ، پاش ئەوەی تێگەیشت کە سوورم لەم سەفەرەدا وتی: پرسیارەکانت بنووسە، و ژمارەیەکی دامێ تاکوو لە ڕێگەی فەکسەوە پرسیارەکانی بۆ بنێرم. منیش بە پێشەکییەکی کورتەوە کە لە سەر "پێوەندی شێعری کوردیی و فارسی و گرێدراوییەتی ڕەگەزی کورد و لوڕ(کە ساڵەحی لوڕی بەختیاری بوو) و شوناس و ئەدەب و برێک چالاکی و دیداری شێرکۆ و سەی عەلی و..." (کە زۆربەی ئەم پێشەکییە هەر لەو پێشەکییەدا هاتووە[٣٥]) لەگەڵ ٢٥ پرسیاری کورت و درێژدا بۆم نارد! ئەگەرچی هەر دوای کۆچی بێکەس چەند یادداشت و تەنانەت شێعرێکیشی بە ناوی "شێرکۆ...!" لە ڕۆژنامەی شەرقدا بڵاو کردبۆوە و من لێرەدا وەرمگێڕاوەتەوە و دەیخەمە بەرچاو بەڵام هەر بە دەم ئەم سەفەرەشەوە هات. دوای چەند ڕۆژ کە ڕۆیشتم بۆ وڵامی پرسیارەکان[٣٦] هێندەی زەخت لە سەر بوو کە نەیدەتوانی لەسەر کورسییەکە هەڵسێت بە دەممەوە، بەڵام کاتێ ڕۆیشتم هەڵسا لە پشتمەوە! سەرەڕای وڵامی پرسیارەکان لە برێک شت وەکوو سیاسەت، شێعر و ڕێکخستنی نوێی جیهانی و بورجە دووانەییەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیی و هێمایین بوونیان پاش ڕووخاندنیان! ئەدەب و ڕۆمانی کوردی و فارسی و فەلسەفە و...شتی دیکە دواین، بەڵام سەری قاڵ بوو و بەرەبەرە قوتابییەکانی بۆ کارگە شێعرەکەی دەهاتن و دەردەکەوتن. ئەمە سەرەڕای ئەوە بوو کە پێشانگایەکی نیگارکێشیشی دانابوو، من توانیم برێک لە خوێندنەوەی خۆم بۆ ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیری کوردی بۆ بگێڕمەوە، بەشێک لە جەمشید خانی مامم کە هەمیشە "با"لەگەڵ خۆیدا دەیبرد (نووسینی بەختیار عەلی) و حەسار و سەگەکانی باوکم (نووسینی شێرزاد حەسەن)م بۆ گێڕایەوە و لە دەق و پەراوێزی گێڕانەوەکەمدا خستمە ڕوو بۆی، بەڵام وردە وردە زۆربەی قوتابیانی هاتن و برێکی کەمیان گوێیان دەگرت! سەید عەلی وتی: بەختیار عەلی زەنگی داوە بەڵام ماوەم نەبووە لەگەڵی فرە بدوێم! گوتم: گەر کوردی فێر نەبیت کرۆک و جەوهەری ئەدەبی کوردی فام ناکەی، ئێمە لەیەک ڕەگەزین، ئەو مانایەی لە شێعری کوردی هەڵی دەگریت لە ڕێگەی وەرگێڕانە، کە ئەوەش لە مانائۆرژینااڵ و ناوکییەکەی دوورە. تەنانەت بۆ هاوڕەگەزی و هەڤ ڕیشەییەکەش نموونەیەکم لە فولکلۆری لوڕی "ئەی دووس ئەر هاتی پێم باوەڕ دەسماڵ، دەسماڵ دوو وە دوێ-مێ (من) بکەرۆم شین، بکەرۆم زاری تا سێپیدی سوو[٣٧]" کە لە گۆرانیبێژێکی لوڕ بە ناوی ئیرەج ڕەحمان پوور بیستبووم، بۆ هێنایەوە و لە گەڵ ئەم بەیتە کوردییەی کە دەڵێ:"دەسماڵ حەریری دولبەر، مێردت کرد خۆڵم وەسەر-ئەگەر حەز دەکەی نەمرم، بمشێلە ناسکە دولبەر" کە حەسەن زیرەکی نەمر خوێندوویەتی، بەراوردم کرد بۆی و لە هاوواتایی، هاوخەمی، هاونیشانەیی و هەڤ یەکییان دوام، بەڵام تەنها بێدەنگ بوو! پاش بێدەنگی، بە دەنگەوە باسێکی تری ورووژاند! و هاتەوە سەر وەرگێڕان و مانا و بە هیواوە قسەی دەکرد! بەڵام لە نەبوونی وەرگێڕی باش و تەنانەت نەبوونی وەرگێڕ لە کوردییەوە بۆ فارسی دەدوێت[٣٨]، بە خۆم دەڵێم: وەکوو زۆر خەسار و ئاسیوی‌تر ئەمەش دەرهاوێشتەی کولتووری زارەکیمانە، ئەگینا هەم وەرگێڕی باشمان دەشێت بێت و هەمیش نووسەری باش، بەڵام کولتووری بوێژی و زارەکییانە لە پەراوێزی "خۆمان و ئەوی دی"مان چەقاندوومانی و بەوە ڕازی و سەرفرازین کە بخوێنینەوە و بڵێینەوە بۆ یەکدی!! ئێمە بە زار و پێکهاتی زارەکی شەوانە و ڕۆژانەمان وەرگێڕان دەکەین، کەچی ئەدەبی کوردی بەو هەموو تامەزرۆییەی خوێنەر و ڕۆشنبیری فارس بە لاوازی دەچێتە بەر دەستیان یان هەر ناچێت و وەکوو باسێکی دەستی "با"، گەورەیی و هەراویی و جوانی‌ناسانەبوونی ئەم ئەدەبە دوورێک دێت و نزیکێک دەچێت و بەر گوێیان بکەوێت یان پشت گوێیان بخزێت؟! "با" ئاگادار بین! هاکوو ئەو ڕۆژە گەیشت ئەم وەرگێڕانە زارەکییانە وا لە خوێنەری تامەزرۆی فارس بکات کە ئەدەبی کوردی ڕووکەشیانە ببینێتەوە!"ساڵەحی وتی: چەند ساڵ لەمەو پێش فریشتە ساری؛ ڕۆمان‌نووس و شاعیرێکی بەتوانای هاوچەرخی فارس، پێی گوتووم: کە ئەم شێعرانەی شێرکۆ بێکەس نین لە قەوارەی ئەو بانگەشە و

پێداهەڵگوتنانەی کە کوردەکان و هۆگرانی دەیکەن، ساڵەحی درێژەی دا: ماوەیەک دوای لە چاپدانی "سلێمانی و بوولێڵی جیهان" تێپەڕی و دیسان فریشتە ساری پێوەندی گرت و گوتی: بە پاستی شێرکۆ بێکەس لە سەروو و ئەوپەڕی پێداهەڵگوتن و بانگەشەکانیشە!" هەڵبەت وەکوو دیارە ئەم وەرچەرخانە دوای بینینەوەی نوسخەی وەرگێڕانی باشتری بەرهەمەکانی بێکەس بوو، ئەمە نووسەرێکی فارسە کە بە هۆ و لە ڕۆچنەی وەرگێڕانەوە بۆچوونەکانی وای لێدێت و وەرچەرخانی بەسەردا دێت و دەکەوێتە ناو "چەرخاو و گەردا"ی وەرگێڕانەکانەوە، ئەی خوێنەرە ئاسایی و نانووسەرەکە بەرەو کوێ دەتلێت؟! بەرەو کام گراداف و جەیحوونی نادیار دەچێت؟[۳۹] ڕەخنەگەلێگی تووندی لە ئەحمەدی شاملوو گرت و ئەو ڕەوتەی کە شاملوو بە ناوی شێعری سپید و لە ڕۆچنەی وەرگێڕانی شێعری فەرەنسییەوە بونیادی نابوو، ڕەت کردەوە و بە (لاڕێگەیەکی ڕاستنوێن!) ئەژماردەی کرد! دژی هێرشی ئەمریکا بوو بۆ سەر سووریا و گوتی نەک لە بەر ئەوەی کە هاوهەڵوێست بم لەگەڵ ئەو سیستەمانەی کە حەز ناکەن هێرش بکرێتە سەر سووریا! بەڵکووو ئەوانە سەرمایەدارانی زاڵمی هەستی و کائیناتن و هەروەها...

منیش بیرم بە لای کاریگەرییە کوشندەکانی ڕەوت و ئەندێشەی چەپ لە ئێران و ناوچەکەدا چوو و خەیاڵی بەرەو قەفی سمێڵی چوو کە ئایا هێمای سروشتی بوون و سادەڕوحی بوونی لوڕانەیە[۴۰] یان نیشانەیەکە بۆ ئەندێشە یان "باوەڕ[۴۱]"ی چەپ و "چینی[۴۲]" پرۆلتاریایەک کە ئەم لە قەوارەی ئەدەبی دەربەستدا بۆیان دەهۆنێتەوە و ئەوان تا بینەقاقا لە سەرمایەداریدا نوقم بووگن! لە پاڵ ئەوەشدا بیرم بەرەو لای قژە درێژ و سپییەکەی چوو کە هێمایەکە لە خۆم!باسەکانمان بە نیوەچڵی مایەوە و کەوتە کات و ساتانێکی تر. دوو گۆڤاری کوردیم بە دیاری لەگەڵ خۆم هێنابوو بۆی، واژۆم کردن و بە ناوی شێعر و کوردستانەوە بە دیاری و بۆ یادگاری پێم دا، یەکیان ژمارە ۸۲ی گۆڤاری هەنار، ساڵی حەوتەم و ئەوی دیکەیان ژمارەی ۸۱و۸۲ی گۆڤاری زرێبار(فایلی تایبەت بە مێژوو) کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچێت. پاش گرتنی چەند وێنە و کورتەباس و دووانێک لە گەڵ چەند قوتابی ئەو کارگە شێعرییەی سەید عەلی، ئیزنی بە ڕێکەوتنم خواست و وا دەرکەوت ئێمە زۆرتر لەیەک نزیک کەوتین، بەڵام جیاوازی نەوتراوەی زۆر و وتراوەشمان فرە بوو! پاش لە ئامێزگرتنی یەکدی مالاواییم کرد، بەڵام نیگای چاوەڕوانی شێعر و زمانی کوردی بوو.

کۆتاییەک بە"بۆن"ەی "بۆن"ێکی "ڕەنـــگـــــدان"ی، بۆ کۆچێکی سپی بە ڕێگایەکی ڕەش و سپی، وەکوو شێعرێکی...

(شێعرێکی سەید عەلی ساڵەحی بۆ مامۆستا شێرکۆ بێکەس)

وەرگێڕان: عادڵ قادری

شێرکۆ...[۴۳]!	لە زووتر	سەفەر کردووی وشە شەهیدەکان
شەو، تاریکایی، تاراوی[۴۴]	شاعیرێک	تەوافچی بێزەوین،
مرۆڤ	لە سپێدەی سلێمانییەوە هەڵدەسێت	لەم سەرزەمینەوە
پەژارە، ئازادی، هیوا!	دەبێتە پێش مەرگی ڕووبار و باران و بەنەوشەبۆ	ئەو سەرزەمین...!
(بە درێژایی تیلماسکی ڕێگا	نوشتەنووسی خەونەکان	هەڵبەت، هەنووکەش بۆ شوێنێکی دوور
تارمایی	دەستێکی گۆرانی بۆ تاریکایی	نەڕۆیشتووە،
بە دووی تەونەگەری دەربەندی پەپوولەدا	دەستێکی ستران بۆ تارا"و/ی" ی:	دەست بخەنە سەر دڵی منداڵانی کورد:
دەکشا.)	دەمیشق، بەسرە، ئیستەموڵ	شێر...کۆ...شێر...کۆ...شێر...کۆ!

دەیان گوت: ئۆوەیسی قەرەنی بەخەو دیتوویەمۆسکۆ، واشەنگتۆن، تاران، ئۆستۆکهۆڵم

دەسپێکی وتووێژ



١.سەرەڕا و لە سەرووی هەموو ئەو پێداهەڵگوتنە ورد و درشتبێژانە کە سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی ئێراندا هەیە کە بە ڕڕاستیش دروست و بەجێن، مامۆستا بێکەس تا چەندە لە ژێر تیشک و سێبەری! بەرهەمەکانیدا، ڕووبەر و ئاسۆی دەرکەوتووە و ناسراوە؟ ئەگەر ئەم ناسراوەتییە پێویست و تەواو و شیاو نیە، هۆکارەکانی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

وڵام: تا پێش لە کۆمەڵە و هەڵبژاردە شێعری "سلێمانی و بوولێڵی جیهان" لە زمانی فارسیدا جارناجارێ شێعرێک لە شێرکۆوە دەبیسترا (زۆرتر بیستراوانە)، ئەم کۆمەڵە هەڵبژاردە یارمەتیدەر بوو لە ناساندنی شێرکۆ بە جیهانی شێعری لە ئێران. بەشێوازێکی سەربەخۆ و یەکە کتێبێکم لە مامۆستا نەدیوە. ئایا بۆ ناساندن و پێناسەکردنی شێرکۆ بێکەس، هەر ئەم چوارسەد لاپەڕە شێعرە بەس و شیاوە؟! ئەم کەڵە شاعیرە حەوت هەزار لاپەڕەی نووسراوەی هەیە. پەرش و بڵاو و کەم و کورت، هەڵبەت بەرهەمانێک لە شێرکۆ بێکەس وەرگێڕدراون کە لە تیراژگەلێکی بچووکدا، کە ئەوەش تەنها گەیشتۆتە دەستی کەسایەتییە تایبەتە فەرهەنگییەکان وەکوو شاعیران، بەڵام گرینگ تەواوی خەڵکە نەک تاقمێکی کولتووری، لە ئێرانی ئێمەدا خەڵکی مێژوویی، خەڵکی کولتووری، خەڵکانی شێعردۆست هەن. شاعیرانێک (لە زمانانێکی دیکە) کە شێعرەکانیان ناودارتر و بەناوبانگتر لەو کەسایەتییانە وەکوو لەنگەستۆن هیووز، و شاعیرانێک هەن کە کەسایەتییان بەربڵاوتر و ناسیاوتر لە شێعرەکانیانن وەکوو فیدریکۆ گارسیا لۆرکا، شێرکۆ بێکەس، ئۆکتاڤیۆ پاز. هیوادارم هەر لەم دیالیکتیک و دانووستانە کولتوورییانەدا، لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا، لە هەر دوو لاوە زۆرتر وەربگێڕدرێت و لەوانەش شێعرەکانی شێرکۆ بێکەس و شاعیرانی تری گەورەی هەرێمی کوردستان، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، کەژاڵ ئەحمەد، ڕەفیق سابیر و...کە ئێستاکە لە زەینمدا نییە و ئێوە باشتر دەیانناسن. وەرگێڕگەلێکی وەکوو ڕەئوف مورادی، کەریم موجاوری، حەڵەبجەیی، جەلیلییان، فەریاد شیری و (ئەم ناوانە لە دەستنووسەکەی-وڵامی پرسیارەکان‌دا، سالحی وای نووسیبوو و منیش دەستکاریم نەکردن. وەرگێڕ)... وەرگێڕانگەلێکیان کردووە کە دەبێت بە شێوەیەکی بەربڵاوتر درێژە بەو کارە بدەن. هەڵبەت هەر بە تەنها وەرگێڕان و هەڵگەڕاندن گرینگ نییە، وەرگێڕان دەبێت پڕ بڕست و بە وزە، تەندروست و کاریگەر-، دەقاودەق وەکوو شێعرە ڕەسەنەکە-ڕوو بدات، ئەگینا وەکوو نامیلکەیەکی لێدێت لە تیراژێکی هەزار دانەیی و دواتریش ون دەبێت، بێکاریگەری و لە یادچوو و فەرامۆش کراو، ئیشی لاواز لە وەرگێڕان‌دا بڵاو نەبێتەوە، باشترە. چوونکوو هەم ئابڕووی شاعیر و هەمیش ئابڕووی خودی وەرگێڕ دەکەوێتە مەترسییەوە.

٢-پ:بۆچی لە ئێران ئەدەب و بەتایبەتی شێعری کوردی لەگەڵ شێرکۆ بێکەس‌دا گەشەی کرد و ناسرا؟ ئەمە لە حاڵەتێک دایە کە ئەگەر بە ڕوانینی نێوان دەقیی میخاییل باختیین چاو لە دەق بکەین، شێرکۆ داهاتوو و داهێنراوی دەقەکانی پێش خۆی و بەتایبەت کەڵەشاعیرانی کلاسیکی کوردیی بوو کە جیهانی کورددیان لە سەدەگەلێکی پێشترەوە بۆی گێڕاوەتەوە. شاعیرانێک وەکوو حەزرەتی نالی، مەحوی، شێخ ڕەزا تاڵەبانی، ئەحمەدی خانی،حوسێن حوزنی موکریانی و حاجی قادری کۆیی و هتد... زمانی شێرکۆیان شکڵ دا و خودی شێرکۆش لە دووتوێ و ناوئاخنی دەقەکانیدا ئاماژەیان پێدەدات.

و: مەبەست و واتەکانی میخاییل باختین چ پێوەندییەکی لەگەڵ خەونەکان و خەڵکی ئەم دەڤەر و ناوچەیە هەیە؟! هەر بوون و ئامادەگییەک لە جیهانی خۆماڵییانەی خۆیدا دەگاتە مەبەست و ئامانج، بەتایبەتی لە شێعردا. من ڕێزم هەیە بۆ بیردۆزی و تیۆرەکانی پێکهاتەخوازانی ڕووسییا، بەڵام پێکهاتە قوواڵ و هەراوە زەینی و زمانییەکانی ئێمەی خەڵکی ئەم دەڤەرە میکانیزم، ئامێر، ماکە و هۆکاری خۆی هەیە و هەر بەو شێوەیەش پێناسە و بەرئەنجام و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە و هەڵدەگرێ. شێعرێک کە دەرهاوێشتە و دەرئەنجام و بەریی تیۆری ئەم و ئەو بێت، بە کەڵکی تاقیگە و لابووری تایبەت بە هیپاتیتی زەینی دێت. تیۆری ئێمە شۆڕش و هزر، ستران و یاخیبوون، داهێنان و ڕابوونە، ئەمەش لە هەموو ساتێک لە نێو ناخی زمان، بابەت، گێڕانەوە، شکڵ، پێکهات، لە فۆرم، لە فام و تێگەیشتن و لە بەرهەم ئانیندا هەبوونی هەیە. لە کات و ساتی داهێنان و خیلقەتکردندا، وەگێڕ و دانەر بۆ ئەم و ئەوێک کە بە شوێن خۆنواندن و گیفەگیفی زانستی تیۆریک و زمانی دەستکرد و تۆپزییانەی خۆیانن، هیچ نرخ و بایەخێک دانانێت. کاتێک نالی و حافیز و شاملوو و شێرکۆ بوونیان هەیە، باختین و ئەوان دۆڕاو دادەمێنن. بەرهەمی ئەم گەورانە (باختین و...) تەنها بە کاری زانستگا دەوڵەتییەکان دێت، نەک شاعیرێکی داهێنەر و خوڵقێنەر! خۆگلاندن و تێکەوتن لەم بابەتانە وەکوو ئەوە وایە کە سەرتاپا جلوبەرگی کوردی لەبەر کەین و ئەوجار بۆیینباخێکیش هەڵبەستین! ئایا منداڵانی کورد بە ئاوەها بیچم و تەرحانێک پێکەنینیان نایەت؟ ماوەیەکی کورت یەک دوو کەسێک بە پەنابردن هەر بۆ ئەم "شۆخیی"انە، زۆر و زەبەندانێکیان لە ئێراندا پێکەناند، بەڵام خەڵک نەیانبینی و ڕەتیانی کردەوە. خەڵک بۆ من گرینگن، "خود"ی کۆیی گرینگە. شێعری مامۆستا شێرکۆ لە ئیچراندا جێگەی خۆی دەکاتەوە و وەردەگیرێت، چوونکوو زۆر و لە گوڕ سادیق و ڕاستەقینەیە، و هەستیار لەهەمبەر ڕوحی شێعر، گیانی شێعر، جیهانی شێعر. باختینەکان تیۆرەکانی خۆیان لە ناخی و ناوکی شێعری شاعیرانێکی وەکوو بێکەس دەبینەوە، نەک بەپێچەوانەوە! خەڵکی پێشڕەو و سەختپەسەندی ئێران-لە زمانی فارسی-شێعری شێرکۆیان پەسند کردووە و داکۆکییان لە سەر کردووە. ئەمەی کە ئەو کلاسیکە خۆ کێوەکانی قەندیلیش کلاسیکن[٤٦]!

٣-پ: تا چەندە پرس و بابەتگەلی شوناسیی و میژوویی‌تان لە بەرهەمەکانی شێرکۆدا بینیوەتەوە؟جیا و جگە لەوەی کە شێعر لەگەڵ جەوهەر و کرۆکێکی ئینسانی‌دا بەرەوڕوویە و زمانی جیهانگیر و وەکوو دەڵێن: بە زمانی ئیسپرانتۆ(زمانێکی یۆنیڤێرساڵ و گشتی کە فەیلەسووفانی ڕێبازی فەلسەفەی شیکارانە لە سەودا و عەودالی ڕۆنانی دەژیان)ی ئێمە دەژمێردرێت، چاو لەم پرسیارە بکەن.

و: بۆ تێگەیشتن و فامکردنی ئاوەها نیشانەگەل و هێماگەلی شوناسانە پێویست و حەوجێ بە لێکۆڵین و شیکاری و لێکدانەوە نییە. شێعرێک کە لە بنەوەڕا و لە کرۆکی خۆیدا سەرچاوەی ئاوەها شوناسگەلێک نەبێت، شتێکە لە ئاست و ڕادەی "کا (پووش)"، پووش و وشە! کاتێک من دەڵێم: "شێعر" واتە هەموو شتێک لەوپەڕی بەرزی و کەمالّی خۆی دا. ئەگەر هیچ ناوونیشانێک لە کوردستان و نەتەوەی کورد لە سەر زەوی‌دا نەمێنێتەوە، بە گەڕانەوە و بەسەرکردنەوەی نووسینەکان و شێعری نالی، مەحوی و شێرکۆ دەشێت و دەکرێت هەمدیس ئەم بەش و کەرتە لە جیهان و ئینسان یەک یخەینەوە و دای

بهێنینەوە. لەمە گرینگتر؟! بە بەرە گەنجەکانی تریش بڵێین: نەکەن بکەونە بەر شەپۆلی ترس و سامی ئەم لێکدان و ڕێکەوەندە هاوردەیی و غەوارە و بێهوودەیە. شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئینسان و جیهان ئەوەندە ئاڵۆز نییە کە بڕۆینە لای بۆ نموونە (فەیلەسووفانی شیکارییەوە). خۆنواندن و بریقە وەبەر خستنی خۆ لە زمانداو لە ڕێگەی ئەم وشە و لێکدانانە سەپاوەوە تەنیا منداڵان ڕادەچەنن و دەترسێنن. مرۆڤی داهێنەر و پڕ زانیاری دەبێت بە زمانێکی سادە و ساکار و بێتوێکڵ بێتە ئاخافتن.

٤-پ: ساڵەحی و بێکەس شوناسی زمانییان کە دەنگدەرەوە و نواندنەوەی ئەزموونی جیهانییان بە ناوی شێعرە، تا چەندە پێکتەنراو و تێکتەنراون؟ دەمەوێ وەکوو لوڕێک یان بەختییاریەک چاو لەم بابەتە بکەن. من کاتێک لە پێگەی خوێنەرێکدا شێعرگەلێک لە ڕابردووی دیرۆکی و مێژوویی خۆم دەخوێنمەوە کە کەشوهەوا و جوش و خرۆشێک لەگەڵ خۆیدا دێنێت کە ڤێکچووە لەگەڵ ئەو ساتانەی کە شێعری کچۆڵە و مانگی لۆرکا بە وەرگێڕانی شاملوو دەخوێنمەوە و ئەو نموونەیەش کە لە فۆلکلۆری لوڕی لە پێشەکیدا بۆتانم هێناوە، دەشێت لەم دۆخ و حاڵەتە جێگیر و دابەشکاری بکرێن.

و: سەرەڕای لوتفی ئێوە، دان بەوەدا دەنێم کە لە نێوان من و ژیانی کورد و مرۆڤی کورد مەودایەک نییە. ڕەگ و ڕیشەکان هاوبەش نین، بەڵکووو "یەک و یەکێ"کن. لقەکان و سەر دار و سەر ڕیشەکانیش لە یەک هەتاو هێز و وزە دەگرن. هەمووی ئێمە گرێدراو و پەیوەستی (گوتار و وتارەکانی زاگرۆس)ین. پۆژهەڵات و پۆژئاوا و باکوور و باشوور، ئەم زنجیرە چیایە لە پێگەی (دایکێک) تەنها یەک داوێنی هەیە بۆ فێرکاری و پەروەردەی پۆڵەکانی.

٥-پ: ئایا وەرگێڕە کوردەکان ڕۆڵی دروست و ڕاستەقینەی خۆیان بە ئاڕاستەی گەیاندنی واتە و تێم و ناوەرۆکە شێعری و ئەدەبییەکانی ئەدەبی کوردی بۆ ناو ئەدەب و کۆڕە ئەدەبییەکانی فارس گێڕاوە؟ ئەگەر نەیانگێڕاوە پەیام و قسەتان لەو بارەوە چییە؟

و: هێشتا زووە لەسەر ئەم "پێدراو و پێ بووگە[٤٧]" قسە بکەین و داوەری بکەین. وەرگێڕان کارێکی ئەستەمە، بەتایبەتی وەرگێڕانی شێعر. کەسێک کە خۆی شاعیرێکی پرۆفیشێنااڵ و پسپۆڕ نییە، مافی ئەوەی نییە شێعر وەربگێڕێت، ئەگەریش ئەوەی کرد دەبێت لە شاعیرە بەتواناکان کەڵک وەربگرێت، یان لانیکەم دووبارەبێژی و دووبارەداڕێژی بکرێت. کەسێک کە ڕێبەری ئۆرکێسترا نییە، تەنها ئەوەی کە دەتوانێت (نۆت)ەکان بخوێنێتەوە، ناتوانێت (سەمفوونی پێنجەمی بێتۆڤێن) بەڕێوە ببات و بیژەنێت. کەسێک کە دەتوانێت خۆمالێیانە هەڵپەڕێ و دیلان بکات، تەنها لەبەر ئەوەی کە دەتوانێت خۆی بجووڵێنێتەوە، ناشتوانێ سەما یان هەڵپەڕکێی "ئیزادۆرا"... ئەنجام بدات و پێشکەش کات. شێعر ناسکتر و تەنک و تەرچک[٤٨] تر لە مۆسیقا و سەمایە، وەرگێڕ دەبێت جادووکار و سیحرباز بێت لە شێعردا، ساحیر بێت لە وشەدا تا بتوانێت، ڕاستیی و حەقیقەت بەتەواوی پێناسەکانییەوە بگوازێتەوە و بیپەڕێنێتەوە. لە بابەت و کردە و بکەرێکی[٤٩] وەکوو شێعردا تەنها وەرگێڕان بەس و شیاو نییە، دووبارە داڕتنەوە و نۆژەندنەوەیەتی کە پاش وەرگێڕان گرینگە.

٦-پ: تا چەندە لەگەڵ زمانی کوردیدا ئاشنایەتیتان هەیە؟ ئەم ئاشنایەتییە تا کۆێندەرێ جێگەی باوەڕ و متمانەیە بە ئاڕاستەی خوێندنەوەی شێعرێک کە تەواو بە زمانی کوردی هاتۆتە هەڵبەستن و هۆنین؟ مەبەستم لە شێعری تەواو کوردی ئەوەیە کە شێعرێک بێت کە بەپێی توخم و ماکە و پێکهات و تەنانەت ناوەرۆکە ئینسانییەکان و بە شێوەیەکی قووڵ لە هەناوی کۆمەڵگا و مێژووی کورد هاتبێتە بەرهەم و ڕووداو و هەر بە گوێرەی ئەوەش لە زمانی کوردیدا خۆی دەردەخات و بکەوێتە لەنجان و بریق و باق.

و: من وەرگێڕ نیم، لەگەڵ و لە تەنیشت وەرگێڕە کوردەکانداا شێعری مامۆستا بێکەسم داڕێتەوە و نۆژەندوومەتەوە. کاریگەرییەکە لەوپەڕی والاّیی خۆیدا بوو. خاتوو فریشتە ساری(شاعیر و ڕۆمانnووسی ناوداری ئێران) پاش خوێندنەوەی "سلێمانی و بوولێڵی جیهان" بە منی گوت: (لێرە و لەوێ دەمبیست کە شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی گەورەیە، بەڵام شێعرەکانی بە دڵەوە نەدەنیشتنەوە، ئێستا بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە هەڵبژاردە شێعرییە، تێدەگەم کە شێرکۆ بەڕاستی شاعیرێکی مەزنە! وەرگێڕان و نۆژەندن[۵]، واتە ئەوپەڕ و کەماڵی کارەکە! من لەگەڵ زمانی کوردیدا ئاشنایەتییەکی ئەوتۆم نییە بەڵام تا ڕادەیەک لێی تێدەگەم چوونکوو لە زاراوەی لوڕی (بەختیاری) نزیکە، یان بەپێچەوانەشەوە!

۷-پ: لەگەڵ ئەدەبی کوردی بە مانا بەرین و ئەوڕۆییەکەی واتە هەر لە شێعر و پەخشانەوە بگرە تاکوو دەقە زانستی و فەلسەفییەکان، تا چەندە ئاشنایەتیت هەیە؟(ئەدەب بەم واتەیە لە کتێبی تیۆری ئەدەبی یۆهان ویلم بێرتنێز، وەرگێڕانی فەرزان سجوودی کە لە زمانی ماتیۆ ئارنۆڵدەوە دەیگێڕێتەوە، مەبەستمە) واتە لە هەر ڕێگەیەکەوە کە لەم ئەدەبە ناسیاوەتیت پەیدا کردووە چ لە ڕێگەی خودی زمانی کوردی یان فارسی و ئینگلیزی گرینگ نییە، تەنها سنوور و کەوشەن زانیاری و ئاگاداریتان بۆمان بدرکێنن و تێڕوانین و هەڵوێستتان بۆی چۆنچۆنینە؟

و: هەر چییەک تاکوو ئێستا وەرگێڕدرابێتە سەر فارسی (باش یان خراپ لە وەرگێڕانیدا) خوێندوومەتەوە. لە شێعرەوە بۆ ڕۆمان و...، هەڵوێستێکی تایبەتم نییە، جگە لەوەی کە وەکوو وایە و وا دەنوێنێت کە من پێشتریش ئەم دەستکەوت و بەر(داهات)انەم خوێندۆتەوە. هەر هەمان جیهانی هاوبەش و گوتاری زاگرۆس، ئاوەها هەستێک لە منیدا دەوروژێنێت، شوناسەکان "یەک و یەکێ" کن.

۸-پ: ئێوە وەکوو شاعیرێک، یان وەکوو مرۆڤێک کە "دەخوێنێنەوە و دەنووسن کەواتە هەن"، لە کلاّوڕۆچنەی تێگەیشتن و فامی خۆتان لە شێعر و ئەدەب و زمانی کوردی، تێڕوانینتان بۆ لێکدانی ئینسانناسانەی "شوناسی کوردی" کە بە شێوازێکیش گوتاری زاڵی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیی تەنییەتەوە، چییە؟ ئەم پرسیارە پسپۆڕانەیە و تا ڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی بازنەی باسەکەمانە، بەڵام بە بۆنەی ڕەنگدانەوە و دەرکەوتنی ئەدەب و شێعر لە بەشێک لە پێکهاتی شوناس و پێوەندی دیالیکتیکیانەی ئەم دوو وتەزایە، دەتوانین بیەڕژێینە سەری و لەم ڕوانگەیەوە وڵام بدەنەوە.

و: پێشتریش ئاماژەم پێدا. مرۆڤ بۆ من مرۆڤە. ئەگەر سرنجت دابێت کە حەتمەن سرنجت داوە! وڵامی ئەم پرسیارەم بە شێوەی ئاماژەیی و پەراوێزی لە جوابی پرسیارەکانی پێشوودا باس کردووە. لە فرەپاتی دەبێت هەڵ بێین و خۆ ببوێرین! ئێمە ئامانجمان ئەوە نییە خوێنەر بتۆقێنین و بەردەنگ بترسێنین. لە وتووێژیشدا دروست نییە کە لێدوان و قسەوانی بەسەر خوێنەر و بەردەنگ و هۆگرانیدا بسەپێنین.

۹- پ: شێرکۆ لە یەکێک لە بەرهەمەکانیدا بە ناوی "ئافات" کە بەداخەوە لە بەستێنی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیشدا بەهۆی هەندێک بۆشایی بە شێوازێک چڕوپڕ و شیاو نەپڕژاوەتە سەری، بە گێڕانەوەیەکی دیرۆکی۵۱-شێعری جەمسەرە شوناسییەکانی خۆی هەڵدەپێکێت بە زەردەشت و مەلەک تاووسەوە(کە خودای ئیزەدییەکان یان یارسانییەکانە" ئایینێکی کۆنی کوردییە کە دوای هاتنی ئیسلام و موسڵمان بوونی زۆرینەی کوردان لایەنگران و پێڕەوانی لە دەست دا و هەنووکە پێڕەوانێکی سالیک و ڕێڕەوی هەیە)، وا دەگێڕێتەوە کە دوای هاتنی ئیسلام کچێنی "ناهید"(یەکێ لە کەسایەتی و کاراکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە شێعرە، و تاقانە کەسی جێگەی پیرۆزی و ستایش و پەرستشی ئەهورامەزدا) و پیرۆزایی موغەکان و ڕووناکایی نوور، وەکوو مەسیح لە خاچ دراو دەبینێت، ناهید، کچە چاوسەوزی میدیایی لە تەنیشت مەسیح و حەللاج و ژاندارک و... لە یۆتۆپیا و شارەخەونێکی نادیار و بێسەروبەر پێک دەگەن و... لەم بارەیەوە تۆزێک بدوێن؟

و: پێوەندییەکی لەگەڵ شێعر و وەرگێڕاندا نییە. من ناپرژێمە سەر ئەم باس و خواسانە. تکایە لە شوێنێکی دیکە گەڵاڵەی بکە و بیخە ڕوو!

١٠-پ: شکڵ و پێکهاتی شێعرەکانی مامۆستا بێکەس بە ڕۆمانە-شێعر ناوی دەرکرد و بە ڕاستیش جێکەوت، بە شێوەیەک واتە ئەگەر شێرکۆ ماوەی چەند کاتژمێر بۆ بەردەنگ و گوێگری گشتی شێعر بخوێنێتەوە بە دەگمەن شەکەتییان تێدا دروست دەبێت و ئەمەش بە جاروبار سەلماوە، تا چ ڕادەیەک ئەم پێکهات و شێوازە شێعرییە دەناسن و بە لاتانەوە باشە؟

و: شانامەی فیردەوسی و خەمسەی نیزامی گەنجەویش هەر بە (شێعر-ڕۆمان) ئەژمارده دەکرێن(لە شێوازناسی شێعری کۆندا)، شێرکۆ بێکەس لە چاخ و سەردەمی ئێمە و لە زمان و بیچم و پێکهاتی مۆدێرنی شێعری نوێدا ئەم شێوازەی بووژاندەوە و زیندووی کردەوە. شێعری درێژی (ئەفسانە)ی نیمایۆشیج - یش هەر ئەمەیە. لە بنەمادا ڕوحی گێڕانەوە و چیژی گێڕانەوەی هەڵگریی لە ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و نەتەوەکانی ئەم ناوچە و دەڤەرە لە پێگە و شوێنگەیەکی ئەزەلی و ئەبەدی جێدەگرێت. شێعر-ڕۆمان دیاردەیەکی جیهانی و مێژوویی و بەشەرییە. ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمەریش هەر ئەمەیە. بەرهەمەکانی شیکسپێریش (نواندنەوەی شێعر)ن. (بەردی هەتاو) ئۆکتاڤیۆ پازی مەکزیک - یش دیسان هەر ئەمەیە. شاعیرانێک لە جیهانی ئەمڕۆییدا بووگن و ئێستاش هەن کە دەستیان داوەتە وەها هەوڵ و تێکۆشانێک، بەڵام خۆ هەموویان وەکوو شێرکۆ-لەم چەشن و شێوازە ئەدەبییەدا- سەرکەوتوو نەبووگن. شێعری درێژی "میوانیی" ئەحمەدی شاملووش هەر لەم چوارچێوە و قەوارەیەدا دەگونجێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. گارسیا لۆرکاش ئەزموونگەلێکی لەم بوارەدا تاقی کردەوە.

١١- پ: وەکوو شاعیرێک یان بە دەربڕینێکی مارتین هایدیگەریانە وەکوو "دازاینێکی بووگ بار٥٢" کە لە شێعردا ماڵی خۆی ڕۆ دەنێت، ڕۆڵ و دەوری کارەسات و لێڕەدا کارەساتی حەڵەبجە کە لە چەند سەد کیلۆمەتر ئەو لاتری سنووری ئێران لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕووی دا، لە جیهان و شێعرەکانتاندا چۆن بووە و چ ڕەنگدانەوەیەکی هەبووە؟ و ئەگەر نەیبووە بۆچی؟ ئێوە لە پێوەندی نێوان هونەر و کارەسات داکۆکیتان کردووە و پێتان وایە کارەسات وەردەگێڕێتە سەر زمان و پێکهاتی داهێنان(هونەری، ئەدەبی و...).

و: شێعری "خوتبەی حەلەبجە"م لە کات و ساتی ڕوودانی کارەساتی حەڵەبجەدا نووسی. کاریگەری ئەم خەمە ناکۆتایە هێشتاش هەر ماوە. جیهانی چارەسەر هەڵنەگری ئێمە لە گەڵ ئێشوئۆفدا دەقی گرتووە و بە ڕەنج داهاتووە. هەر بەم هۆیە مرۆڤی سەرکەوتوو "هیوا"ی داهێناوە یان ئومێدی ئافراندووە. ئافراندنی هونەری ڕەگ و ڕیشەی لە تەواوی لایەنان و ڕەهەندەکانی چارەنووسی زەمین و زەمان و ئینسان دایە، و کارەسات و تراژێدیش بەش و پاژێکن لە جیهانی ئێمە، کە تاو نا تاوێک، دەبن بە ئاخێزگە و خواستی داهێنان و ئافراندن.

١٢- پ: لە ئەدەبی چیرۆکیی و بەتایبەتی ڕۆمانی کوردی چەندە ئاگاداریتان هەیە؟ شۆڕشگەل و بزووتنگەلێک لە بواری چیرۆک و ڕۆمان لە ڕێگەی نووسەرانێکی وەکوو شێرزاد حەسەن، شارام قەوامی، بەختیار عەلی، هیوا قادر، حسەین عەلی، فەرهاد پیربااڵ، عەتا نەهایی و... لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور هاتوونەتە ئاراوە و کاریگەرییان بە ڕوونی لە سەر کۆمەڵگا و گوتاری کوردی دیارە.

و: پێشتریش عەرزتم کرد کە هەرچی وەرگێڕدرابێتە سەر فارسی، خوێندوومەتەوە. بەرهەمەکانی هاورێم؛ فەرهاد پیربااڵم لا باشە و جێگە پەسندمە، ڕۆمانی بەختیار عەلی بێهاوتایە. بەختیار عەلی چەند مانگ پێش زەنگی لێدا، و تەلەفوونی پێکەوە قسانمان کرد و ئاشنا بووین، تا دواتر ئەگەر تەمەن و دەرفەتێک بوو، دیدارێک پێک بێت.

۱۳- پ: چەند ساڵ پێش لە کۆڕێکی خۆمانی و دۆستانەدا د.فەرهاد پیرباڵ پێی گوتم کە بڕیارە سەید عەلی ساڵەحی ببینم و دانیشین پێکەوە، پێوەندیتان لەگەڵی چۆنە و ڕۆڵی پیرباڵ لە ناساندنی ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینن؟

و: فەرهاد هاتوچۆی ئێران دەکات، لە کارگەی شێعری منیدا لە تاران شێعری خوێندۆتەوە، فارسیزانە. ئێمە دۆست و هاوڕێین چ تاران بێت یان سلێمانی، دیدارگەلێکمان پێکەوە بووە. بێقەراری و دانەسکنانە قەڵەمییەکانیم خۆش دەوێت. بێگومان لە ئاست و ڕادەی خۆیدا بۆ پێناسەکردنی ئەدەبی کوردی بە ئێمە فارس زمانگەل، کاریگەر بووە و ڕۆڵی باشی گێڕاوە.

۱۴-پ: ئایا ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی چەوساوە و سیاسەت پێکراو نەبووە؟ ئایا ئەگەر سیاسەتمەدارەکان و ئەکتەرانی پانتای سیاسەت، تۆزێک بایەخ بدەن بە زمان و ئازادی و مافی کەلکوەرگرتن و ئازادی زمانی زگماکی و "بوون" لە هەناوی ئەم زمانە، ئەدەبی کوردی لە ڕووبەرێکی واڵاتر و بەرزتردا دەرەوشانەوەی بە خۆوە نەدەدیت؟

و: ئێمە هەر لەو کاتەوە کە دێینە دنیاوە و لە دایک دەبین(سیاسی)ین. لێکدانی (سیاسەتزەدەگی) جۆرێک بێحورمەتییە. زمان، داهێنانێکی سیاسییە. نووسین دۆزینەوە و کەشفێکی سیاسییە. ئەدەب، دەقاودەق وەکوو سیاسەتە و سیاسەتیش دەقاودەق وەکوو ئەدەبە. گۆڵی(فریوی) ئەم دروشمانە مەخۆن. تەنها قوڕواقەکان لە مێرگدا سیاسی نین! ئەدەب بە بێ سیاسەت قەت نایەتە دنیاوە! هەناسەدان و هەناسەهەڵکێشان لە هەر بارودۆخێکدا سیاسییە. مەگەر ئێمە نائێین: (ئازادی قەڵەم...!) دەی بۆ خۆمان لەمانە ببوێرین؟ مرۆڤ بوونەوەرێکە پەیوەستە بە بیرکردنەوەوە، ئەوەی کە لە پێوەندی و هاوپرسەکی "ئەدەب و دەربەستی" هەڵدێت، مرۆڤ تا ڕادەی بوونەوەرێکی بۆش و بەتاڵ لە ئیرادە و خواست دابەزاندووە و سووکی کردووە. ئەوەی کە دەبێ لێی هەڵبێین(دروشم زەدەگی)یە، دروشمە و وشە وەک دەنوێنێت! هاوڕێیان دەبێت ئاگادار بن کە دروشم تڵت و بنکڕی سیاسەتە کە نابێ ڕوحی شێعری دەربەست و دەرەوەست، پیس و چەپەڵ بکات، ئەگینا سیاسەت دەقاودەق وەکوو شەرەف وایە، پەیوەست و لە بارەی ئەم وتەزا و بابەتانەوە نابێت (چەواشە فامی) ڕوو بدات.

۱۵- پ: بارودۆخی ئەدەب و شێعری ئەمڕۆی ئێران چۆنە و پێوەندی لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا لە چ ئاستێک دایە؟

و: لەوپەڕ خۆی، تایبەت بە خۆی، بێهاوتا! مەبەستم نییە بەراورد بکەم! بەڵام ئەدەبێ ئێمە درێژەی ئەدەبی ئێوە و ئەدەبی ئێوە درێژەی ئەدەبی ئێمەیە. لە ڕاستیدا ڕوحێکین لە دوو جەستەدا. پێوەندی نێوانیشمان بەرەو پەرەسەندن و گەشەکردن دەچێت. تا بیست و پێنج ساڵ لەمەو پێش هیچ خەبەرێک لەم پێوەندی و هاوبەکییە نەبوو، بەڵام هەم "هەرێم" و هەمیش ئێمە بە شێوەیەکی جیدی دیالۆگ و هەڤپەیڤینمان لەگەڵ یەکدا دروست کرد. ئەدەبی کوردیی درێژە و بەردەوامیی ئەدەبی تورک یان عەرەب نییە، ئەدەبێک سەربەخۆ و کاریگەرە کە بەردەوام ڕۆڵ و دەوری ناوچەیی و جیهانی خۆی بووە.

۱۶-پ: ئایا شێعر بە واتە ڕاستەقینەکەی تەنها لەو زمانانەدا ڕوو دەدەن و دەردەکەون کە خاوەنی سەرزەمین، وڵات، دەوڵەت، ڕێکخراو و نووسینگە فەرمی و سیستەماتیکەکانن یان نا؟ تۆزێک لەم بارەیەوە بدوێن.

و: شێعر... بەرهەمهاتوو و زاوزێی ئینسانە و بەس! سنوور و سەرزەمینی خودی و ناخودی و دەوڵەت و ڕێکخراو و شتگەلی لەم چەشنە لە کردەی بەرهەمهێنانی شێعردا ڕۆڵیان هەیە، بەڵام جەوهەر و کرۆک و ڕەسەنایەتی شێعر نین. شێعر لە سەرتادا بەرهەم هاتوو و لە دایکبووی ئینسانە، نەک شاخ و کێو و هەرد و ئاڵا و ماڕش و هێڵی پەڕینەوەی ڕێبواران...!ئەم ڕێکخراو و ڕێکخستن و ڕێککەوتنانە، بە دەستکردەکانی خۆیانەوە ناتوانن ئینسان و شێعر پێوەن بکەن و کۆیلەی کەن.

۱۷-پ: ئەم پرسیارەم سڕیوەتەوە بە داوای ساڵەحی...

۱۸-پ: بە ڕای ئێوە ئەحمەدی شاملوو بە پێداهەڵسان بۆ کۆکردنەوە و نووسین یان نووسینەوەی "کتێبی کووچە" کە بە داخەوە ناتەواو بە جێی هێشت، چ مەبەستێکی هەبوو؟

و: ئەم پرسیارە پێوەندی بە وتووێژەکەوە نییە، شێرکۆ و شێعری کوردی تەوەری باسەکەمانە.

١٩-پ: لە زەمانگەلێکی دوورەدەستەوە تاکوو ئێستا(هەڵبەت ئێستا بە شێوازێکی مۆدێرن یان پۆست مۆدێرن)سەرزەمین، نیشتمان و وەتەن یان خوازە و میتافۆرانێک لەم چەشنە تانوپۆی ئەدەب و شێعری کوردییان تەنیوەتەوە، تەنانەت لە شۆنێکدا ڕۆمانnووسێکی کورد دەڵێت: شێرکۆ نیشتمانە پارچەپارچە کراوەکەی لە شێعردا یەک خستەوە و دروستی کرد و لە ڕاستیشدا وا بوو(شێعری شیرکۆ هیچ سنووڕێکی دەستکردی لە نێوان کوردانداا نەهێشتەوە)، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو داهێنان و تازەگەرییانە کە لە ئەدەب و شێعری کوردیدا دێتە ئاراوە یۆنیقێرساڵ و ژووڕەنیشتمانی نین، بە ڕای ئێوە بۆچی ئەمەندە سەرزەمین یان"نیشتمان" لە گوتاری کوردیدا دەگێڕدرێتەوە؟ ئەگەرچی ئەمڕۆکە لە ژێر کاریگەری کەشوهەوایەکی کراوە و جیهانی ئەدەبی کوردیی مەدلوول و خاڵە ئاماژە پێدراوەکانی و خوازە و واتەکانیشی ئاڵوگۆڕیان بە سەر هاتووە و من هەندێ جار وا تێدەگەم لە شێعری شێرکۆ، بەختیار عەلی و جەماڵ غەمبار و...نیشتمان مانایەکی دەرهەست و ئەوپەڕ سەرزەمینی هەیە، یۆتۆپیایەکە کە لەوێندەرێ نیشانە و مانا و مەجاز و خوازەکان ئیمپراتۆر و سالارن نەک ئەو فۆرم و بیچمانەی کە لە جیهانی بەرهەست و کۆنکرێت، بوونی ئێمەیان گەمارۆ داوە. وا تێدەگەم گەیشتن بەو نیشتمانە گشتییە یۆتۆپییاییە لە ڕوانینی ئەم "نووسەرانەدا" بە هەناو و دەقی سەرزەمین و هەرێمێکی ڕاستەقینە بە ناوی کوردستانداا دەچێت و تێدەپەڕێت. لە ژێر تیشکی ئەم باسکاری و خوێندنەوەیەم بۆ پرسیارەکە بڕوانن.

و: ئەمە پرسیار نییە، لێدوانێکی زۆرە...

٢٠- پ: بۆچی سەید عەلی ساڵەحی سەردانی بنکە ئەدەبی و زانستگاکانی کوردستان ناکات و کۆڕ و تێیاندا کۆبوونەوە ناگێڕێت؟

و: بڕیار بوو لە سلێمانی لە ڕۆژی دەی پووشپەڕدا کۆڕێکم بۆ بگرن، ئەو کورده بەشەرف و گەورانە هەموو شتێکیان تەیار کردبوو، بەڵام داخۆ! من نەمتوانی بڕۆم. سەد مەخابن کە نەمتوانی بڕوم، ناخۆشی و هەژاران کوفت و زەهری ماری دیکە منیان شەکەت کردووە و لە گۆیان خستووم، بەشێوەیەکی بەردەوام "هەرێم" بۆ من لوتفی هەبووە، بەتایبەتی خاوەن قەڵەمان و ڕۆشنبیرانی سەربەخۆی ئەو سەرزەمینە. هەر ساڵ بۆ فیستیڤاڵی گەڵاوێژ داوەت دەکرێم، دەی دەبێت بتوان و لەش ساغ و تەندروست بم و...

٢١- پ: لە خۆتان و دنیای شێعری و هیوا و خەونەکانتان چیمان بۆ و پێدەڵێن؟

و: هێشتا زیندوو و پڕهیوا کار دەکەم. پێنج هەزار لاپەڕە شێعر لە من بڵاو کراوەتەوە، کە هەندێک لەم بەرهەمانە گەیشتوونەتە چاپی بیستویەک. شەش هەزار لاپەڕە "نۆژەنین"م هەیە کە لای خۆم وتوومە و بڕیارم داوە کە دواتر چاپ دەبێت. مرۆڤ یان دەبێت دۆڵپائاسا و بە زەبر و لە گوڕ ئیش بکات یان وەکوو مێروولە بڕووڵە بە شوێن بژێوی ژیانیدا.

٢٢-پ: جگە لە سەید عەلی ساڵەحی و کەسانێکی وەکوو شارام نازری و د.قوتبەدین سادەقی و سەعدوڵڵا نەسیری و هەندێک لەو کوردانەی دانیشتووی تاران(تەنانەت بە کورده فارس و قارسبێژەکانیش وەکوو د.جەلالەدین کەزازی) کە لە هۆڵی وەحدەتی تاران ئەم سەفەرەی شێرکۆیان بە شین گێڕایەوە، چ کەسانێکی تر لە کۆمەڵگای ئەدەبی ئێران مەرگی شێرکۆیان شینگێڕی کرد؟

و: من لە شوێن و جێگە دەولّەتییەکاندا ئامادە نابم، نەڕۆیشتم بۆ هۆڵی وەحدەت، بەڵام لە ئەنجوومەنی(غەزەل) کە ئەنجوومەنێکی سەربەخۆیە، لە بارەی شێرکۆ بێکەسەوە قسەم کرد، لەگەڵ ڕادیۆی سەرانسەریی بەلژیک و هەروەها ڕادیۆ سوێد و... وتووێژم کرد، بابەتەکانی من لە ئێراندا لە بارەی شێرکۆ بێکەسەوە بەگشتی لە پێنج ڕۆژنامەی پێشڕەو و

سەربەخۆ بڵاو کرایەوە و دەنگدانەوەی هەبوو، هەڵبەت ئەمە جگە لە گۆڤارەکانە. هەڵبەت دۆستان و هاوڕێیانێکیش بوون لە ئێرانـدا کە یادی شێرکۆیان بەرز ڕاگرت و ئەم یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنانەش گرینگ بوو. با ئەوەش بڵێم کە من لە مەرگی شاعیرانێکی وەکوو مامۆستا شێرکۆ نە ڕەشپۆش دەبم و نەیش شین دەگێڕم. نە شاملوو مردووە و نە شێرکۆ بێکەس ـ یش! مەگەر نالی و گۆران و حافز و مەولانا مردوون؟!

٢٣- پ: پەیامتان بۆ کومەڵ و کۆڕیی ئەدەبی و شێعریی کوردی چییە؟ ڕەخنە و باس و خواستان کامەیە؟

و: چ پەیامێک دڵنشینتر و باشتر لەم وتوویژە؟ سەلماندن و چەسپاندنی هۆگری و خۆشەویستی پێویستی بە سوێندخواردن نییە. پێشنیارم ئەمەیە کە "خەڵاتێکی بەرز و بەشکۆ و پڕ حورمەت" بە ناوی شێرکۆ بێکەس ـ هوە-لە هەرێمی کوردستان- ڕۆبنرێت.

٢٤- پ: ئێوە دوابەدوا و چەند ڕۆژ پاش مەرگی مامۆستا بێکەس یادداشتێکتان لەمەڕ ئەم کۆچەوە نارد بۆ ڕۆژنامەی "شەرق" و دواتر شێعرێکتان بە ناوی "شێرکۆ...!" بۆ "ئەو" هەر لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاو کردەوە، من بە خوێندنەوەی ئەم شێعرە تێگە و فامی ئێوەم لە "بنەوەڕا" یان بە وتەی دەروونشیکاران لە "ڕەوان بنە(ئیسکیما)"ی شێرکۆ و بە شێوازێک کۆمەڵگا و سەرزەمینی کوردستانم بینییەوە، بەتایبەتی کەڵک وەرگرتن لە وشەگەلێکی وەکوو دەربەندی پەپوولە، تاریکایی، بوولێڵ و سەرزەمین و... لەمەڕ ئەم شێعرەوە بۆمان بدوێن.

و: شێعرەکانی من دەرهاوێشتە و لە دایکبووی کت و پڕ و بەهەڵکەوتی جیهانن. لە پشت مێزی کار و نووسینەکەم دانیشتبووم و بابەتێکی ترم دەنووسی، لەناکاو و بە ڕێکەوت ئەو شێعرە لە دایک بوو، تەنانەت فاریزەیەکیشم ئەم لاو ئەو لا پێنەکرد. پێویستی نەبوو دووبارە بینووسمەوە، چوونکوو ئەم شێعرە بەتەواوی و ئامادەیی لە دایک بوو، ڕەشنووسی نەبوو، سپێنووسێک بوو بە بێپرد و گوێزەرەوەیەک بە ناوی ڕەشنووس. ڕۆژنامەی شەرق لە من بابەتی ویست، منیش گوتم: فەرموون! چ لە ڕێگای تەلەفۆنەوە و چ لە نزیکیشەوە پێشوازی لەم شێعرە بە ڕاستی سەیر و سەرسوورهێنەر و لەوپەڕی خۆی بوو، تەنانەت لە ڕۆژئاوا و ناوخۆی ئێران دەنگدانەوەکەی هێشتا درێژەی هەیە. ژمارەیەکیش هەن کە دەڵێن: ساڵەحی و شێرکۆ لە لایەن و ڕووی سیاسییەوە هاوتەریب و هاوڕێ نین، ئاخر چۆنچۆنی دەبێت دۆست و هاوڕێ بین و لە تێڕوانین و ڕوانگەدا دژ بە یەک؟! بە دەنک و دووان و تاک و تەرایەک لەو ژمارەیە کە لە پێگەی ولاّمدا بوون و بایەخی ولاّمدانەوەیان بوو، گوتم: "ئێوش ڕۆژێک باڵق و گەورە دەبن!"

٢٥-پ: قسە و بابەتی کۆتایی و ئاخرتان چییە؟

و: قسەیەکم نییە و هەر بژین کاک عادڵ!

سەرچاوەکان: لای گۆڤار پارێزراوە.

ڕێوڕەسمی کرانەوەی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد



ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەرز سیوچوارەمین کۆڕی حەفتانە و یەکەم کۆڕ لە ژێر ناوی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد لە ساڵی ٩٢ دا لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەم ناوەندە بەڕێزان هەرمان وەتمانی و شەویار گولابیئازەر دەستی پێکرد. بەپێی ڕاگەینراوی پێشوو ئەم کۆڕە تەرخان کرابوو بە "ڕێوڕەسمی کرانەوەی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد" هەر بۆیەی سەرەتای کۆڕەکە بەڕێزان قاسم موئەییەدزادە و ڕەسوڵ ڕەش ئەحمەدی بە هەڵپاچینی ڕووبانی سوور دەرگای بنکەکەیان کردەوە. پاشان شەویار گولابیئازەر بە خوێندنەوەی شێعرێکی خاتوو مریەم قازی کۆڕەکەی دەست پێکرد. هەرمان وەتمانی وەک بەرپرسی ئەنجومەن بەخێرهاتنی هەموو میوانان و ئەندامانی بنکەی کرد و خۆشحاڵی خۆی لەهەمبەر ئەم ڕۆژە پیرۆزە دەربڕی. لەم کۆڕەدا چەند کەس لە سەر ڕەوتی پێشووی ئەنجومەنی ئەدەبی و ڕێگەی داهاتووی بنکەی موکریانی مەهاباد دوان کە سەرەتا سولەیمان محەممەدیانی نوێنەری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی مەهاباد بە شی کردنەوەی چوارچێوەی دەسەڵات و چالاکییەکانی ئەم بنکەیە بەڵێنی ئەوەی دا کە لە پێناوی خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی ئەوەی لە دەستیان بێت کەمتەرخەمی نەنوێنن. پاشان ئەحمەد بەحری سەردەبیری گوڤاری مەهاباد لە چەند خولەکێکدا وتەکانی ئاڕاستەی بەشداربووان کرد و لە بەشێک لە وتەکانیدا داوای لێک تێگەیشتنی دوو بەرەی پێشوو و ئێستای هێنایە بەرباس و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ ئەم ناوەندە خواست. بەڕێزان عەزیز وەلیانی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مەهاباد و دکتور خالەق جەلیلنیژادیش هەر کام بە نۆرە لە سەر هەوڵ و تێکۆشانی بەرەی نوێ دوان و زمانی نەتەوەیی و ئاماژە بە کارنامەی زێڕینی تێکۆشەرانی ئەم ناوەندە لە وتەکانیاندا جێ تێڕامان بوون. پاشان ئەندامانی دامەزرێنەری بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد جەلال پوورحەسەن و غەفوور پیرزادە هەر کام بە نۆرە سوپاس و پێزانینی خۆیان دەربڕی بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لە پڕۆسەی بەتۆمار گەیاندنی ئەنجومەن هەوڵ و تێکۆشانیان هەبوویە و هەروەها داوایان لە بەرەی ڕابردوو و بەساڵاچوو کرد کە جارێکی تر لە کۆڕی حەفتانەی ئەم ناوەندەدا بەشداری چالاکانەیان هەبێت و ببنە مایەی دڵگەرمی بەرەی نوێ بۆ خزمەتی هەرچی زیاتر بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی گەل و نیشتمان. دواتر چەند خولەکێک پشوودن ڕاگەینراو و میوانداری لە بەشداربووانی کۆڕەکە کرا. بەڕێزان قاسم موئەییەدزادە و عەبدوڵڵا گولابی هەر کام بە خوێندنەوەی دوو شێعر کۆڕەکەیان زیاتر ڕازاندەوە و سرنجی ئامادەبوانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. پاشان کۆڕەکە بە گرتنی وێنەی یادگاری و لە کەش و هەوایەکی دۆستانەدا کۆتایی پێهات.

پایزە شێعری مەهاباد



ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ۱ی خەزەڵوەری ساڵی ۹۲ ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد لە ساڵۆنی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ئەم شارە ئێوارە کۆڕێکی لە ژێر ناوی "پایزە شێعر" بۆ شاعیرانی هاوچەرخی مەهابادی پێکهێنا.

سەرەتای کۆڕەکە پێشکەشکاری بەتوانا "پێژمان ئیسماعیلنیژاد" لە لایەن خۆی و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەن بەخێرهاتنی هەموو بەشداربووانی کۆڕەکەی کرد بە تایبەت شووڕای شار، نوێنەرایەتی شارەدار، دەبیری کۆمیسیونی فەرهەنگی شووڕا و سەرجەم شاعیران و هۆگرانی وێژە و ئەدەبیی کورد. پاشان داوای لە ئەندامی بەڕێزی ئەنجومەن "هیوا قارەمانی" کرد بۆ ئاڕاستە کردنی پەیامی ئەم ناوەندە. گرووپی هاژەی موکریان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان: ئەرسەلان قانعزادە بە ئامێری تونبەک، ئەمیر ڕەحمەتی بە ئامێری عوود، ڕامین ڕەبیعی بە ئامێری سەنتوور، بابەک کەدخودا بە ئامێری ویولۆن، بەهمەن مەولوودی بە ئامێری شمشاڵ، سابیر قەلەندەری گۆرانی بێژ.

لە سەرەتای کۆڕەکەدا بۆ ماوەی ۲۰ خولەک چەند ئاهەنگێکیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد. پاشان پیشکەشکاری سەرەکی کۆڕەکە ڕایگەیاند کە کۆڕی پایزەی شێعری ئەمجار لە چوار پاڕ پێکهاتووە و وەک پاڕی یەکەم بۆ خوێندنەوەی شێعر ناوی ئەو بەڕێزانەی ڕاگەیاند، هەروەها دەورگێڕی ئەم پاڕە هەرمان وەتمانی بوو و بەڕێزان ڕەحمان پەناهەندە بە ئامێری فلووت، جەلال هەیبەتی بە ئامێری هارمۆنیکا و عەلی شەریفی بە ئامێری گیتار هاوڕێیەتی شاعیرانیان کرد:

عەزیز فازلی، گەلاوێژ بەیگ نیا، زانکۆ خەلیفە، ئەبووبەکر عەزیزان، مەحموود محەممەدیان، سالار ڕاهەوی، کەریم خزری، جەلال ئەحمەدی

لە پاژی دووەمدا بە دەورگێڕی شەویار گولابیئازەر و هاوڕێیەتی ژەنیاری پیانۆ دیاکۆ وەتمانی ئەم بەڕێزانە شێعریان ئاڕاستە کرد: قاسم موئەییەزادە، ڕەسوڵ کەریمی، سەییدسمایل شآهۆیی، حوسێن حەیدەرپوور، قاسم تاباک، هەژار ئیوەر، هاجەر پەرویزنیا، جەلال پوورحەسەن


لە بەشی سێیەمدا بە دەورگێڕی هەرمان وەتمانی و هاوڕێیەتی ژەنیاری باغڵەمە سۆران پوورعەلی موکری ئەم شاعیرانە شێعریان خوێندەوە: ناسر ئاغابرا، عەبدوڵڵا گولابی، ڕەسوڵ ئامادەپوور، محەممەد فەهیمی، رویا ئاسیابان، سولەیمان پیرۆتی، ڕەسوڵ ڕەشئەحمەدی، ڕەحیم سوڵتانی

لە دوای پاژی سێیەم چەند خولەکێک پشوودان ڕاگەیندرا و لەم ماوەیەدا بە شیرینی و ئاومیوە میوانداری لە بەشداربووان کرا. پاشان پێژمان ئیسماعیلنیژاد هاتەوە سەر تریبوون و ناوی بەشداربووانی پاژی چوارەمی بە دەورگێڕی شەویار گولابیئازەر و ژەنیاری پیانۆ دیاکۆ وەتمانی ڕاگەیاند: سەیید سمایل بەرزەنجی، سامان ئەحمەدزادە، مامۆستا مەلا عەلی قادرپوور، فەرهاد سالّحی فەڕ، ناسر مینا، قادر نیازی، حوسێن ڕەحیمی، محەممەد ئەسەدی

لە دوابەشی بەرنامەکەدا بەڕێزان کامران یەزدانفەڕ ئەندامی شووڕای شار، سەلاح پایانیانی دەبیری کۆمیسیونی فەرهەنگی شووڕا، سولەیمان محەممەدیانی نوێنەرایەتی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد، حاجی جەلال وەتمانی بەرپرسی مەجمەعی ئوموری سێنفی مەهاباد، مامۆستا مەلا عەلی قادرپوور، ئاغای مەولوودپوور، عومەر ڕەسوولّی، عەلی ڕێبوار و نوێنەرایەتی کتێبخانەی ڕووناکی موکریان هاتنە سەر سێن و ڕێزنامەی شاعیران و هونەرمەندان و ئیسپانسێر و یارمەتیدەرانی بەرنامەیان پێشکەش کرد و بەم جۆرە کۆڕیکە لە کەشوهەوایەکی شاعیرانەدا کۆتایی پێهات.

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد پڕ بە دڵ سوپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستەی سەرجەم ئەو بەڕێزانە دەکات کە هەر کام بە جۆرێک لە پێکهێنانی ئەم کۆڕەدا دەوریان هەبووە بە تایبەت بەڕێز سامان ئیرەمی کە ئەرکی دیکۆڕ و نووری بەرنامەی لە ئەستۆ بوو، کاک هیوا قارەمانی کە نووسینی پەیامی ئەنجومەنی وەئەستۆ گرت، کاک غەفوور پیرزادە کە ماندوویی نەدەناسی و بە گیان و دڵ تێدەکۆشی، کاک سەلاح پایانیانی کە پشتیوانمان بوو، شارەداری خۆشەویست موهەندیس کوردستانی و بەرپرسی مەجمەعی ئوموری سێنفی حاجی جەلال وەتمانی، خاتوو سەحەر مێهرەبانی، کاک سەلاح خزری، فەوزییە یاهوو، شۆڕش مەحموودی، سالار ڕاهەوی، پێژمان ئیسماعیلنیژاد، ئومید خاکپوور، ئیبڕاهیم ئیبڕاهیمی و سەرجەم ئەندامانی خۆشەویستی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد.

رۆڵی هەیەجان لە ئەدەبیاتی منداڵاندا



یەکەمین کۆبەندی مانگانەی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد رۆژی ۱۳ی خەرمانان ۱۳۹۲ لە سالۆنی ئامفیتەئاتربەڕێوە چوو. بەپێی بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەن لە دوای کۆڕە ئاسایییەکانی خۆی، بڕیار درا مانگێ جارێک کۆڕی کۆبەندی لە کارەکانی هەر یەک لە ئەندامان یان نووسەرانی داخوازی خۆی لە سالۆنی ئامفی تەئاتر بەڕێوە ببات کە لە یەکەم کۆڕی دیاریکراودا بە دەستپێشخەری ئەندامی کارامە و چالاکی ئەنجومەنبەڕێز یاقووب خزری؛ نووسەر، لێکۆڵەر و ڕەخنەگری ڕەواننناس بە بەشداری تاقمێک لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەدەبی کوردی لە ڕێکەوتی ناوبراودا بەڕێوەچوو. سەرەتای کۆڕەکە شێعری بارگەی یاران لە شاعیری نەمر هێمن خوێندرایەوە و دواتر پێشکەشکاری بەرنامە شەویار گولابیئازەر دوای بەخێرهاتنکردنی بەشداربووان، بە سووکەڵەئاورێک لە کارەکانی بەڕێوابەرایەتی نوێی ئەنجومەن ڕەوت و چالاکییەکانی چەند مانگەی ئەم ناوەندەی هێنا بەرباس و شرۆڤە و دواتر بە ناوی ئەنجومەن، ئەندامان، نووسەران و لایەنگرانی وێژە و هۆنەری شار پیرۆزبایی خۆیان پێشکەشی شارەدار و دڵسۆزانی فەرهەنگ و هۆنەر کرد بە بۆنەی پەردە لادان لە سەر مالّی مامۆستا هێمن و تەرخانکردنی وەک موزەی هۆنەرسەرای هێمن لەو شارەدا و بە هەنگاوێکی پیرۆزی هێنایە ئەژماردن. لە درێژەی باسەکەدا شەویار ئاماژەی بە کورتەباسێک لە ژیان و چالاکییەکانی بەڕێز یاقووب خزری کرد و کۆڕەکەی ئەسپاردە دەستی ناوبراو هەتاکوو لە ماوەی دیاریکراودا بتوانێ لە شیکاری و شرۆڤەی بابەتەکانی خۆی بلوێ و ئامانجی کۆنفرانسەکە بپێکێ. بەڕێزیان ڕۆڵی هەیەجان (هەڵچوون و داچوون)ی لە چیرۆکی منداڵاندا خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بە هێنانەوەی چەن وێنەیەک لە چیرۆکە ناسراوەکان، ڕەخنە و بۆچوونە گرینگەکانی ڕەواننناسی کردە بەربژێری نووسراوەکەی خۆی و لە کۆتاییدا ئامانجی خۆی لە ئاراستەکردنی بابەتی ئەم کۆنفرانسە دەربڕی و درێژەی کۆڕەکە تەرخان کرا بە پرسیار و ڕاوبۆچوونی بەشداربووان. پاشان تا ئامادەکردنی پرسیارەکان، شەویار کۆپلەیەکی لە شێعری ڕۆژ هەڵەبجەیی و هەروەها شێعری "هێندێک کات بۆ هێندێک ڕەوایەت" لە پێنووسی یاقووب خزری خوێندەوە و دواتر تریبوون ئەسپێردرا بە بەڕێزان؛ خاتوو مریەم قازی نووسەر و ڕەخنەگر، سەحەر مێهرەبانی چیرۆکنووس لە بواری منداڵاندا، هەتاکوو سرنج و ڕاو پێشنیارەکانی خۆیان لەم بارەوە ئاراستە بکەن و پرسیارەکان بەرەو ڕووی ئاراستەگەری کۆنفرانس بکەنەوە و گوێبیستی ولّام لە یاقووب خزری ببنەوە کە بەڕێزیان بە زانستی هەرچی زیاترەوە ولّامی تاقمێک لە پرسیارەکانی داوە و پاشان لە لایەن ئەنجومەن ئەدەبییەوە ڕێزنامەیەک بە دەستی بەڕێزان؛ سەید سمایل بەرزەنجی، مریەم قازی و مەنسوور حامیدی پێشکەشی ناوبراو کرا کە پێزانینێک بوو لە هەمبەر هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و دڵسۆزانەی چەن ساڵەی خزری لە پێناو گەشاندنی ئەنجومەن ئەدەبیدا.

خوێندنەوەیەک بۆ نماد لە شایی و هەڵپەڕکێی کوردیدا



بە پێی ڕاگەیەنراوی پێشووی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ١٧ی ڕەزبەر کاتژمێر ٤ی ئێوارە لە شوێنی سالۆنی شانۆی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی شاری مەهاباد کۆنفرانسێک لە ژێر ناوی "خوێندنەوەیەک بۆ نماد لە شایی و هەڵپەڕکێی کوردیدا" بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە شاعیران، نووسەران و لێکۆڵەرانی بواری فەرهەنگ و کلتووری کوردی لە لایەن ئەندامی ئەنجومەن "قاسم تاباک" بەڕێوە چوو.

سەرەتای کۆڕەکە پێشکەشکاری بەرنامە بەڕێز ڕەسوڵ ئامادەپوور بە ناوی ئەنجومەن و لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی بەخێرهاتنی هەموو میوانانی کۆڕەکەی کرد و هیوای ئەوەی خواست کە ئەم هەنگاوانە هەوڵێک بن بۆ بە زانستیتر کردنی کۆڕەکانمان و هەروەها ڕێزگرتن لە داب و نەریت و کەسایەتییەکانمان تا ئەو کاتەی کە لە ژیان دان و زیندوون. پاشان باسێکی کورتی لە ژیان و بەرهەمەکانی قاسم تاباک هێنایە گۆڕ و ئەمجار کۆڕەکەی بەوی ئەسپارد.

قاسم تاباک هاتە پشت میزی کۆنفرانس و وتەکانی لە ٥٠ خولەکدا ئاڕاستە کرد کە لەم کۆنفرانسەدا خوێندنەوەیەکی وردبینانەی هەبوو لە سەر هێندێک لە نمادەکان وەک خەنەبەندان، تارای بووک، ئاڵقەی دەسگیرانی، پشتێندبەستنی بووک، سێو هەڵاویشتن، ئاوینە و شەمدان، ڕەنگی جل و بەرگ و... پاشان بەڕێزان محەممەد ئەسەدی، ئەحمەد بەحری، سەییدعەبدوڵڵا سەمەدی، عەبدولقادر نیازی، هاجەر پەرویزنیا، هیوا قارەمانی، غەفوور پیرزادە، ڕەحیم سوڵتانی، خالەق جەلیل نیژاد و... پرسیارەکانی خۆیان ئاڕاستەی کاک قاسم تاباک کرد و ڕاوبۆچوونی خۆیان لەمەڕ کۆنفڕاسەکە و وتەکانی ئەو بەڕێزە دەربڕی و لە درێژەدا ئەویش بە نۆرە وڵامی هەر کام لە پرسیارەکانی داوە.

لە دوا بەشی کۆڕەکەدا ڕێزنامەی ئەو ناوەندە بە بۆنەی تێکۆشانی چەند ساڵەی کاک قاسم تاباک لە ئەنجومەن و هەروەها هەوڵی بێوچانیان بۆ نووسینەوە و بە تۆمار گەیاندنی هێندێک لایەنی کلتووری و چەند کۆنفرانس لە ماوەی ئەم ساڵانی دواییدا لە لایەن بەڕێزان: عەزیز وەلیانی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مەهاباد، ڕەحیم سوڵتانی بەرپرسی ناوەندی فێرکاری سۆما، سەیید عەبدوڵڵا سەمەدی نووسەر و لێکۆڵەری بواری فەرهەنگ و کلتوور، حوسێن حەیدەرپوور شاعیر، سەییدسمایل شاهۆیی شاعیر و خاتوو فەوزییە یاهوو نووسەر، پێشکەشی کرا.

"ڕێبوار"

سائەهایە من ڕێبوارم

ڕێبواری ڕێی جێ پێ نەدیو

زەوی و زەمان بوو بە جێپێم

بەڵام ئێستاش کە ئێستایە

هەر ڕێبوارەکەی جارانم.

جەعفەر خزرپوور ئەقدەم "هەتاو"

هەولێر کتێب